# رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (412) دووشەممە 2016/6/13 – 23ی جۆزەردان – 2716 (750) دینار


## باندەکەی دهۆک 60 پارچە زەوییان وەرگرتووە

**رووداو– دهۆک**

لەسەر وەرگرتنی زەوی بە ناوی کەسوکاری شەهیدانەوە لە شاری دهۆک، سێ کەس لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکران. بەرپرسێکی حکومی دەڵێت، تاوەکو ئێستا 23 پارچە زەوی کە بە گەندەڵی وەرگیراون، حیجز کراون. بەڵام مەزەندە دەکات ئەو زەوییانەی بە فرۆفێڵ وەریانگرتوون 60 پارچە زەوی بن. بەرپرسەکە دەڵێت کچێک کە لەگەڵ ئەو سێ کەسە دەستی هەبووە "تاوەکو ئێستا 10 پارچە زەوی وەرگرتووە، دوویان بە ناوی خۆی، سێ لەسەر ناوی دایکی، پێنجیش لەسەر ناوی داپیری. هەموو ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی کچی شەهیدە".

هەر ئەو سێ کەسە کە یەکێکیان بەرپرسی بەشە لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پارچە زەوییەکیان لەسەر ناوی ژنێک وەرگرتووە کە تەمەنی 91 ساڵە و گوایە دایکی شەهیدە، کەچی دەرکەوتووە دایکی شەهید نییە.

عومەر ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی سێمێل کە زەوییەکان لە فەرمانگەکەی ئەو تۆمارکراون، دەڵێت "پێشتر لێژنەیەکی سێ لایەنی هەبوو بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان، بەڵام وەک رێزگرتن و کارئاسانی ئەو لێژنەیە نەما، تەنیا ناوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان دراونەتە پارێزگا و ئەوانیش زەوییەکانیان دیاری کردووە".

2 »



**محەممەد رەئووف**

### کەرکووک و چەند قسەیەکی راشکاوانە

22

### پارتی ئامادەیە لەگەڵ یەکێتی پەرلەمان کارا بکاتەوە

4

### دەنگی داعش لە بەردەڕەش و ئاکرێ زوڵاڵە

2

بەپێی راپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان:

# تەنیا یەک کەس کڕیار بۆ نەوتی کوردستان دەدۆزێتەوە ئەویش لە لەندەنە



### خاوەن بڕوانامەی زمانی کوردی و دیراساتی ئیسلامی کارمەندی وەزارەتی نەوتن

« 3

د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکووک بۆ (رووداو):

# قەناعەتم بە بەرپرسانی کورد هێناوە کە کەرکووک لە بەغدا دووربخرێتەوە




« 5



### ساڵێکە گۆڕی بۆ خۆی هەڵکەندووە و دەڵێت 19 ساڵە مردووم

15



## بەڕێوەبەری سایلۆی ڕۆڤیا دەستگیردەکرێ

**تەیار عادل گۆران / ڕووداو- بەردەڕەش**

بە تۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل، هەفتەی ڕابردوو سێ فەرمانبەری سایلۆی ڕۆڤیای سەر بە قەزای بەردەڕەش دەستگیرکران.. سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەردەڕەش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند سێ فەرمانبەری سایلۆی ڕۆڤیا لە بەرامبەر ئاسانکاری بۆ نۆرەبڕینی جوتیارێک و وەرگرتنی گەنمەکەی بە پلە یەک، بڕێک پارەیان لە جوتیارەکە وەرگرتووە، ئەوەش دەچێتە خانەی بەرتیل وەرگرتن، هەر بۆیە دەستگیرکراون. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) دوای دەستگیرکردنی ئەو دوو فەرمانبەرە، ڕۆژی 2016/6/12 بەڕێوەبەری سایلۆکەش بە هەمان تۆمەت دەستگیرکراوە.

# دەنگی داعش لە بەردەڕەش و ئاکرێ زوڵاڵە

**تەیار عادل گۆران**
**ڕووداو- بەردەڕەش**

ماوەیەکە دوو ڕادیۆی داعش کە بارەگایان لە مووسڵە، پەخشیان دەگاتە دەوروبەری هەردوو قەزای بەردەڕەش و ئاکرێ و خەڵک بە ڕوونی گوێی لە دەنگوباسەکانیان دەبێت. بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت ئاگاداری ئەوەن و بەدواداچوونی بۆ دەکەن.

پەخشی ڕادیۆکانی داعش زۆربەی کات بە زمانی عەرەبییە، بەڵام هاووڵاتیانی ناوچەکە دەڵێن چەند جارێک گوێیان لێبووە بە زمانی کوردیش پەخشیان کردووە.

(ڕووداو) قسەی لەگەڵ چەند دانیشتوویەکی بەردەڕەش کرد، هەندێکیان بێ ئاگایی خۆیان نیشاندا، هەشبوو دەیگوت گوێی لە ڕادیۆی داعش بووە، بەڵام لە ترسی هێزە ئەمنییەکان ناوێرن باسی بکەن.

لە شوێنە بەرزەکاندا پەخشی ڕادیۆکانی داعش زۆر ڕوونە، بە تایبەتی لەناوچەی کەمپی ئاوارەکان لە بەردەڕەش کە ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی مووسڵ و دەوروبەری تێدایە.

ئیسماعیل، ناوی خوازراوی دانیشتوویەکی بەردەڕەشە، دەڵێت بەڕێکەوت لە نێو ئۆتۆمبێل ميللی ڕادیۆکەی گۆڕیوە و کەوتووەتە سەر ڕادیۆکەی داعش. ئیسماعیل گوتی "ڕادیۆکە باسی شەڕەکانی دەکرد لەگەڵ پێشمەرگە". ئێستا ئیسماعیل یەکێکە لە گوێگرانی ڕادیۆکەی داعش و دەڵێت "ماوە ماوە لەنێو ئۆتۆمبیل دەیخەمە سەر ئەو ڕادیۆیە بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕووداوەکانی نێو شاری مووسڵ بم".

(ڕووداو) پەیوەندی بە بەرپرسانی دەڤەرەکەوە کرد سەبارەت بە پەخشی ڕادیۆکە، بەڵام بێ ئاگایی خۆیان لە هەبوونی پەخشەکە دەربڕی.

محەممەد، یەکێکی دیکەیە لەوانەی گوێی لە ڕادیۆی داعش بووە، پێیوایە ئەو ڕادیۆیە مەترسییەکی زۆری بۆ سەر هاووڵاتیانی ناوچەکە هەیە، چونکە زۆرجار پەخشەکەیان دەبێتە کوردی.

محەممەد گوتی "من خۆم گوێم لێبوو بە کوردی باسی لادانی چەند مەلایەکی لە وتاردان دەکرد لە شاری هەولێر، دەیگوت حکومەتی کوردستان ڕێگا بە مەلایانی ڕاستگۆ نادات ڕاستییەکانی ئایینی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامییان بۆ باس بکەن".

هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هەماهەنگی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت ماوەی چەند ڕۆژێکە خەریکی لێکۆڵینەوەن لەو بابەتە و دەڵێت "گەیشتنی پەخشی ڕادیۆی داعش بە ئاکرێ و بەردەڕەش مەترسییە بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە و هاووڵاتیانی ناوچەکە، هەرچی زووترە دەبێت ئەو بابەتە چارە بکرێت".

قەزای بەردەڕەش تەنیا 25 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری مووسڵ دوورە، تاوەکو ئێستا 14 کەسی شارۆچکەکە چوونەتە ڕیزەکانی داعش.




# دهۆک.. بەناوی شەهیدێک 10 پارچە زەوی وەرگیراوە

**عوبەید ڕەشاڤەیی**
**ڕووداو- دهۆک**

لەسەر وەرگرتنی زەوی بە ناوی کەسوکاری شەهیدانەوە لە شاری دهۆک، سێ کەس لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون و دواتر ڕەوانەی پۆلیس کراون. بەرپرسێکی حکومیش ئاشکرای کرد، تاوەکو ئێستا 23 پارچە زەوی کە بە گەندەڵی وەرگیراون، حیجز کراون. ناوی ژنێکی تەمەن 91 ساڵ لەناو ئەوانەدایە کە گوایە کوڕەکەی شەهید بووە و لەسەر ئەو بنەمایەش زەوی وەرگیراوە، بەڵام کوڕی ئەو ژنە شەهید نییە.

ڕۆژی 2016/5/11 کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دهۆک لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە دەستگیرکرا. نەسرەت بادی، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە دهۆک دەڵێت "ئەو کارمەندە لەلای ئێمە بەڕێوەبەری بەشێک بووە کە کاری هەماهەنگی نێوان بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لەگەڵ فەرمانگەکانی حکومەت بوو".

بەرپرسێکی حکومی کە ئاگاداری دۆسیەکەیە بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا 23 پارچە زەوی ساخ بوونەتەوە کە بە ناوی وەهمی لەلایەن سێ کەسەوە وەرگیراون".

ئەو بەرپرسە کە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە پێی باش نەبوو ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێت "کچێکی دیکە کە کارمەندە، 10 پارچە زەوی وەرگرتووە، دوویان بە ناوی خۆی، سێ لەسەر ناوی دایکی، پێنجیش لەسەر ناوی داپیری. هەموو ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی کچی شەهیدە و لەگەڵ ئەو سێ کەسە دەستی هەبووە".

(ڕووداو) زانیویەتی ئەو سێ کەسەی دەستگیرکراون یەکێکیان بەڕێوەبەری بەشێکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان، یەکێکیان نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەی هەیە و سێ پارچە زەوی وەرگرتووە، لەگەڵ هاووڵاتییەکی دیکە.

### تەمەنی 91 ساڵە
### بە گەندەڵی زەوی وەرگرتووە

سەرچاوەکەی (ڕووداو) باسی هەندێک فێڵی ئەو تۆمەتبارانە دەکات و دەڵێت "ئەو تۆمەتبارانە نووسراوی فەرمییان بە ناوی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە بە مۆر و ئیمزای بەڕێوەبەری گشتی بردووە بۆ پارێزگای دهۆک. دواتریش بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانی، ئینجا شارەوانیی فایدە، هەمووشیان لەبەر ئەوەی ناویان لە لیستی کەسوکاری شەهیداندا هەبووە، کارئاسانییان بۆ کراوە، ئەو کەسانەش ئیستغلالی ئەوەیان کردووە، تا ئەو ڕادەیە پارچە زەوییەکیان لەسەر ناوی ژنێک وەرگرتووە کە تەمەنی 91 ساڵە گوایە دایکی شەهیدە، زەوییەکەی پێدراوە و لەسەریشی تاپۆ کراوە، کەچی دەرکەوتووە دایکە شەهید نییە".

عومەر ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی سێمێل کە زەوییەکان لە فەرمانگەکەی ئەو تۆمار کراون، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشتر لیژنەیەکی سێ لایەنی هەبوو بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان، بەڵام وەک ڕێزگرتن و کارئاسانی ئەو لیژنەیە نەما، تەنیا ناوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان دراونەتە پارێزگا و ئەوانیش زەوییەکانیان دیاری کردووە".

بەڕێوەبەری تاپۆی سێمێل گوتیشی "کە لیستمان بۆ دەهات لە شارەوانی، هەموو بەڵگەی پێویستی لەگەڵ بوو، بۆیە گومانمان بۆ دروست نەدەبوو، بەڵام کە هەستمان کرد چەند کەسێک دێن بۆ چەندیجار خەریکی مامەڵەن بەنێوی کەسوکاریان، ئیدی گومانمان بۆ دروستبوو". سەرچاوەکەی ڕووداو مەزەندە دەکات 60 پارچە زەوی بەو جۆرە وەرگیرابن، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا 23یان ساخ بوونەتەوە.

# پۆلیسەکەی زاخۆ لەسەرچی دەستگیرکرابوو؟

## سەرچاوەیەک: لەسەر کۆمێنتێکی فەیسبووک

## بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک: لەسەر ناڕێکی جلوبەرگەکانی



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

پۆلیسێکی هاتوچۆ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ دەستبەسەر دەکرێ، بەڵام چیرۆکی جۆراوجۆر لەسەر گیرانەکەی باس دەکرێ، هەندێک دەڵێن لە فەیسبووک کۆمێنتی لەسەر وێنەی کارگێڕێکی لقی پارتی لە دهۆک نووسیوە و لەسەر داوای ئەو دەستبەسەر کراوە، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک دەڵێت "لەسەر جلوبەرگ دەستگیرکراوە".

مەسعود نەسرەدین، پۆلیس لە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی قەزای زاخۆ ماوەیەک لەمەوبەر کۆمێنتێکی لەسەر وێنەی (ساڵح حەیدەر) کارگێڕی لقی هەشتی پارتی نووسیوە کە لە پەیجێکدا بڵاوکرابووەوە. ڕۆژی 2016/6/9 مەسعود نەسرەدین دەستگیرکرا و ڕۆژی 12ی مانگیش ئازاد کرا.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری ئەو بابەتەیە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو پۆلیسە دوای ئەو کۆمێنتە دەستگیرکرا، دەستگیرکردنەکەشی لەسەر داوای کارگێڕ لقەکەی پارتی بوو لە زاخۆ، کەچی ئێستا دەڵێن لەسەر ناڕێکیی جلوبەرگەکەی دەستگیرکراوە، هەر کەسێک وێنەی ئەو پۆلیسە ببینێ دەزانێت جلوبەرگەکانی چەند ڕێکوپێکن".

سەرچاوەکە ئەو کۆمێنتەی ئاشکرا کرد کە پۆلیسەکە لەسەر وێنەی کارگێڕ لقەکەی پارتی لە پەیجێکی فەیسبووک نووسیبووی و گوتی "لەسەر وێنەکەی نووسیبوو: ئەف گەندەلە زالمن، کەنگی دێ بەلا وان ژ مە ڤەبیت".

مەلا نەسرەدین زاخۆیی، باوکی مەسعود سەرسوڕمانی خۆی لە دەستگیرکردنی کوڕەکەی نیشاندا و گوتی "کوڕەکەم بەبێ ئاگاداری ئێمە دەستگیرکراوە، ئێستاش نازانم لەسەرچی دەستگیرکراوە، ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەس نییە".

عەمید فەخرەدین ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی دهۆک ڕەتیکردەوە کە ئەو پۆلیسە لەسەر کۆمێنتی فەیسبووک دەستگیر کرابێت و دەڵێت "لە نووسراوەکەدا دیارە کە لەسەرچی دەستگیرکراوە، ئەو پۆلیسە لەسەر پابەند نەبوون و ناڕێکی جلوبەرگەکانی دەستگیرکراوە". گوتیشی "ئەو سزایانە سزای ئیدارین و هیچ پەیوەندییان بە شتی حیزبی و تایبەتەوە نییە".

ساڵح حەیدەر، کارگێڕی لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە زاخۆ کە دەگوترێ داوای دەستگیرکردنی ئەو پۆلیسەی کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستیەکەی پێنج مانگ پێش ئێستا ئەو پۆلیسە کە ئەندامی پارتییە، بانگم کرد کە بەس ئەو جۆرە کۆمێنتانە بنووسێ، من تەنیا ئامۆژگاریم کرد کە ئەو ئەندامێکی پارتییە، بەڵام من بە هیچ شێوەیەک داوام نەکردووە دەستگیر بکرێ".

# لە دوو هەفتەدا دوو منداڵ لە زاخۆ و دهۆک شوێنبزر دەبن





**ناسر عەلی**
**ڕووداو- زاخۆ**

لەماوەی دوو هەفتەدا دوو منداڵی خوار تەمەن هەشت ساڵی لە دهۆک و زاخۆ ون دەبن و هەتا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە، کەسوکاری ئەو دوو منداڵە داوا لە بەرپرسانی شارۆچکەی زاخۆ دەکەن، سۆراغی منداڵەکانیان بکەن. بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی پارێزگای دهۆکیش دەڵێت ونبوونی منداڵان شتێکی ئاساییە و بەدواداچوون دەکەن.

ڕۆژی 2016/5/26 منداڵێکی دانیشتووی قەزای زاخۆ بەنێوی ئیبراهیم داخاز ئیبراهیم، تەمەن حەوت ساڵ، لە گەڕەکی ڕکاڤای نوێ لە نزیک کەمپی جەمشکۆ ون بوو.

باپیری ئەو منداڵە باسی ونبوونی نەوەکەی دەکات و دەڵێت "ئێوارە بوو، لەماڵ دەرچوو، دوو کەس بینیویانە بەڕێگادا دەڕوات، تەنانەت لە کامێرای چاودێریی دراوسێیەکیشیان دەرکەوتووە، بەڵام کەس نازانێت بۆ کوێ دەچێت".

ئیبراهیم لە ڕێگای (ڕووداو)ەوە داوا لە لایەنە بەرپرسەکان دەکات بەهانایانەوە بچن و هاوکارییان بکەن بۆ دۆزینەوەی نەوەکەی. ئیبراهیم دەڵێت "هەر سەرەتا هێزە ئەمنییەکانمان ئاگادار کردەوە، هەر دەڵێن خەمتان نەبێت، بەڵام دوو هەفتە تێپەڕیوە و هێشتا نەدۆزراوەتەوە".

دوای ونبوونی ئیبراهیم، دوو ڕۆژ لەمەوبەر کچێکی دانیشتووی گەڕەکی سەرهەلدانی شاری دهۆک بەنێوی مینا مێڤان محەممەد کە تەمەنی تەنیا ساڵ و نیوێکە دیار نەما.

مێهڤان محەممەد باوکی مینا دەڵێت "داوا لە هەر کەسێک دەکەم کە زانیاری لەبارەی کچەکەم هەیە ئاگادارم بکاتەوە. من ناتوانم بەبێ کچەکەم بژیم، لەو ڕۆژەی بزر بووە خواردن و خەوم نەماوە و هیچ کارێکم پێناکرێت".

باوکی مینا ترسی لەوە هەیە کەسێک بە ئۆتۆمبێل لە کچەکەی دابێت و لە ترسی تۆڵەسەندنەوە یان وەرگرتنی پارە باسی نەکات. ئەو لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە گوتی "ئەگەر کەسێک کوشتبێتی، یان بە ئۆتۆمبێل لێی دابێت، بەس پێم بڵێت تەرمەکەی لەکوێیە، بەڵێن بێت لێی ببوورم".

ڕائید هێمن سلێمان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک، ونبوونی منداڵان بە حاڵەتێکی ئاسایی دەزانێت و دەڵێت "ونبوون شتێکی ئاساییە، زۆرجار منداڵ وندەبن و دواتر دەدۆزرێنەوە، ئێمەش وەکو پۆلیسی دهۆک لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا هەموو تواناکانی خۆمان خستووەتە گەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەو دوو منداڵە".

## یەکگرتوو ئەنجوومەنی بانگخوازی دەباتە دهۆک

**عوبەید ڕەشافەیی / ڕووداو- دهۆک**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەنجوومەنی بارەگای بانگخوازی پارتەکە کە ئەنجوومەنێکی نوێیە دەباتە دهۆک. غازی سەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی بانگخوازی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بڕیاردراوە بارەگای سەرەکی ئەنجوومەنی بانگخوازی لە شاری دهۆک بێت و چاوەڕێین دوای کوتایی هاتنی مانگی ڕەمەزان دەستبەکار ببن. بە گوتەی غازی سەعید ئەنجوومەنەکە لە سێ دەزگا پێکدێت ئەوانیش: دەزگای زانایان، بانگخوازی لەگەڵ دەزگای کاروباری کۆمەڵایەتی. ئەنجوومەنێکی بانگخوازی یەکگرتوو ئەنجوومەنێکی نوێیە و لە کۆنگرەی حەوتەمی ئەو حیزبە کە مانگی ڕابردوو لەشاری هەولێر بەسترا، بڕیاری لێدرا.

## بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان:

# تەنیا یەک کەس کڕیار بۆ نەوتی کوردستان دەدۆزێتەوە ئەویش لە لەندەنە

## نەوتی کوردستان لەنێو دەریا دەفرۆشرێ

## کۆمپانیایەک دەمانچە و کلاشینکۆف بە دیاری دەداتە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

## چوار ملیار دۆلاری ژینگە و دامەزراندن و ڕاهێنانی کارمەندان بۆ مەبەستی دیکە خەرجکراوە

## 68 پاڵاوگەی ناحیەی گوێڕ مۆڵەتیان نییە و کەچی نەوتی خاو لە وەزارەت وەردەگرن

## داهاتی ڕۆژانەی پاڵاوگە نایاساییەکان 160 ملیۆن و 750 هەزار دۆلارە

## خاوەن بڕوانامەی زمانی کوردی و دیراساتی ئیسلامی کارمەندی وەزارەتی نەوتن



**هیوا جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێچەوانەی ئەو قسانەی دەگوترێن کە کەس دەستی بە "جانتاکەی" ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان ناگات، دیوانی چاودێری دارایی ڕاپۆرتێکی پڕ لە وردەکاری لەبارەی کاری ئەو وەزارەتە ئامادە کردووە کە هەرچی هەڵە و کەموکووڕی و سەرپێچیی وەزارەتەکە هەیە، خستوویەتیەڕوو.

ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، پاڵپشت بە سێ فەرمانی دیوانەکە بە ژمارەکانی (139) لە 2014/10/14، ژمارە (157) لە 2014/10/26، ژمارە (78) لە 2015/1/29 ئامادەکراوە. ناوەڕۆکەکەی وردبینییە لە کار و چالاکییەکانی وەزارەت بۆ ساڵی دارایی 2013 و 2014.

لەو ڕاپۆرتەدا دەردەکەوێ کە چۆن لە هەندێ شوێن پارە بەدەر لە ڕێنماییە داراییەکان خەرج کراوە. ئەوەش ئاشکرا کراوە کە وەزارەت چەکی وەکو دەمانچە و کلاشینکۆفی بە دیاری لە کۆمپانیایەکی بیانی وەرگرتووە. هەر لەو ڕاپۆرتەدا چۆنیەتی فرۆشتنی نەوتی کوردستان ڕوونکراوەتەوە.

ڕاپۆرتەکە بە خەزنەی وەزارەت دەستی پێکردووە و دەڵێت "دوای وردبینی خەزنەکانی بەشی ژمێریاری و جەردکردنی پارە و پسوولەی خەرجییەکان، تێبینی کرا هیچ گوژمەیەکی نەقدی لەناو خەزنە نەمابووەوە".

هەروەها دەربارەی پێشینەی وەزیر لە 2014/10/15، ئەنجامی جەردکردنی خەزنەی تایبەت، گوژمەکان و بەراییەکان بەمشێوەیە بووە "لەخەرجیی 16 ملیۆن دینار پێشینە، گوژمەی 14 ملیۆن و 311 هەزار دینار خەرجکرابوو بەپێی پسوولە. گوژمەی ملیۆنێک و 689 هەزار دینار وەک نەقد لە خەزنەدا مابوو. کەواتە گوژمەی وەرگیراو لەگەڵ خەرجکراو یەکسان بوو".

### داهاتی وەزارەت

ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی وردبینی لە داهاتەکانی وەزارەت کردووە، داهاتەکانیش خراونەتە چەند حیسابێکی بانکی کە بریتی بوونە لە:

– ژمێرە حسابی (18) بە دۆلار، تایبەتە بە فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان وەک نەوتی خاو، نەفتاو، نەوتی ڕەش، کۆندسێنت و غازی (LPG)، پارەکە 828 ملیۆن و 558 هەزار و 117 دۆلار بووە.

– ژمێرە حیسابی (44) بە دۆلار، تایبەتە بەرێژەی بەکارهێنان و چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاو بانەکان بەبڕی (7$) حەوت دۆلار لە فرۆشتنی هەر تەنێک لە بەرهەمە نەوتییەکان کە بڕەکەی 47 ملیۆن و 161 هەزار و 580 دۆلار بووە.

– ژمێرە حیسابی (333) بە دینار، تایبەتە بە فرۆشتنی سووتەمەنی وەک بەنزین، گاز، نەوتی سپی، غازی شل، هەروەها سەرپێچییەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کۆیە. بڕەکەشی بریتی بووە لە 530 ملیار و 342 ملیۆن و 683 هەزار و 254 دینار.

### خەرجییەکانی وەزارەت

لە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی تایبەت بە خەرجییەکانی وەزارەتدا هاتووە "لە ئەنجامی بەراوردکردنی خەرجیی خەمڵێنراو لەگەڵ خەرجییە ئەنجامدراوەکان، جیاوازییەکی زۆر لە هەندێک برگەکان بەدیدەکرێ، ئەویش بەهۆی هەڵە خەمڵاندنی خەرجییەکان". دیوان داوا دەکات لە داهاتوودا ئەو خەمڵاندنانە بەشێوەیەکی زانستی بکرێ.

بەشێکی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی لەبارەی خەرجی جۆراوجۆری وەزارەتە و لەوێ تێبینی چەند شتێکی کردووە، لەوانە:

– بڕی 9 ملیۆن و 777 هەزار دینار بە دوو پسوولە لە 2013/7/3 و 2013/6/15 بۆ کرێی کارەبای 13 شوقە لە کۆمەڵگەی نازستی خەرجکراوە کە چەند کارمەندێکی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر تێیدا دەمێننەوە. ئەمەش بەپێی گرێبەستێک لە نێوان وەزارەت و فرۆکەخانەدا هەیە و گرێبەستەکە بۆ ماوەی چوار ساڵە. لە گرێبەستەکەدا خەرجی شوقەکان وەزارەت لە ئەستۆی گرتووە، بەڵام گرێبەستەکە بەبێ بەرامبەر کراوە و هیچ خاڵێکی دارایی تێدا نییە. بۆیە دیوانی چاودێری دارایی داوای ڕوونکردنەوە دەکات.

– لە یاداشتی ڕێگەپێدان ژمارە (0243481)، پارە بۆ ئیفادی (ئەحمەد ئیحسان ڕەشاد) بۆ ماوەی 13 ڕۆژ خەرجکراوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە سەرەتا نووسراوی ئیفادەکە پێنج ڕۆژ بووە، دواتر بە نووسراوێک گۆڕاوە بۆ 11 ڕۆژ، بەڵام لەکاتی یەکلاکردنەوەدا پێشینەکە بۆ 13 ڕۆژ ئەژمارکراوە. لەمەشدا دیوان داوای ڕوونکردنەوە دەکات.

– خەرجکردنی پاداشتی بە کۆمەڵ بۆ فەرمانبەران ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی داراییە. بۆ نموونە 6 ملیۆن دینار بە جارێک بۆ 45 کەس خەرجکراوە.

– بڕە پارەیەکی زۆر لە کارتی مۆبایل خەرجکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکوپێک واتە لیستێک نەکراوە بەناوی ئەو کەسانەی کە سوودمەند بوون لە وەرگرتنی ئەم کارتانە. بەشێوەیەکی گشتی پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی کارتی مۆبایل و ئینتەرنێت خەرجکراوە.

– تێبینی کرا پارەیەکی زۆر بۆ کرێی تاکسی بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت سەرف کراوە کە دوای دەوام هەر لەوەزارەت کاردەکەن، ئەمەش بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێنماییە داراییەکان کراوە.

### داهاتەکانی وەزارەت دەگوازرێنەوە بۆ بانکی ئەهلی

بەپێی ئەو وردبینیانەی دیوانی چاودێری دارایی بۆ داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی کردووە، دەرکەوتووە وەزارەت سەرجەم حیسابە بانکییەکانی لە بانکە حکومییەکانەوە گواستووەتەوە بۆ بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان کە بانکێکی ئەهلییە.

دیوانی چاودێری دارایی ئاماژە بە کەشفی بانکی فیدراڵ لە 2014/6/29 لە ژمێرەی حیسابی (60333) تایبەت بە داهاتی سووتەمەنی/ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکات کە بڕی 302 ملیار و 659 ملیۆن و 890 هەزار و 784 دیناری تێدا بووە و گواستراوەتەوە بۆ بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان بۆ ژمێرە حیسابی (5001563)، ئەمە جگە لە چەند حسابێکی دیکە کە لە بانکە حکومیەکان بوون و ژمارەیان نۆ حیساب بووە لە بانکی فیدراڵ، منارە، نیشتمان، باواجی، سەرهەڵدان و بانکی ئاشتی و بۆ بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان گواستراونەتەوە.

دیوانی چاودێری دارایی دەڵێت "ئەمە متمانە بە بانکە حکومییەکان کەم دەکاتەوە". هەروەها دەڵێت "سیستەمی بانکە حکومییەکان ناڕێکی و تەگەرەی زۆری تێدایە بە نووسراو داوامان کردووە چاک بکرێ". ڕاسپاردەشی کردووە بە دانانی بانکی حکومی نموونەیی.

### چەک بەدیاری دەدرێتە وەزارەت

دیوانی چاودێری دارایی وردبینی بۆ بەشی کۆگای وەزارەت کردووە و چەند تێبینییەکی لەسەر ئەو بەشە هەبووە لەوانە:

– گواستنەوەی کەلوپەلەکان لە نێوان هۆبەکان بێ ئاگادارکردنەوەی بەشی کۆگا و بەڕێوەبەری دیوان.

– کڕینی کەلوپەل بەبێ ئاگادارکردنەوەی لێپرسراوی کۆگا، دواتر بەفەرمان پێیان تۆمار دەکەن لە تۆماری کۆگا.

– مۆری وەزارەت تۆمار نەکراوە.

– لە بەشی کۆگا فایل بۆ ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەت نەکراوە.

– بوونی قاسەیەک لە کۆگا کە شەش دەمانچە و یەک ڕەشاشی تێدابووە و کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی بە دیاری داویەتی بە وەزارەت، دەمانچەیەک و ڕەشاشێک لە قاسەکە دەرهێنراوە و بە نووسراوی فەرمی دراوە بە داواکار، ئەوەی جێی سەرنجە پسوولەی دەمانچەکان پسوولەی مارکێتی بسکویت و چەرەزاتە.

– کڕینی 40 لاپتۆپ بۆ هەولێر و 40 لاپتۆپ بۆ دهۆک، بۆ مەبەستی کۆبوون لە کاتی قەیرانی بەنزین بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی کۆبۆن، بەڵام دواتر ئەم کارە هەڵوەشاوەتەوە و بڕیار دراوە کە ئەم لاپتۆپانە بگوازرێنەوە، بەڵام لە 40 لاپتۆپەکەی هەولێر، یەکێکیان نەگەڕێنراوەتەوە، لە دهۆکیش 17 دانە نەگەڕێنراونەتەوە. لاپتۆپەکانیش بەشێوەیەکی ناڕێک دابەشکراون. دیوانی چاودێری دارایی داوای پێکهێنانی لیژنەیەک دەکات بۆ گەڕاندنەوەی لاپتۆپەکان.

### پەیکەری وەزارەت کەموکوڕیی هەیە

بەشی خۆیەتی وەزارەت، یەکێکی دیکەیە لەو بەشانەی لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە وردبینی تێدا کراوە. دیوان چەند تێبینییەکی لەسەر ئەو بەشە هەیە:

– پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت بە نووسراوی ژمارە 2519 لە 2009/7/20 بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران نێردراوە، بەڵام ئەنجوومەن تاوەکو ئێستا وەڵامی نەداوەتەوە. پەیڕەوەکەش لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاونەکراوەتەوە.

– لە پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتدا هاتووە کە بەڕێوەبەری گشتی سانسۆری ناوخۆ، دەبێت دەرچووی کۆلێژی یاسا یان بەڕێوەبردن بێت و شارەزایی لە بواری دارایی هەبێت، کەچی دەرچووی بەشی کیمیایە و پسپۆڕی لە بواری داراییدا نییە.

لە بەشی هونەری و ئۆتۆمبێل تێبینی کراوە هەندێک لەو کەسانەی ئۆتۆمبێلی وەزارەتیان لەلا بووە و لەوێ نەماون، ئۆتۆمبێلەکانیان لەگەڵ خۆیان بردووە.

### بەشی گرێبەست بێ بەرپرسە

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی، ئەو بەشە لە پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتدا سەر بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئابووری و گرێبەستەکان)ە، بەڵام خودی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە تا ئێستا پێکنەهاتووە. بەپێی نووسراوی ژمارە (5618) لە 2009/12/31، بەشی گرێبەستەکان لەلایەن (سیروان ئەبوبکر عەزیز) ڕاوێژکاری وەزارەت بەڕێوەدەبرێت، بەڵام دوای ڕۆیشتنی ناوبراو لەو فەرمانگەیە، هیچ نووسراوێکی فەرمی نییە کە ئەم بەشە کێ لێی بەرپرسە.

**بەشی گرێبەستەکان ناڕێکییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت:**

– تەنیا دوو کارمەندی هەیە کە یەکێکیان گرێبەستە، ئەویدیکەش سەرۆکی بەشەکەیە، ئەمەش لەگەڵ خودی کار و فەرمانەکانی ئەم بەشە ناکۆکە، چونکە پێویستی بە فەرمانبەری زیاترە بۆ ڕێکخستنی ئیش و کارەکان.

– ئەو فەرمانبەرانەی لەم بەشە کاردەکەن توانای بەڕێوەبردن و ڕێکخستنیان لاوازە، ڕێکخستنی فایل و دۆسیەکان زۆر ناڕێکوپێکە و تێکەڵە. زۆر لە بەراییەکانی دۆسیەکان کە پێویستە لەم بەشە هەڵبگیرێت، یان لەم بەشە دەستناکەوێت یان بە ناڕێکی هەڵگیراوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی، 110 فەرمانبەری ئەو وەزارەتە مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە و لە کۆمپانیاکانی نەوت کار دەکەن. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە بڕوانامەی فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەت و بەشی تاقیگە کردووە و دەڵێت "لە کۆی 171 کارمەند، تەنیا 6 کارمەندیان بڕوانامەی ئەندازیاریی نەوتیان هەیە و ژمارەی ئەوانەی بڕوانامەی مێژوو، زمانی کوردی و دیراسەی ئیسلامییان هەیە، زیاترە لەوانەی بڕوانامەیان لە نەوتدا هەیە".

### گرێبەستی فرۆشتنی نەوت چۆن دەکرێ؟

ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی ئاماژەی بە چۆنیەتی گرێبەستی فرۆشتنی نەوتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ کۆمپانیاکان کردووە، کە لەو دوو ساڵەدا بەو شێوەیە بووە:

– کۆی گرێبەستەکان لەڕێگای ئیمێڵەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

– گرێبەستەکان ڕانەگەیەنراون و دعوەی ڕاستەوخۆ نییە.

– تەنیا کەسێک کڕیار دەدۆزێتەوە و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات و ئەولەویاتی کڕیارەکە بۆ وەزیر دەنێرێ.

### جۆری گرێبەستەکان

1- لە ڕێگەی تەنکەر: دوای ناردنی نەوتەکە بۆ ئەمباری کۆمپانیای وەسیت و ئیستلامکردنی لە لایەن کۆمپانیای ناوبراو، کۆمپانیاکە نەوتەکە دەفرۆشێ. پارەکەش ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆمپانیاکەوە دەدرێتە هەرێمی کوردستان، یان کڕیارەکە هەندێک لە پارەکە ڕاستەوخۆ دەدات بە هەرێمی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆمپانیای وەسیت. یان لەبەرامبەر بەشێک لە پارەکە، کۆمپانیای وەسیت سووتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکات (وەکو بەنزین و گازوایل) یانیش هەندێک پارە ڕاستەوخۆ دەدرێت بە کۆمپانیاکانی دابینکردنی نەوتە خاوە فرۆشراوەکە.

2- لە ڕێگەی کەشتی: دوای گەیشتنی نەوتەکە بە بەندەرەکان بڕی پارەکە بەمشێوەیە حەواڵە دەکرێت (50%ی دوای پێنج ڕۆژ، 50%کەی دیکەش دوای حەوت ڕۆژ).

3- لە ڕێگەی بۆڕی: لەم حاڵەتە لەڕێگای بۆڕی دەچێت بۆ بەندەری جیهان دواتر لەڕێگای کەشتی باردەکرێت کە لە حاڵەتی دووەم ڕوون کراوەتەوە، لەهەمانکاتدا بەشێک لەو نەوتە لەڕێگای بۆڕی دەچێت بۆ کۆمپانیای سۆمۆ.

**دیوانی چاودێریی دارایی چەند تێبینییەکی لەسەر ئەو گرێبەستانە هەیە:**

– زۆربەی ڕێککەوتنەکان لەڕێگای ئیمێڵە و بە زمانی ئینگلیزییە، دەبێت کۆپییەک لە بەراییەکانی کڕیارەکان هەڵبگیرێت و پەسەندکراو بێت و وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی یان عەرەبی.

– بەهیچ جۆرێک نرخی نەوت دیاری نەکراوە لە گرێبەستەکاندا، تەنیا وەزیر دەزانێت نرخەکەی چەندە، بۆیە ناڕوونییەک لە گرێبەستەکاندا بەدی دەکرێت و ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت.

– بۆ دۆزینەوەی بازاڕ یاخود کڕیار تەنیا کەسێک هەیە کە ئیعتمادی لەسەر دەکرێت، ئەویش لە لەندەن دادەنیشێ.

– دوای بارکردنی نەوتەکە لە کەشتی و گەیاندنی بۆ بەندەرەکان، کڕیار داوای کردووە دەبێت بەگوێرەی ڕێککەوتن دوای پێنج ڕۆژ بڕی پارەکە حەواڵەی حیسابی هەرێمی کوردستان بکرێت لە دەرەوەی وڵات (واتە حیسابی بانکی هەرێم لە دەرەوەی وڵات).

– چەند حاڵەتێک هەیە لەکاتی بارکردنی نەوت لە کەشتییەکان:

* حاڵەتی (STS) واتە (SHIP TO SHIP) ئەم حاڵەتە مەترسی تێدایە، چونکە لەناو دەریا نەوت دەفرۆشرێت.

* حاڵەتی (CIF) واتە (CHARTER INSURANCE FREIGHT) لەم حاڵەتە باخیرەکە دەبێت نەوتەکە ئیستلام بکات لەو بەندەری کە کڕیار لەگەڵ فرۆشیار لەگەڵی ڕێکەوتووە.

– لە حاڵەتی زەمان بۆ فرۆشتنی نەوت بە کڕیار، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەحەمولی هەموو بەرپرسیارێتیەکی یاسایی دەکات.

### چوار ملیار دۆلارەکە لە چیدا خەرجکراوە؟

بەپێی ئەو گرێبەستانەی لە نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی و کۆمپانیاکانی نەوت کراوە، وەزارەت ساڵانە گوژمەیەک پارەیان بۆ چەند مەبەستێک لێ وەردەگرێ. لەوانەش دامەزراندن، ڕاهێنانی کارمەند و سندوقی ژینگە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی، لەساڵی 2007-2014 بڕی 4 ملیار و 088 ملیۆن و 065 هەزار و 421 دۆلار لە کۆمپانیاکان وەرگیراوە "بەڵام ئەو گوژمەیە بۆ مەبەستی ئاماژە پێکراو لە گرێبەستەکان خەرج نەکراوە کە بۆ دامەزراندن، ڕاهێنانی کارمەندان و سندوقی ژینگە تەرخان کرابوو".

ڕاپۆرتەکە دەڵێت "پێویست بوو ئەو گوژمەیەی لە کۆمپانیا نەوتییەکان وەرگیراوە بۆ پاراستنی ژینگە لە خەزنەی ژینگە دابنرێت و بۆ بابەتی پاراستنی ژینگەیی خەرج بکرێت، بەڵام ئەم بڕە پارەیە لە بواری ژینگەدا خەرج نەکراوە، بەڵکو لە ژمێرەیەکی دیکەدا دانراوە و بۆ مەبەستی دیکە خەرجکراوە".

### 300 پاڵاوگەی ناسایی

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی زیاتر لە 300 پاڵاوگەی نایاسایی هەیە "ئەو پاڵاوگانە گشتیان مەرجەکانی بەکارهێنان، ئیشکردن و سەلامەتی و پارێزگاریی ژینگەیان نییە. زۆربەیان هیچ عەمبارێکی پێویستیان نییە بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەکانی پاڵاوتن لە پیساییەکان، گرنگی بە پاک و خاوێنی پاڵاوگە نادرێت، هەروەها سیستەمی ئاگرکوژێنەوەیان نییە".

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە 68 پاڵاوگەی بچووک کردووە لە ناحیەی گوێڕی سەر بە شاری هەولێر کە سەرەڕای ئەوەی ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیان نییە، بەڵام نەوتی خاو لە وەزارەت وەردەگرن.

ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی ئاماژەی بە توانای ئەو پاڵاوگە بچووکانە داوە و دەڵێت ڕۆژانە 160 هەزار و 705 بەرمیل نەوتیان پاڵاوتووە، ئەگەر هەر بەرمیلێکیان بە 100 دۆلار فرۆشتبێ ئەوا ڕۆژانە 160 ملیۆن و 750 هەزار و 500 دۆلار داهاتیان هەبووە "کەواتە گوژمەیەکی زۆر لە سامانی گشتی لەژێر کۆنترۆڵی خاوەن پاڵاوگە نایاساییەکانە کە مانگانە دەگاتە سەدەها ملیۆن دۆلار".

### دۆسیەی دابینکردنی (گازوایل بەنزین)

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دابینکردنی سووتەمەنی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (power tran)ی تورکی کردووە، بەڵام وێنەیەکی ئەم گرێبەستە لەبەر دەستدا نییە تاوەکو بزانرێت بەند و مەرجەکانی چین.

ئەو کۆمپانیایە گرێبەستی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە دەکات بەمەبەستی کڕینی سووتەمەنی، بەپێی زۆربەی گرێبەستەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ماف و پابەندییەکی نییە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنێک نییە لەو گرێبەستانەی کۆمپانیای (power trans) دەیکات.

گرێبەستەکان زۆربەیان ئاماژە بەگواستنەوەی سووتەمەنییەکە دەکەن لە دەرەوەی سنووری تورکیا بۆ بەندەرەکانی تورکیا لەڕێگای ئاوییەوە، لە دوای ئەمەوە هیچ بەراییەک لەم دۆسیەیەدا بوونی نییە کە ڕوونی بکاتەوە چۆن و کەی و بە چ میکانیزمێک هەمان بڕ و جۆر و کواڵیتی دیاریکراو ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە یان نا. هەروەها بەپێی بەندێک کە لە زۆربەی گرێبەستەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەم گرێبەستانە بەپێی یاسای بەریتانی ڕێکخراون و لەکاتی بوونی کێشەدا دەگەڕێتەوە بۆ دادگای باڵای بەریتانیا.

### کۆبۆنێک بە دۆلارێک

لە ساڵی 2013 و 2014 هەرێمی کوردستان قەیرانی سووتەمەنی هەبوو، ئەمەش وای لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کرد کە لە ڕێگەی کۆبۆنەوە سووتەمەنی دابەش بکات.

بەڵام دیوانی چاودێری دارایی تێبینی لەسەر چاپکردنی کۆبۆنەکان هەیە و دەڵێت "لە کاتی قەیرانی بەنزین، بڕێکی زۆر کۆبۆن چاپکراوە کە بۆ هەر وەرقەی کۆبۆنێک بڕی دۆلارێک دانراوە، ئەم بڕەش زۆر زیاترە لە بڕی ئاسایی، ئەویش بەهۆی نەبوونی گرێبەست بووە. پێویست بوو گرێبەستی بۆ بکرێ، ئەگەر تەندەری بۆ کرابایە ڕەنگە تێچووەکەی نیوەی ئەو پارەیە بووایە".



## تاوانەکانی داعش دۆکیۆمنێت دەکرێن

**رووداو- کەرکووک**

جوان حەســەن، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە (رووداو)ی راگەیاند، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردســتانەوە لیژنەیەک دروستکراوە بۆ بەدۆکیومێنتکردنی تاوانەکانی داعش و گوتی "لە چەند رۆژی رابردوودا نووسراو بۆ پارێزگای کەرکووک و پارێزگارەکانی هەرێمی کوردستان و چەند دەزگایەکی دیکەش کراوە کە نوێنەریان بۆ ئەو لیژنەیە دیاری بکەن، لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکیشەوە بەندە بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوم، لەبەرئەوەی لە دوو ساڵی رابردوودا داعش چەندین تاوانی بەرامبەر هاووڵاتیانی ئەم سنوورە کردووە"، بە گوتەی جوان، هێشتا ئەو لیژنەیە کۆبوونەوەی نەکردووە، بەڵام بڕیارە راسپاردەکانی ئاڕاستەی لایەنە نێودەوڵەتییەکان بکرێت.

# پارتی ئامادەیە لەگەڵ یەکێتی پەرلەمان کارا بکاتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

دواجـار پارتی و یەکێتــی کۆبوونەوەی دوو قۆڵییان ئەنجامدا، کۆبوونەوەیەک کە پارتی بە گلەیی لە یەکێتی دەســتی پێکردووە، دواتریش یەکێتــی گلەییەکانــی خۆی رووبــەڕووی پارتی کردووەتــەوە. ئەندامێکــی مەکتەبی سیاسـیی یەکێتی کە بەشـداریی کۆبوونەوەکەی کردووە، دەڵــێ "بڕیار لــە کۆبوونەوەکەدا نــەدرا، بەڵام دوای گەڕانەوە بۆ مەکتەبی سیاســی هەردوولا، کۆبوونــەوەی دیکــە دەکرێ بۆ ئــەوەی روونتر لەسەر بابەتەکان قسە بکەینەوە".

رزگار عەلــی، ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی یەکێتــی کــە یەکێــک بــوو لــە بەشـداربووانی کۆبوونەوەکەی پارتی و یەکێتی لە 2016/6/12 لە شــاری هەولێر، دەڵێــت کۆبوونەوەکە تەنیا تایبەت نەبوو بە قســەکردن لەسەر رێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی "ئەوە تەنیا خاڵێکی نێو کۆبوونەوەکــە بوو، بگرە باســی کاراکردنەوەی پەرلەمــان، حکومەت، کورد لە بەغدا، شــەڕی داعــش و چەنــد پرســێکی دیکەشــمان کــرد. هەردوولاش بەڕاشکاوی قسەی خۆمان کرد".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، کۆبوونەوەی دووەمــی پارتــی و یەکێتــی دەکەوێتــە دوای کۆبوونــەوەی گــۆڕان و یەکێتــی. رزگار عەلــی گوتــی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ پارتی بەردەوام دەبن "ئەوەی لەم کۆبوونەوەیە باسمان کردووە دەیبەینــەوە نێــو مەکتەبــی سیاســی و لەوێ تاوتوێــی دەکەیــن و بــە بۆچوونــی روونترەوە لەسەر شتەکان دەگەڕێینەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکە".

بەڵام یەکێتی بەهۆی واژۆکردنی رێککەوتنێکی دووقۆڵــی لەگــەڵ بزووتنــەوەی گــۆڕان، ئــەو سەربەســتییەی پێشــتری لەدەستداوە کە وەک نێوەندگیــر هەوڵــی چارەســەرکردنی کێشــەی نێوان گۆڕان و پارتی دەدا، بۆیە ئێســتا پارتی و گــۆڕان چاوەڕێــی ئــەوە لە یەکێتــی دەکەن لەنێوانیانــدا یەکلاکەرەوە بێت، بەبێ ئەوەی لە مەرجەکانیشیان دووربکەونەوە.

لــە کۆنگــرە رۆژنامەوانییەکــەی دوای کۆبوونەوەکەدا، مەحمــوود محەممەد، ئەندامی مەکتەبــی سیاســی پارتــی گوتــی حیزبەکەی سوورە لەسەر هەڵوێستی پێشووی. هەڵوێستی پێشــووی پارتــی ئەوەیە د.یوســف محەممەد، ســەرۆکی پەرلەمانــی کوردســتان وازبهێنــێ، پاشــان دەســتەیەکی نــوێ بــۆ ســەرۆکایەتی پەرلەمــان دیــاری بکرێــت، هەروەهــا ئــەوان رێککەوتنــی پێکهێنانــی کابینــەی هەشــتەمی حکومەتی هەرێمی کوردســتانیان لەگەڵ گۆڕان هەڵوەشــاندووەتەوە و ســەرۆکی پەرلەمــان نادەنــەوە گۆڕان، بەڵام ئامــادەن رێککەوتنێکی نوێ بکەن.

بــەڵام رزگار عەلــی، ئەندامــی مەکتەبــی سیاسیی یەکێتی جەختی لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمانــی کوردســتان کــردەوە و گوتــی "بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان، دەبێــت لە پەرلەمانەوە دەســتپێبکەین، چونکە سەرچاوەی دەرکردنی یاسایە".

ســەرچاوەیەکی ئــاگادار بــە (رووداو)ی راگەیاند، لەو کۆبوونەوەیەدا پێشــکەوتنی نوێ بەدی نەهاتووە، یەکێتی داوای لە پارتی کردووە رازی ببێ بەوەی د.یوسف محەممەد بگەڕێتەوە پەرلەمــان، دواتــر لەســەر خاڵــە ناکۆکەکانی نێوانیــان بــۆ سیســتمی سیاســی و یاســای ســەرۆکایەتی و ئەنجامدانــی ریفراندۆم گفتوگۆ بکــەن "یەکێتــی کێشــەی لەگــەڵ ئەنجامدانی ریفرانــدۆم نییە ئەگــەر لەرێگــەی پەرلەمانەوە بێــت و پێشــتر پەرلەمانی بــۆ کارا بکرێتەوە، بــەڵام پارتی گەڕانــەوەی ســەرۆکی پەرلەمانی رەتکردووەتەوە".

## بەرپرسێکی گۆڕان:
## بۆچوونی ئێمە و یەکێتی بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی بووەتە بابەتێکی مەبدەئی

ســاڵی 2007 یەکێتــی نیشــتمانیی کوردســتان و پارتــی دیموکراتی کوردســتان، رێککەوتننامەیەکی ســتراتیژییان واژۆکرد. ئەو رێککەوتنــە بــۆ ماوەی چەند ســاڵێک کێشــە قووڵەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستەکانی هەرێمــی کوردســتان و بەغدا داپۆشــی، بەڵام بــەو رێککەوتننامەیــەش هێشــتا نەیانتوانــی رەشنووســی دەســتووری هەرێمی کوردســتان لەسەر کاغەزەوە بگوازنەوە سەر زەمینی کردار. بە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، گوشارەکان لــە رێگەی جوڵاندنی شــەقامەوە یەکێتی ناچار کرد لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لیســتی خۆی جیابکاتــەوە و دواتریش یەکێتی رێککەوتنی سیاســی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان واژۆکــرد و پەیوەندییەکانــی نێــوان پارتــی و یەکێتی شەقاوێکی گەورە چووە دواوە.

مەلا بەختیار، بەرپرســی دەستەی کارگێڕی یەکێتــی، لــە دیدارێکی تەلەڤزیۆنــی (رووداو) دا گوتی رێککەوتننامــەی نێوان ئێمە و گۆڕان دۆخی سیاســی هێندەی دیکە ئاڵۆزکاند "ئێمە هێشــتا رێککەوتننامەمان لەگــەڵ پارتی هەیە و دەبــوو یەکێتــی رۆڵــی نێوەندگیرانەی خۆی درێــژە پێبدایە". هەروەها رەخنەی لە پارتیش گرت کە ســتەمی لە یەکێتی کردووە و وەڵامی پرۆژەکەیــان نەداونەتــەوە. گوتیشــی "ئێمــە پێشتر دەمانگوت پەرلەمان کارا بکرێتەوە نەک بێ مەرج".

بەڵام بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە "گۆڕان و یەکێتی مەبدەئییەن لەسەر خاڵەکانی نێوانیان رێککەوتوون و بۆ سیســتمی سیاســی و کاراکردنــەوەی پەرلەمانیش هەروا". ســاماڵ سەردار، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گــۆڕان دەڵێ "مــەلا بەختیــار بۆچوونی خۆی دەربڕیــوە و بۆچوونــی مەکتەبــی سیاســی و ســەرکردایەتی ئەوەیە کە لە رێککەوتننامەکەی نێوانماندا هاتووە".

ئــەو بەرپرســەی بزووتنــەوەی گــۆڕان کە یەکێکیشــە لە وەزیــرە دوورخراوەکانی گۆڕان، دەڵــێ "ئێمــە نازانیــن یەکێتــی و پارتی چۆن ئەبدەیتی رێککەوتننامەی ســتراتیژی نێوانیان دەکەنــەوە، بــەڵام ئێمــە رێککەوتنێکمــان واژۆکــردووە لەگــەڵ یەکێتــی. بــەو پێیە هەر لایەکمان رێککەوتن بکەین ئاســاییە لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاســی بێ، بــەڵام نابێ پێچەوانەی خاڵەکانی ئەو رێککەوتنە بێ". گوتیشی "ئێمە سوورین لەسەر سیستمی پەرلەمانی و یەکێتیش هەروایە، بەڵام قسەکردن لەسەر دەسەڵاتەکانی ســەرۆکی هەرێم قابیلی موناقەشەیە و دەکرێ موناقەشەی بکەین، رێککەوتنی ستراتیژی تەنیا بۆ دابەشــکردنی پۆســت بووە لە کوردستان و بەغدا، بــەڵام بەپێی رێککەوتننامەی نێوانمان، یەکێتی دەبێ بێ مەرج لەگەڵ ئاساییکردنەوەی پەرلەمان بێت".

ئێســتا ئــەو خــاڵ و بڕگانــەی لــە رێککەوتننامەی نێوان گۆڕان و یەکێتیدا هەیە، بووەتــە بۆچوونی فەرمــی یەکێتی و گۆڕان بۆ ئەوەی بیبەنە ســەر مێزی دانوســتاندن لەگەڵ لایەنــەکان بــە پارتیشــەوە. ســاماڵ ســەردار دەڵێــت "ئەو خاڵانــە قابیلی گفتوگــۆن" زیاتر گوتــی "ئێمــە لەســەرەتای دروســتبوونمانەوە بۆچوونمــان وابــووە کە سیســتەمی سیاســی هەرێمــی کوردســتان پەرلەمانی بێت و یەکێتی هێزێکــی کاریگــەرە و بۆچوونــی خــۆی هەیە. گۆڕینی سیستمی سیاسی لە کوردستان بووەتە بابەتێکی مەبدەئی لە نێوان یەکێتی و گۆڕان".


بەپێــی ئــەو زانیارییانــەی (رووداو) لــە کۆبوونەوەکەی نێوان پارتی و یەکێتی دەســتی کەوتــووە، پارتــی گلەیــی ئەوەی لــە یەکێتی کــردووە کــە بووەتە هەڵگــر و بەجێگەیێنەری داواکارییەکانی گــۆڕان. پارتی ئامادەیە لەگەڵ یەکێتــی چارەســەر بــۆ دۆخەکــە بدۆزنەوە بە کاراکردنــەوەی پەرلەمانیشــەوە کە بۆ ئەوەش پێداچوونــەوە بــە رێککەوتننامەی ســتراتیژی و هەمواركردنــەوەی ئامــاژەی پێــدراوە، بەڵام یەکێتی جگە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی خــۆی، دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕانیش بکات و بڕیــارە لە کۆبوونەوەی ئــەم هەفتەیەی گۆڕان و یەکێتیدا، شــاندی هاوبەشــی ســەرکردایەتی دەستبەکار ببن بۆ دانانی پەیڕەو و پرۆگرامێک کــە تێیــدا چۆنێتــی کارکردنی ســەرکردایەتی هاوبەش دیاری بکرێ.



## گۆڕانکارییەکانی عەبادی پەرلەمانتاران دێنێتە دەنگ

# عەبادی فەرمانبەری گرێبەست دەکاتە بەڕێوەبەری گشتی

## شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری:
## گۆڕینی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری لە دەسەڵاتی عەبادی نییە



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

پەرلەمانتارانی عێراق گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی حەیــدەر عەبــادی، ســەرۆکوەزیرانی عێــراق بــە "نایاســایی" دەزانن و لیژنەی دەســتپاکیش دەڵێ هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدەن، بەڵام ئەندامێکی لیژنەی یاسایی دەڵێت "ئەو گۆڕانکارییانە یاسایین، بەڵام دەبێت پەرلەمان پەسەندیان بکات".

رۆژی 2016/6/6 حەیــدەر عەبــادی، ســەرۆکوەزیرانی عێــراق بڕیــاری لەکارلابردنــی بەڕێوەبەری گشــتی بانکەکانی رەشید، رافیدەین، عەقاری، پیشەسازی و بازرگانی، سەرۆکی دەزگای هەواڵگــری، بەڕێوەبــەری گشــتی تــۆڕی میدیایی عێراقــی دەرکــرد و خەڵکــی دیکەی لە شــوێنیان دانا. راگەیاندنی ئەو قۆناغەی چاکسازیش لەلایەن عەبادییــەوە بەبــێ کاردانــەوە نەبــوو، بەتایبەتی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە.

عــادل نــوری، گوتەبێــژی لیژنەی دەســتپاکی لــە ئەنجوومەنــی نوێنەرانــی عێراق بــە (رووداو) ی راگەیاند "ئەو رۆژەی عەبادی ئەو بەرپرســانەی لابرد، دەستخۆشــیمان لێکــرد و داوامان لێکردووە ناوەکانیان بدرێنە فرۆکەخانە و بازگەکان بۆ ئەوەی رێگــەی دەرچوونیــان لە عێــراق پێنەدرێت تا ئەو کاتەی لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت".

بــەڵام ناوبــراو رەخنــەی لــە دانانی بەرپرســە نوێیەکان هەیە و دەڵێت "ئەوەی جێی سەرسوڕمان و شــۆک بــوو بۆمان، بەبــێ پــرس و راوێژی ئەو دەزگایانــە، عەبــادی ژمارەیەک بەرپرســی دیکەی خستووەتە شوێنیان، بە تایبەتیش لە کەرتی بانکی کە فەرمانبەری گرێبەســت بوون و بۆیان نییە ئەو پۆســتانە وەربگرن، لە کاتێکدا بەپێی یاسا دەبێت بەڕێوەبەری گشــتی لە 10 ســاڵ زیاتــر خزمەتی هەبێت".

وەکو عادل نوری ئاماژەی بۆ کرد، لە دەزگاکاندا هەندێــک کار هەیە نابێت فەرمانبەری گرێبەســت بیکات، لەوانەش واژۆکردن لەسەر کۆمەڵێک چەک و پارە و لیژنە "ناکرێت فەرمانبەرێکی لەو شێوەیە بکرێتە بەڕێوەبەری گشــتی بانکێک کە بە ملیاران دۆلاری لەبەردەســتی دایە، جگە لەوەش بە دەیان لقی لاوەکییان هەیە، بۆیە عەبادی یاساشکێنییەکی روون و ئاشکرای کردووە".

لیژنەی دەســتپاکی تێبینییان لەسەر سەرۆکی دەزگای هەواڵگریــش هەیــە، عادل نــووری گوتی "ســەرۆکی نوێی ئــەو دەزگایە پێشــتر راوێژکاری دەزگاکــە بووە و هیچ پلەیەکی ســەربازی نەبووە، لــە کاتێکــدا ئێســتا زۆرتریــن کێشــەی ئەمنی و سیاسییمان هەیە".

گۆڕینــی ســەرۆکی دەزگای هەواڵگــری بووەتە مایــەی نیگەرانیــی لیژنەی ئاســایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەران و بەنیازن دانیشتنێک بۆ ئەو مەبەســتە بکەن. شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەو لیژنەیە بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ گۆڕینی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناڕەزاییمان هەیە و نایاســاییە، چونکــە گۆڕینــی ئەو پۆســتە وەکــو بەڕێوەبەرە گشــتییەکان نییــە و دەبێت لەلایــەن پەرلەمانەوە پەســەند بکرێت، بەڵام دیارە عەبادی بڕیاری داوە تاکڕەوانە حوکم بکات".

هەر لەوبارەوە ئەحمەد حاجی رەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی و ئابووری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی گوت کە عەبادی کارێکی باشی کردووە بەرپرسی پێشووی ئەو بانکانەی لابردووە، چونکــە گومانــی گەندەڵییان لێکراوە، گوتیشــی "لــەڕووی یاســاییەوە ئــاگاداری چۆنیەتــی دانانی بەرپرسە نوێیەکان نیم کە ئاخۆ دەسەڵاتی عەبادییە یاخود نا، بەڵام لەلایەن لیژنەکەمانەوە نامەیەکمان بــۆ هاتووە و دەڵێــت بەتەمەنتریــن بەڕێوەبەریان تەمەنی 36 ساڵە و گرێبەست بوون".

ئەحمــەد حاجــی رەشــید کــە پەرلەمانتــاری فراکســیۆنی کۆمەڵــی ئیســلامییە لــە ئەنجوونی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە ئەو گۆڕانکارییانە شەڕی نێوان عەبادی و نووری مالیکی، ســەرۆک وەزیرانی پێشــووی عێراقــە و گوتی "ئەســڵی گۆڕینی ئەو بەرپرسی بانکانە بەهۆی ململانێی حەیدەر عەبادی و نــووری مالیکییــە، لەبەرئەوەی پێشــتر لەلایەن مالیکییــەوە دانرابوون ، بــەڵام عەبادی پرۆژەکەی مالیکی تێکدا، بەدڵنیایيشــەوە عەبادی کەســانی نزیک لە خۆی دادەنێت".

سەرۆکی تۆڕی راگەیاندنی عێراق کە بەڕێوەبەری گشتی جێبەجێکردنە و پلەکەشی بریکاری وەزیرە، لەلایــەن ئەنجوومەنی ئەمیندارانــی دەزگاکەوە کە نــۆ کەســن دادەنرێت، بەڵام ســەرۆکە نوێیەکە بە وەکالەت لەلایەن حەیدەر عەبادییەوە دەستنیشــان کراوە.

شــوان داودی، ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن بە (رووداو)ی گوت "گۆڕانکاری سەرۆکی تۆڕی راگەیانــدن وەکو بانکەکان نییە لادرابێت، بەڵکو خــۆی نامەی دەستلەکارکێشــانەوەی بۆ خانەنشینبوون پێشکەشکردووە و جێگرەکەشی بــە وەکالەت دانراوە. داودی گوتیشــی "یاســای تۆڕەکە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و کاتێک ئەندامانی داندرانەوە، خۆیان ســەرۆکی تۆڕەکە دیاری دەکەن و پاشــان دەبێت ســەرۆکی دەزگا و ئەنجوومەنەکەش لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێن".

زانــا رووســتایی، ئەندامــی لیژنەی یاســایی پەرلەمــان رایەکــی پێچەوانــەی بــۆ دانانــی بەڕێوەبەری گشــتی بانکەکان هەیە کە پێشــتر گرێبەســت بوون. رووستایی بە (رووداو)ی گوت "ئەو بەڕێوەبەرە گشــتییانە وەکــو بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتەکان نین، بەڵکو پلەکەیان تایبەتە و بەپێــی یاســای خزمەتــی گشــتیش دەکرێت بگۆڕدرێن، بەڵام دواجار دەبێت ئەو گۆڕانکارییە بهێندرێنــەوە پەرلەمــان کە ئاخۆ پەســەند یان رەتدەکرێنەوە، بە قسەی عەبادیش چەند ساڵێک کاریان کردووە".

وەکو لیژنەی دارایــی دەڵێن بەتەمەنترینیان تەمەنــی 36 ســاڵە، ئاخــۆ لەڕووی یاســاییەوە گونجاوە، رووســتایی گوتی "بۆ پلەکان مەرجی تەمەنیان نییە، بەڵام لە یاســاکەدا باســی ئەوە دەکات کــە هەندێک لەو پلانە دەبێت 10 یاخود 12 ســاڵ خزمەتیان هەبێت و پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت، جگە لەوەش یاسای بانکەکە ساڵی خزمەتی بۆ ئەو پۆستانە دیاری کردووە".

عەبادی کاتێــک بڕیاریدا ئــەو گۆڕانکارییانە بکات کە پەرلەمان لە پشووی یاساییدا بوو، بەڵام بۆ پەسەندکردنیان دەبێت دیسانەوە رەزامەندی پەرلەمانیان بۆ وەربگرێت کە وا بڕیارە مانگێکی دیکە دانیشــتنەکانی دەســتپێبکاتەوە، لیژنەی دەســتپاکیش هەڕەشەی هەڵوەشــانەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە دەکەن.

عادل نووری گوتی "وەکو لیژنەی دەستپاکی کار بۆ هەڵوەشــاندنەوەی ئــەو بڕیارانەی بەرێز حەیدەر عەبادی دەکەین، سەرەتا ئەو سەرپێچی یاساییە رەوانەی دەستەی دەستپاکی دەکەین و دواتر لە بەدواداچوونی خۆمان بەردەوام دەبین".



### د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکووک بۆ (ڕووداو):

# قەناعەتم بە بەرپرسانی کورد هێناوە کە کەرکووک لە بەغدا دووربخرێتەوە

دکتۆری مێشک و دەمارە، ئێستا دەیەوێ بە ئایدیایەکی نوێ ببێتە دکتۆری کێشە سیاسی و ئیداری و ئابوورییەکانی پارێزگای کەرکووک. ئایدیای دکتۆر نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکووک، بەهەرێمکردنی پارێزگای کەرکووکە بۆ ماوەی سێ تاوەکو چوار ساڵ. پاساویشی بۆ ئەو ئایدیایە ئەوەیە کە ئەو پشتیوانییەی بۆ بەهەرێمکردنی کەرکووک هەیە، بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان نییە. پارێزگاری کەرکووک دەڵێت بۆچوونی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لەوبارەیەوە وەرگرتووە. ئەویش پێیگوتووە گرنگ نییە کێ و چۆن حوکمی کەرکووک دەکرێت، گرنگ ئەوەیە ناسنامە کوردستانییەکەی لەدەست نەدات. ئەمە لێرەدا بڵاودەکرێتەوە، بەشێکی هەڤپەیڤینی تەلەفزیۆنی (ڕووداو)ە لەگەڵ پارێزگاری کەرکووک کە شەوی سێشەممەی ڕابردوو تەواوی هەڤپەیڤینەکە پەخش دەکرێت.

هەڤپەیڤین: ڕەنج سەنگاوی
ڕووداو - کەرکووک

**ڕووداو: ئێستا دۆخی ئابووریی کەرکووک چۆنە؟**

**نەجمەددین کەریم:** بەر لە دۆخی ئابووری پێویستە باسی دۆخی ئەمنی بکەین. لە ڕووی ئەمنییەوە نێو شاری کەرکووک لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە بە باشی پارێزراوە. دەوروبەرەکەشی پێشمەرگە پاراستوویەتی. هەماهەنگییەکی باش هەیە لە نێوان ئیدارەی کەرکووک و هێزی پێشمەرگە.

**ڕووداو: کەرکووک پێشمەرگە پاراستوویەتی یان حەشدی شەعبیش؟**

**نەجمەددین کەریم:** نەخێر، پێشمەرگە پاراستوویەتی. حەشدی شەعبی لە کەرکووک خەڵکی ناوچەی تازە و بەشیر و ئەو برا شیعانەن کە لە داقوقن و پارێزگاری لە ناوچەکانی خۆیان دەکەن.

**ڕووداو: دەڵێن باری ئابووری شاری کەرکووک زۆر خراپە؟**

**نەجمەددین کەریم:** لە ساڵی 2014ەوە باری ئابوورییمان بەرەو خراپی ڕۆیشتووە، چونکە لە 2014 لە عێراق بودجە دەنگی بۆ نەدرا، دواتریش داعش هات. ئێمە لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتاوەکو ئێستا یەک دینارمان لە بەغداوە بۆ نەهاتووە. جگە لەوەی دووجار 200 ملیۆن دینار بۆ پاککردنەوەی شارەکە هاتووە.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان هیچ یارمەتیتان دەدەن؟**

**نەجمەددین کەریم:** بەڵێ، ئەو پێشمەرگانەی لە کەرکووکن، مووچە لە هەرێمی کوردستان وەردەگرن. زۆربەی مووچەخۆری کورد لە کەرکووک مووچەکەی لە هەرێمی کوردستانە. زیاد لە 8000 کارمەندی خوێندنی کوردی لە کەرکووک مووچە لە هەرێمی کوردستان وەردەگرن. ئاسایشی کەرکووک مووچەی لە هەرێمی کوردستانە. شەهید و پێشمەرگەی دێرین مووچەکەیان لە هەرێمی کوردستانە.

**ڕووداو: بەرامبەر بەمە هەرێمی کوردستان چی لە کەرکووک دەستکەوتووە؟**

**نەجمەددین کەریم:** هەرێمی کوردستان لە مانگی حەوتی 2014ەوە سەرپەرشتی 60%ی نەوتی کەرکووک دەکات لە ڕێگەی کۆمپانیای کارەوە. ئەم نەوتە دەنێردرێتە دەرەوە و دەدرێت بە پاڵاوگەکان، هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە سوودمەند بووە. ئێمە لەو نەوتە پارەی پترۆدۆلارمان وەرگرتووە، بەڵام لە مانگی چوارەوە وەرماننەگرتووە.

**ڕووداو: بۆ ئێوە نەوتی کەرکووک لە ڕێی بۆڕی کوردستانەوە بڕوات باشترە یان لەڕێی بەغداوە؟**

**نەجمەددین کەریم:** لە ساڵی 2014ەوە هیچ پارەیەکی پترۆدۆلارمان لە بەغدا وەرنەگرتووە. لە هەرێمی کوردستان کە ئەو ڕێککەوتنەمان کردووە، هەرێمی کوردستان لە مانگی حەوتی 2015ەوە هەتاوەکو مانگی چواری ئەمساڵیش 100%ی نەوتی کەرکووکی دەناردە دەرەوە. ئێمە ڕێککەوتووین پترۆدۆلار وەربگرین، بەڵام لە مانگی سێوە بەغدا ئەو 40%ەی ڕاگرت کە لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە هەناردە دەکرا، بەبیانووی ئەوەی ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەیە کە هەرێمی کوردستان دەبێ پارەی ئەو نەوتەی لە ڕێگەی سۆمۆوە دەینێرێ، تەسلیمی بەغدای بکات.

**ڕووداو: بەغدا لەسەر حەقە؟**

**نەجمەددین کەریم:** نەخێر، نەدەبووایە بەغدا ئەو کارە بکات. ئەوە لە سێ لاوە زەرەری هەیە. یەکەم: کەرکووک پترۆدۆلاری نەما. دووەم: هەندێک نەوت دەردەهێنرێ بۆ ئەوەی غازیشی لەگەڵ دەربێت و دواتر نەوتەکە دەخرێتەوە نێو بیرەکان، ئەوەش زەرەر بە بیرە نەوتەکان دەگەیێنێ. سێیەم: بەغدا دەزانێت ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان قەیرانی دارایی هەیە کە ئەوەش دەکات گوشارێکی زیاترە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش پەیوەندییەکان خراپتر دەکات.

> **پشتیوانی بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نییە**
>
> **ئەردۆغان و داودئۆغلۆ بە ئاشکرا داوایان کرد کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ**
>
> **ئەمریکا و تورکیا و بەغدا و ئێران دژی بەهەرێمکردنی کەرکووک نین**

**ڕووداو: باشە کەرکووک لە ڕێگەی کێ نەوتەکە بنێرێ قازانج دەکات، هەولێر یان بەغدا؟**

**نەجمەددین کەریم:** کەرکووک قازانج دەکات نەوتەکەی دەربهێنرێت و بنێردرێتە دەرەوە و بفرۆشرێ، جا هەر کەسێک بیکات. بەغدا ناتوانێت بیکات. بەغدا لە مانگی سێی 2014ەوە نەیتوانیوە نەوتی کەرکووک بنێرێتە دەرەوە. چونکە تیرۆریستان پێش داعش لە سەلاحەددین بۆڕی نەوتی کەرکووکیان دەتەقاندەوە. لەدوای داعشیشەوە تەنیا ڕێگا بۆ ناردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگای هەرێمی کوردستانەوەیە.

**ڕووداو: ئەزموونت لەگەڵ هەردوولا هەیە، کامیان شەفافترن. پرۆسەکە لەلای کامیان ڕێکوپێکترە.**

**نەجمەددین کەریم:** باسی نەوتی هەرێمی کوردستان لە میدیاکان زۆر دەکرێ، بە نیسبەت بەغداشەوە، لەوێش گەندەڵی زۆرە، ئێمە بینیمان چی لەبارەی کۆمپانیای یونائۆیل بڵاوکرایەوە کە چۆن پارە دزراوە و ئیشەکان چۆن کراون. بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە ئەو ڕێککەوتنامەیەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەمانە پێوەی پابەندبن. دڵنیا کراوینەتەوە لە ئاستی باڵا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئێمە دەزانین کێشەی دارایی هەیە، ئەگەر مانگێکیش دوا بکەوێت تێدەگەین، بەڵام لە عێراق دوو ساڵ و نیو زیاترە پارەی پترۆدۆلارمان وەرنەگرتووە.

**ڕووداو: پێکهاتەی کەرکووک پێی باشە مامەڵەی کەرکووک لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێزتر بێت، یان وابەستەی بەغدا بێت؟**

**نەجمەددین کەریم:** لە ڕووی ئیدارییەوە کێشەیەکی زۆرمان لەگەڵ بەغدا هەیە. خەڵکی کەرکووک پێیخۆشە پەیوەندی لەگەڵ بەغداش هەبێت، ئێمەش دەمانەوێت. لە هەمانکاتدا هەموو پێکهاتەکانی کەرکووکیش ئەو قەناعەتەیان لەلا دروست بووە کە پێویستە پەیوەندی باش لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێت، چونکە ئێستا پێشمەرگە کەرکووک دەپارێزێ.

**ڕووداو: بەڵام پێدەچێت بێ ئومێدبوویی لە بەغدا، بۆیە ماوەیەکە باسی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کەرکووک دەکەی؟**

**نەجمەددین کەریم:** من باوەڕم بەوە هەیە لامەرکەزیەت هەبێ، پارێزگاکان خۆیان ئیدارەی خۆیان بکەن، جگە لە چەند شتێکی سیادی.

**ڕووداو: بەڵام تۆ زیاتر لە لامەرکەزی داوا دەکەی؟**

**نەجمەددین کەریم:** بەغدا ئێستاش بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی قیادەی شۆڕشی سەردەمی بەعس کاردەکات. هەشت وەزارەت لە بەغدا بڕیاریان داوە دەسەڵاتەکانیان بگوازرێتەوە بۆ کەرکووک، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران بەبیانووی ئەوەی لە کەرکووک هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا نەکراوە، نایکات. دامەزراندن لە کەرکووک بە تایبەتی بۆ پێکهاتەی کورد تەقریبەن نییە. ئێمە لە ئەنجوومەنی پارێزگا بڕیارێکمان هەیە ئەوەی ناوی لە سەرژمێریی 1957دا نەبێت لە کەرکووک دانەمەزرێ، ئێمە کە ڕێگە لە دامەزراندنی ئەو کەسانە دەگرین، بەغدا یەکسەر بەڕێوەبەرەکان بانگ دەکات و سزایان دەدات. بۆ نموونە ساڵی 2013 نزیکەی 1000 مامۆستا دامەزرێنران کورد و تورکمانی تێدا نەبوو. بۆ بودجە و پارە ئێمە لەژێر ڕەحمەتی بەغداین، ئەمساڵ دینارێکمان لە بەغداوە بۆ نەهاتووە. ئێمە ناتوانین بەو شێوەیە بەردەوام بین.

**ڕووداو: کەواتە پرۆژەکەی تۆ کاردانەوەیە یان بەدوای چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەو کێشانە دەگەڕێی کە بەدرێژایی مێژوو کورد لە کەرکووک هەیبووە؟**

**نەجمەددین کەریم:** نەخێر کاردانەوە نییە، ئەوە بە ئەزموونە. کورد کە چووەتە بەغدا و بەشداری لە داڕشتنی دەستوور کردووە بۆ ئەوەی سیستمێکی فیدراڵی دروست ببێ. بەسرە داوای هەرێمی سەربەخۆ دەکات، ڕێگەی پێنادات. سەلاحەددین و ئەنبار و مووسڵ داوایان کرد ڕێگەی پێنەدان.

**چارەسەرە؟**

**نەجمەددین کەریم:** بەبڕوای من دوورخستنەوەی بەغدا لە کەرکووک، کەرکووک نزیکتر دەکاتەوە لە هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: بۆ ئەو هەوڵەت لەوەدا خەرج ناکەی کەرکووک بگەڕێنیتەوە سەر هەرێمی کوردستان، کە ئەوەندە دڵنیای پێکهاتەکانی کەرکووک لەگەڵتن و تورکمان و عەرەب هەستیارییەکەی جارانیان نەماوە؟**

**نەجمەددین کەریم:** لەلای من کەرکووک کوردستانە. من حەز دەکەم ئەمڕۆ کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام دەکرێت؟

**ڕووداو: هەوڵی خۆت داوە؟**

**نەجمەددین کەریم:** زۆر قسەم لەگەڵ لایەنەکان کردووە. قسەم لەگەڵ برادەرانی خۆمان کردووە، لەگەڵ ئەمریکا، یوئێن، یەکێتیی ئەورووپا، تورکیا، تەنانەت لەگەڵ ئێرانیش.

**ڕووداو: بۆ ئەوەی کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئەگەر ئەمڕۆ تۆ بتەوێت کەرکووک بگەڕێنیتەوە سەر هەرێمی کوردستان، پشتیوانیت نییە.

**ڕووداو: ئەی هەرێمی سەربەخۆ پشتیوانی هەیە؟**

**نەجمەددین کەریم:** بەڵێ پشتیوانی دەبێت.

**ڕووداو: پێتوایە بارزانی، مەکتەبی سیاسی حیزبەکەت، خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کاک کۆسرەت، تا چەند پشتیوانتن؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئەگەر ئەو ڕاستییە تێبگەن کە ئەمڕۆ کەرکووک بە چ شێوەیەک بەناوی دەستوور و یاساوە دیمۆگرافییەکەی دەگۆڕێت، ئەو مامەڵەی بەغدا لەگەڵ کەرکووک دەیکات. قەناعەت دەهێنن کەرکووک دووربخرێتەوە لە بەغدا.

**ڕووداو: تا ئێستا بۆ قەناعەتت پێ نەهێناون؟**

**نەجمەددین کەریم:** قەناعەتم پێهێناون، بەڵام ناوی هەموو خەڵک نابەم.

> **داوا دەکەم کەرکووک بۆ ماوەی چوار ساڵ بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ**
>
> **ئەمساڵ یەک دینارمان لە بەغداوە بۆ نەهاتووە**
>
> **لە مانگی چوارەوە پارەی پترۆدۆلارمان لە هەرێمی کوردستان وەرنەگرتووە**

**ڕووداو: ئومێدت بە چی هەیە کە پێشنیازێکی وا دەکەی، بە خەڵکی کەرکووک، پێکهاتەکانی کەرکووک، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یان بە حیزبەکان؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئێمە پشت بە خەڵکی کەرکووک دەبەستین، چونکە ئەگەر خەڵکی کەرکووک دەنگی لەسەر نەدات، هەرچی حیزب و لایەن و هەرێمت لەگەڵ بێت ناکرێت. با باسی واقیعەکەش بکەین، 12 ساڵە ماددەی 140 هەیە جێبەجێ نەکراوە، ئەو خەڵکەی گەڕاوەتەوە 200 مەتر زەوییەکەی لەسەر تاپۆ نەکراوە، ئەوەی لێرە بووە دوو بە قەدەر ئاوارەکە پارەی وەرگرتووە و نەگەڕاوەتەوە. ئەو زەویانەی پێویست بوو بۆ کورد و تورکمان بگەڕێتەوە کاری لەسەر نەکراوە.

**ڕووداو: بۆچی هەندێک لە بەرپرسانی حیزبەکەت دژی ئەو پێشنیازەی تۆن؟**

**نەجمەددین کەریم:** تۆ ناتوانی قەناعەت بە هەموو کەسێک بێنی، گرنگ ئەوەیە زۆربەی خەڵک و لایەنە سیاسییەکانت لەگەڵ بێ. خەڵکیش هەیە دەیەوێ تۆ هەر لەگەڵ بەغدا بمێنیتەوە. خەڵک هەیە حەز دەکات بە یەکجاری بیکەیتە هەرێمێکی سەربەخۆ. بۆچوونی ئێمە ئەوەیە بتوانین خزمەتی خەڵکی کەرکووک بکەین، بتوانین بودجەی بۆ دابین بکەین. بتوانین خەڵکەکەی دابمەزرێنین. بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بەغداین، ڕێگەمان لێگیراوە. ئێستا لەنێو پێکهاتەکانی کەرکووک بۆچوونێکی بەهێز هەیە کە ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. ڕای ئێمە ئەوەیە ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ ماوەی سێ یان چوار ساڵ، لەو چوار ساڵەدا تۆ نموونەیەکی باش نیشانی خەڵکی شاری کەرکووک بدەی. لە هەمانکاتیشدا با هەرێمی کوردستانیش بۆچوونی خۆی بخاتە ڕوو، کە بیەوێ کەرکووک بێتە نێو هەرێمی کوردستان، لە پەرلەمانی کوردستان وەزعی عەرەب، تورکمان و کلدۆئاشووری چۆن دەبێ؟ بەشدارییان لە حکومەت چۆن دەبێت؟ ئەوانە بکات بە یاسایەک. دوای ئەو چوار ساڵە ڕیفراندۆم بۆ خەڵکی کەرکووک دەکەی: دەتەوێ بمێنیتەوە وەک هەرێمێکی سەربەخۆ، یان ببی بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان؟ بوونی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەبێت حاڵەتێکی تایبەتی بدرێتێ.

**ڕووداو: کێ پشتیوانتە؟**

> **هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی ئێرانەوە بە عەمەلی نابینم**

**نەجمەددین کەریم:** ئێمە تازە دەستمان بە پرۆژەکە کردووە، ئێمە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان و حیزبەکان قسە دەکەین.

**ڕووداو: بەڵام گوتت لەگەڵ ئەمریکا و تورکیا و ئێران قسەت کردووە، ئەوان هەستیارییان بەرامبەر بە هەرێمێکی سەربەخۆ کەمترە؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئێمە لە تورکیا بووین، کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک قوبادیش لەوێ بوون، لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد داودئۆغلۆ کۆبوونەوەمان هەبوو، دواتر لەگەڵ بەڕێز ئەردۆغان، ئەوان بە ئاشکرا داوایان دەکرد کە کەرکووک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. سەبارەت بە ئەمریکا و یوئێن و یەکێتیی ئەورووپا هەتا بەغداش ناڕازیبوونم لەسەر ئەو تەرحە نەبینیوە. باسیش کراوە کەسیش نەبووە دژی بێت.

**ڕووداو: بۆچی داوات نەکرد کە کەرکووک سەر بە هەرێمی کوردستان بێت، بەڵام تایبەتمەندییەکەی لەبەرچاو بگیرێت؟**

**نەجمەددین کەریم:** داوام کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

**ڕووداو: کێ خاوەنی ئەو بیرۆکەیەیە، بۆ مێژوو لەسەر کێی تاپۆ بکەین؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئایدیای بە هەرێمکردنی کەرکووک بۆ 3-4 ساڵ، ئایدیای خۆمە و هیوادارم بیفرۆشم بە خەڵکی کەرکووک، بە ئەنجوومەنی پارێزگا و حیزبەکان لە کوردستان. چونکە ئەوە تاکە ڕێگەیە تۆ بتوانی مافی خەڵکی کەرکووک بپارێزی و بتوانی خزمەتیان بکەی.

**ڕووداو: پێتوایە موشتەریت هەبێت؟**

**نەجمەددین کەریم:** بەڵێ.

**ڕووداو: دەنگی کاک مەسعود بارزانی بەدەست دێنی؟**

**نەجمەددین کەریم:** کاک مەسعود من کە قسەم لەگەڵی کردووە، دەڵێت چۆن حوکمی دەکرێ، کێ حوکمی دەکات، ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ناسنامە کوردستانییەکەی کەرکووک بمێنێ.

**ڕووداو: کەواتە ئەو قسەیە ڕاست نییە کە دەڵێت لەبەر ئەوەی یەکێتی لە کەرکووک بەهێزە، پارتی کەرکووکی بەلاوە گرنگ نییە؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئەوە قسەی ململانێی نێو حیزبەکانە و باوەڕ ناکەم لەنێو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆچوونێکی وا هەبێت.

**ڕووداو: ئەو ڕاوەستانەی تووشی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بووە، ئەگەر بڕیاری لێ بدەی داوا دەکەی لە ڕێگەی بۆڕی کوردستانەوە بڕوات یان ڕێککەوتنێکی تازە لەگەڵ بەغدا دەکەی؟**

**نەجمەددین کەریم:** یەکلا ناتوانێت بڕیاری لەسەر بدات، ئێمە دەبێ لەگەڵ بەغدا و هەرێمی کوردستان هەوڵ بدەین لەیەکدی نزیک ببنەوە. بەداخەوە ئەوان ئەگەر کێشەیەکیان هەبێت دێن داوا لە ئێمە دەکەن یارمەتییان بدەین، جا چ هەرێمی کوردستان یان بەغدا، زیاتر بەغداش. بەڵام کە کێشە نییە تەماشا دەکەی بەغدا بە ئارەزووی خۆی خەڵک دەنێرێ. هەر لەو ماوەیەدا 550 کەسی دامەزراندبوو هەر خەڵکی کەرکووکی تێدا نەبوو. ئەوان کە کێشەیان نەبێ لە هیچ شتێک بەشداریمان پێناکەن.

**ڕووداو: دەنگۆیەک هەیە کە نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی ئێرانەوە بنێردرێتە دەرەوە؟**

**نەجمەددین کەریم:** کوا بۆڕی لە کوێ هەیە؟

**ڕووداو: دەڵێن بۆ ئایندە ئیشی بۆ دەکرێ، ئەمە ڕاستە؟**

**نەجمەددین کەریم:** قسە هەیە، بەڵام من ئاگام لە وردەکارییەکان نییە .لە ڕووی عەمەلییەوە تاوەکو بۆڕی دروست دەکەی دوو ساڵت دەوێت.

**ڕووداو: بیرۆکەکە هەیە؟**

**نەجمەددین کەریم:** وا بزانم خەڵک هەیە باسی کردووە. من بە عەمەلی نابینم.

**ڕووداو: ئەوە تەرحی حکومەتە یان خەڵکی ناو یەکێتییە؟**

**نەجمەددین کەریم:** تەرحی خەڵکی نێو یەکێتی و نێو هینیشە.

**ڕووداو: ئەگەر ئەوە بوو بە عەمەلی و یەکێتی بڕیارێکی وای دا وەکو دکتۆر نەجمەدین کەریم پێت باشە؟**

**نەجمەددین کەریم:** یەکێک لە هەڵەکانی کوردستان ئەوەیە کە زۆر شت کراوە بە شتی حیزب. بۆچی حیزب بڕیار لەسەر نەوت بدات؟ دەبێ ئەم بڕیارانە حکومەت بیدات.

**ڕووداو: بەڵام ئەگەر حیزب بڕیاری دا، تۆ وەکو سیاسەتمەدارێک بە تەرحێکی ماقوڵی دەزانی؟**

**نەجمەددین کەریم:** جارێ حیزب بڕیاریش بدات ناتوانێت جێبەجێی بکات. نەوتی کەرکووک سێ چوار لایەن دەیەوێ مامەڵەی لەگەڵ بکات. تۆ ئەوە یەکێتیشت هێنایە نێو بابەتەکە، هەرچەندە بە ئینسافەوە دەیڵێم قەت لە نێو یەکێتیدا باسی ئەو بابەتە نەکراوە، بەڵام ئەو قسانە لە نێو خەڵکدا دەکرێت. لەلایەک تۆ بەغدات هەیە، لەلایەک هەرێمت هەیە، دەبێ ئەمە بەرێکەوتن بکرێ. بەڵام من لێرەدا یەک شت دەڵێم، هەر بڕیارێک لەبارەی هەناردەی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی ئێرانەوە بدرێ، دەبێ ڕەچاوی دوو شت بکرێ، یەکەم: لایەنی ئەمنی بپارێزرێت، دووەم: جەدوا ئابوورییەکەی چەندە. ئەگەر ئەم دوو لایەنە دەکرێ، با بکرێ.

**ڕووداو: دوو بۆڕیمان هەبێت یان یەک بۆڕی؟**

**نەجمەددین کەریم:** زۆر ئاساییە دووانیشت هەبێ. بەڵام ئەمڕۆ تۆ یەکێکت هەیە، تۆ تا بۆڕییەکی دیکە دروست دەکەی ئەم نەوتەی کەرکووک نەڕواتە دەرەوە لەبەر ئەوەی چاوەڕێی دروستکردنی بۆڕیی ئێران دەکەین، ئەمە نابێت. عەمەلیش نییە، ئەمە هەمووی قسەیە، کاردانەوەیە و لە کێشە حیزبییەکانەوە هاتووە.

**ڕووداو: لەو ماوەیەدا هیچ هەوڵێکت داوە بۆ ئەوەی دەستبکرێتەوە بە فرۆشتنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆڕی کوردستانەوە؟**

**نەجمەددین کەریم:** تازە جەماعەتێک لە وەزارەتی نەوتی عێراق لێرە بوون، چووبوونە هەرێمی کوردستانیش. قسەیەک هەیە بەشێوەیەک ڕێکبکەون دەست بە هەناردەکردنی نەوتەکە بکەنەوە.

**ڕووداو: کەواتە هەرێمە سەربەخۆکە**

ڕووداو
کوردستانی
ژمـارە (412)  دووشـەممە  2016/6/13



**هەدەپە: حکومەت نایەوێت کەس لە گەڤەر بژی**

**ڕووداو – گەڤەر**

پەروین بولدان، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان رایگەیاند، سـوپای تورکیا شـارۆچکەی گەڤەری بە تەواوی وێرانکردووە بۆ ئەوەی کەسـی تێدا نەژی، بەڵام گەڤەرییەکان ڕەتیدەکەنەوە زێدی خۆیان چۆڵبکەن. بولدان کە بەیاوەری شاندێکی پارتەکەی سەردانی گەڤەری کردبوو گوتی "دەبینین کە لە گەڤەر شەڕ لەگەڵ دەرگا و پەنجەرە و دیواردا کراوە، چونکە هەمووی تەختی زەوی کراوە. گەڤەر نابێتەوە بە گەڤەرەکەی جاران. ئەوان ویسـتیان گەڤەر چۆڵبکەن، بەڵام خەڵکی گەڤەر دەڵێن کە زێدی خۆیان چۆڵناکەن، ئێمەش پشتگیریان لێدەکەین".

# ئایا پەیوەندیی ئەمریکا و پەیەدە درێژخایەنە؟



**ڕووداو– هەولێر**

چاودێرانـی سیاسـیی کـورد و تـورک لە تورکیـا بۆچوونی جیاوازیان هەیە سـەبارەت بـە ئاینـدەی پەیوەندیـی نێـوان ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و پارتـی یەکێتیی دیموکراتی دەسەڵاتدار لە ڕۆژئاوای کوردستان. هەندێکیان پێیانوایە پەیوەندییەکە لە سنووری بەرەنگاربوونەوەی داعشدایە. هەندێکیش وای بۆ دەچـن کە لەدوای لەناوچوونی داعشـیش هەر بەردەوام دەبێت.

لەگـەڵ دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنی هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات کـە YPG بەشـێکی گرنگی ئەو هێزەن بۆ سەر باکووری ڕەققە لە 24ی مانگی رابردوو، پاشـانیش بۆ سـەر ناوچـەی (منبج) لە یەکـی حوزەیران، میدیاکانـی تورکیا بڵاویان کـردەوە کە باراک ئۆبامـا سـەرۆکی ئەمریـکا لـە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیـدا، بەڵێنـی بـە ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، سـەرۆک کۆماری تورکیـا داوە، دوای ئازادکردنـی منبـج لەدەسـتی داعـش، هێزەکانـی یەپەگـە بـەرەو ڕۆژهەڵاتی فورات دەکشێنەوە.

موراد یەتکین، گۆشـەنووس و شرۆڤەکاری تورک لەبەرەی ئەو کەسـانەیە کە پەیوەندیی نێـوان ئەمریکا و یەپەگە بە "کاتی" وەسـف دەکـەن. یەتکیـن دەڵێـت "پێموایـە ئـەو هەماهەنگییـە تەنیـا بـە بەرەنگاربوونەوەی داعشـە. ئەمریـکا جگە لە کۆمانـدۆی هێزی تایبەت ناخـوازێ بەردەوام هێز ڕەوانە بکات. هەماهەنگییەکە بۆ ئەمریکا ناچارییە. کێشەی ئێسـتای ئەمریکا داعشـە. ئەمریکا کێشـەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی نییە".

تەکیـن پێیوایە لەدوای قۆناغی لەناوبردنی داعـش لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان "شـتێکی هاوشـێوەی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـری سـاڵی 1975 کە بووە هۆی شکسـتخواردنی بزووتنـەوەی کـورد لـە عێـراق، دووبارە دەبێتـەوە، چونکـە بزووتنەوەی کـوردی بۆ دامەزراندنـی دەوڵـەت بـەدوای پشـتگیریی دەوڵەتـە بەهێزەکانـدا گـەڕاوە. بـەڵام ئـەو دەوڵەتانـە هەمیشـە کە کاریان تـەواو بووە، لەگـەڵ دەوڵەتەکانی دیکە لـە زەرەری کورد ڕێککەوتوون".

بەڵام سـەمیح ئیدز، پسـپۆڕی سیاسـەتی دەرەوە و گۆشەنووسـی ڕۆژنامەی جمهوریەت پێیوایـە پەیوەندی ئەمریـکا و پەیەدە دوای لەناوبردنـی داعشـیش بـەردەوام دەبێت "ئەمریـکا لـە ناوچەیەکی ئاڵـۆز و زەحمەتی وەکـو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا پێویسـتی بە هاوپەیمانە و بە ئاسـانی دەسـتبەرداری ئەو پەیوەندیانـە نابـێ". ئیدز وای بـە (ڕووداو) گـوت، بـەڵام پێیوانییـە ئەمریکا لـە هەموو هەلومەرجێکـدا پشـتگیری کـوردی ڕۆژئـاوا بـکات، بەڵکو داخوازیـی عەرەبی ناوچەکەش لەبەرچاو دەگرێت و سیاسـەتێکی هاوسـەنگ پەیڕەو دەکات.

سـەبارەت بـە دووبارەبوونـەوەی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، ئیدز دەڵێت "بارودۆخی ئێستای کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان وەکو بارودۆخی کـوردی سـاڵی 1975 نییـە، زۆر ئاڵـۆز و نادیارە. لەبەر ئەوەی هەموو لایەنەکان نازانن لـە کۆتاییـدا چـی ڕوودەدات، هـەوڵ دەدەن یارییەکـە بە نەرمی ئەنجام بـدەن. کوردیش لەنێو ئـەو هاوسـەنگییەدایە. پێگـەی کورد ئێسـتا بە بـەراورد لەگەڵ سـاڵی 1975 زۆر پتەوترە".

پەیوەندیـی کورد لە ڕۆژئاوای کوردسـتان لەگـەڵ ئەمریـکا، مێژوویەکی درێـژی نییە، سـاڵی 2014 لە کاتـی گەمارۆدانـی کۆبانـێ لەلایەن داعشـەوە دەسـتی پێکرد. سەرەڕای ئەو مـاوە کورتەش ئـەو پەیوەندییە بەچەند قۆناغێـک و ئاسـتێکدا تێپەڕیـوە. ئـارزوو یڵماز، پسـپۆڕی کێشـەی کورد و مامۆستای زانکـۆی ئەمریکـی لـە دهـۆک پێیوایـە بێ تێگەیشـتن لە (سـتراتیژی ڕێگای سـێیەم) کـە بەڕێوەبەرایەتـی کانتۆنـەکان لە سـاڵی 2012 بـەدواوە گرتوویەتیـە بـەر، ناتوانرێ خوێندنەوەیەکی ڕاسـت بۆ پەیوەندی ئەمریکا و پەیـەدە بکرێ. بەگوێـرەی یڵماز ناوەڕۆکی سـتراتیژی ڕێگای سێیەم دەڵێت "هەماهەنگی لەگـەڵ هەر لایەنێک دەکەم کە پشـتگیری لە پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕۆژئاوا بکات".

یڵماز ئەوە بە ستراتیژیەکی پراگماتیستانە وەسـف دەکات و پێیوایە لەم چوارچێوەیەدا ماوەیـەک لەگـەڵ ڕژێمـی سـوریا، ماوەیەک لەگـەڵ تورکیـا، ماوەیـەک لەگەڵ ڕووسـیا، ماوەیەک لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندییان دروست کرد. ماوەیەک لەگەڵ ئۆپۆزسـیۆنی سـووریا هەماهەنگییان کرد "ئـەم تابلۆیە یارمەتیمان دەدات بۆئەوەی لە ڕۆژئاوا تێبگەین".

ئارزوو یڵماز دەڵێت "هەتا داعش هێرشـی نەکـردە سـەر کۆبانـێ، ئەمریکا ڕاسـتەوخۆ هـاوکاری ڕۆژئـاوای نەکـرد. بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژئـاوای بانگی کۆنگـرەی یەکەم و دووەمی جنێڤ نەکرد. ڤیزای نەدایە سـاڵح موسـلیم، سـەردانی ئەمریـکا بـکات، سیاسـەتێکی گونجـاوی بەگوێـرەی نیگەرانییەکانی تورکیا پەیڕەو دەکرد".

دوای ڕووداوەکانـی کۆبانـێ لـە تشـرینی یەکەمـی 2014 ئـەو سیاسـەتەی ئەمریـکا گۆڕانـی بەسـەردا هـات، وەکـو ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان سـەرکۆماری تورکیا گوتی (سـەرەڕای ناڕازیبوونـی ئێمـە) ئەمریـکا بۆ یەکەمجار لە کۆبانێ پشتگیری لە کورد کرد.

یڵمـاز دەڵێـت "هەڵمەتـی پشـتگیریی ئەمریـکا لـە کـورد لەکاتـی ڕووداوەکانـی کۆبانـێ چاکەیـەک نەبـوو لەگـەڵ کـورد. بەپێچەوانـەوە کاردانەوەیەک بـوو لەژێر ناوی کۆنترۆڵکردنی ئەو سـنوورە لەلایەن داعش کە پشتگیری لۆجستیکی لەسەر سنووری تورکیا بەدەستدەهێنا، هێڵی پەڕینەوەی ملیتانان بوو لە ئەورووپاوە بۆ سووریا".

ئارزوو یڵماز هاتنی ڕووسـیا بۆ سـووریا لە تشـرینی دووەمی 2015 بـە قۆناغی دووەمی پەیوەنـدی ئەمریکا و پەیەدە وەسـف دەکات و دەڵێـت "تـا ئـەو کاتـە ئەمریـکا داوای لە پەیـەدە دەکرد لەگـەڵ تورکیا و ئەنەکەسـە هەماهەنگـی بکات. سیاسـەتێکی مامناوەندی پەیـڕەو دەکـرد و نیگەرانییەکانـی تورکیـای لەبەرچـاو دەگـرت. هاتنـی ڕووسـیا بـۆ نێو سووریا هەڵوێستی ئەمریکای لەبەرامبەر کورد بەتەواوەتـی گۆڕی. چونکە سـتراتیژی ڕێگای سـێیەم کە کورد پەیڕەوی دەکرد دەرفەتی بۆ کوردی سـووریا ڕەخسـاند تاوەکو پەیوەندی لەگـەڵ ڕووسـیا ببەسـتێت. لێـرەدا ئەمریکا سـتراتیژییەکی دیکەی پێشخست، نەک تەنیا پەیوەسـت بەداعش، بەڵکو کوردی سووریای وەکو شەریکی ستراتیژی دەستنیشان کرد".

پەیوەندیـی ئەمریـکا– پەیـەدە، دۆسـت و نەیارانـی ئەمریکـای لەناوچەکـە نیگـەران کردووە. بۆیە هەریەک لەلای خۆیەوە دەخوازێ ئـەو پەیوەندییە هەڵوەشـێتەوە، ئەگەر هەرنا لاواز ببێ و زیاتر بەرفراوان نەبێ، بەڵام تورکیا لە هەموویان زیاتر بەو پەیوەندیە نیگەرانە.

لەمـاوەی ڕابـردوودا لـە میدیا عەرەبییەکانەوە دەنگۆی دانیشتنی نوێنەرانی سـووریا و تورکیـا لـە جەزائیـر بڵاوکرایەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە "ئایا تورکیا دەتوانێ بە پشتبەسـتن بـە پێگـەی جیۆپۆلیتیکی و پەیوەندییە مێژووییەکانـی لەگەڵ ڕۆژئاوا درز بخاتـە پەیوەندی نێوان ئەمریکا – پەیەدە لە داهاتوودا؟

فەهیم ئیشق کە نووسەرێکی ناوداری کوردە لـە تورکیا، پێیوایە تورکیا هەر لەسـەرەتاوە ویسـتوویەتی ئـەو پەیوەندییـە خـراپ بکات "دیـارە هێزی تورکیا بەشـی ئەمـەی نەکرد. هێشـتا تورکیـا لە بانگەشـەکانی پەشـیمان نەبووەتـەوە. بۆ تێکدانـی پەیوەندی ئەمریکا و پەیەدە درێژە بە هەوڵەکانی دەدات. کاتێک لەم گۆشەیەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەین لە کۆتاییدا ئەمریکا و تورکیا ناچارن یەکێک لەو دوو ڕێگایـە هەڵبژێرن. یان ئەمریکا لە تورکیا پەشـیمان دەبێتەوە، یان تورکیا هیچی دیکە ناڵێـت پەیـەدە تیرۆریسـتە، دەتوانین بڵێین بژارەی دووەم واقیعیترە، بەڵام هێشتا تورکیا لە سیاسەتێکی واقیعی دوورە".

مـوراد یەتکیـن پێیوایـە ناکۆکیـی نێوان ئەمریـکا و تورکیـا لەسـەر پەیـەدە کاتییـە "پەیوەنـدی تورکیـا و ئەمریکا بـە پەیەدەوە سـنووردار نییـە. بەڵکـو زۆر بەرفراوانـە و چەندیـن ڕەهەنـدی هەیـە، ڕەهەنـدی ناتـۆ، ڕووسـیا، دەریای سـپی، ئاسیای ناوەڕاست و بەلکان لەخۆ دەگرێت. بۆیە لەوانەیە مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ پەیەدە کاتی بێ".

ئارزوو یڵماز، پێیوایە کوردستان بە ڕۆژئاوا و باشـوورییەوە بووەتـە ناوەندێکـی نوێـی جیۆپۆلیتیکـی، بۆیـە گومانی لـەوە نییە کە پەیوەندیی ئەمریکا – پەیەدە دوای پرۆسـەی لەناوبردنی داعش درێژە دەکێشێ. ئەو دەڵێت "لـە دوای ڕێککەوتنـە ئەتۆمییەکەی ئێران، ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بەدوای دۆزینـەوەی هاوسـەنگییە لەنێوان سـوننە و شـیعەدا. لـە ناوچەکـەدا جگە لە کـورد هیچ هێزێکی دیکە نییە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا بکات. بۆیە پەیوەندییەکان بەردەوام دەبن".

## سوپای تورکیا واز لە ڕۆبۆسکێ ناهێنێ

# قوربانیانی ڕۆبۆسکێ بوونە 36 کەس

**ڕووداو– هەولێر**

بەهۆی بۆردومانی سوپای تورکیاوە، دوو گەنجی دیکەی بنەماڵەی (ئەنجو) کە خەڵکی گوندی ڕۆبۆسـکێن لە باکووری کوردستان، لەسـەر سـنووری هەرێمی کوردستان بوونە قوربانـی. بەمەش قوربانیانی ڕۆبۆسـکێ بە دەستی سوپای تورکیا گەیشتنە 36 کەس.

لـە 2011/11/28 ژمارەیـەک کۆڵبەری گونـدی ڕۆبۆسـکێ کەوتنە بـەر بۆردومانی فڕۆکەکانـی تورکیـا، بـەو هۆیەشـەوە 34 کەسـی دانیشـتووی ئەو گوندەی سـەر بە شـارۆچکەی قلابانی شـرناخ کوژران. دوای تێپەڕبوونـی نزیکـەی پێنج سـاڵ بەسـەر ئـەو ڕووداوەدا، ڕۆژی 30ی مانگـی ڕابردوو لەهەمان شوێنی ئەو 34 کەسە، دوو گەنجی دیکـەی ڕۆبۆسـکێ لـە بنەماڵـەی ئەنجو، بەهـۆی بۆردومانـەوە بوونـە قوربانـی و بەمەش ژمارەی قوربانیانی ڕۆبۆسکێ بۆ 36 کەس بەرزبووەوە.

لـەو بۆردومانـەدا ویداد ئەنجـو، تەمەن 16 سـاڵ کـوژرا و پێنج کۆڵبـەری دیکەش برینداربوون. خێزانی ویداد، ویستیان تەرمی کوڕەکەیان لە گۆڕسـتانی 34 قوربانییەکەی 2011 بەخـاک بسـپێرن، بـەڵام جەندرمـە ڕێگـای نـەدا. بۆیـە ویـداد بەبێدەنگـی لە گۆڕستانی گوند بەخاک سپێردرا.

وەلـی ئەنجـو، سـەرۆکی کۆمەڵـەی کەسـوکاری قوربانیانـی ڕۆبۆسـکێ بـە (ڕووداو)ی گـوت "جەندرمە و پۆلیس هاتنە نێـو گونـد و گوتیان نابێ تەرمـی ویداد لە گۆڕسـتانی ئەو 34 کەسـە بشارنەوە. ئەوە دەبێتـە پڕوپاگەنـدە بـۆ تیـرۆر و پەڕاوی لێکۆڵینەوەتان بۆ دەکەینەوە".

دوای تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ بەسەر کوژرانی ویـداد، یڵماز ئەنجو کە ئامۆزای ویدادە و لە ڕووداوەکەدا بریندار ببوو، بەهۆی سـەختیی برینەکـەی لە نەخۆشـخانە گیانی سـپارد. زەینـەب ئەنجـو دایکی یڵمـاز دوای مردنی کوڕەکـەی بـە ڕۆژنامەکانی گـوت "ڕێگایان نەدا کوڕەکەم بە برینداری ببینم".

خەڵکـی ڕۆبۆسـکێ دەڵێـن ناوچەکەیان بەتەواوەتـی بووەتە ناوچەیەکی سـەربازی، سـوپا بەبـێ ئاگادارکردنـەوەی قایمقـام و والی، دەسـەڵاتی پێدراوە هەرچی مەبەست بـێ بیـکات. وەلـی ئەنجـو لەوبارەیـەوە دەڵێت "سـوپا لـە جیاتی والـی و قایمقام بڕیـار دەدات. ئەوەی خۆی مەبەسـتی بێت دەیکات".

ڕۆژنامەنووسـێکی باکـووری کوردسـتان قسەکانی وەلی ئەنجو پشتڕاست دەکاتەوە. ئەو ڕۆژنامەنووسـە بەو مەرجـەی ناوەکەی بڵاونەکرێتەوە بـە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ دوو ڕۆژنامەنووسـی هاوڕێـم بڕیارمـان دا بـە ڕێـگای جۆلەمێـرگ بچینە ڕۆبۆسـکێ. لە خاڵی پشـکنینی خابـوور، دوای ئەوەی زانییـان دەچینـە ڕۆبۆسـکێ پێیانگوتیـن ناسـەقامیگرە. کەلەخێک لـەوێ کەوتووە، مەبەسـتیان لـە کەلەخەکـە تەرمـی ویداد ئەنجـو بوو، بـەڵام ئێمـە پێداگیرمان کرد. دوای بڕینی چەند خاڵێکی دیکەی پشـکنین گەیشـتینە ڕۆبۆسکێ، بێدەنگی و خەمباری ناوچەکـەی داگرتبـوو. هەمـوو ئەوانـەی لە پرسـەی ویداد بـوون دەیانگـوت: ئەمە کۆمەڵکوژی دووەمی ڕۆبۆسکێیە".

خێزانی ویداد ئەنجو لە چوار کوڕ و حەوت کچ پێکدێـن، بەڵام بەهۆی ئـەوەی باوک و دایکی ویـداد مارەبڕیان لە دادگا نەکردووە، هـەر منداڵێکیان لەسـەر خزمێکیـان تۆمار کـردووە. ویداد لەسـەر مامێکی ناسـنامەی باری شارستانی بۆ دەرهێنراوە.

فەلـەک ئەنجـو، ئامۆژنـی ویـداد کە لە ناسـنامەی باری شارسـتانی دایکی ویدادە و لـە کۆمەڵکوژیـی 2011 کوڕێکی بەناوی ئەرکان ئەنجو لەدەسـتداوە ، بە (ڕووداو)ی گوت "جارێکی دیکە جەرگیان سـووتاندین. ئـەوەی دەکرێـت نەخشـە بـۆ کێشـراوە، ئامانجیـان ئەوەیە ڕۆبۆسـکێ چۆڵ بکەین. کوێسـتانەکان قەدەغەکـراون، ناتوانیـن مەڕداری بکەین. تاکە سـەرچاوەی داهاتمان بازرگانییە لەسەر سنوور. مانگێک زیاتر بوو کوڕەکانمان لەبەر چاوی سەربازان هاتوچۆی سـنووریان دەکرد، بۆ یەکجاریش ئاگاداریان نەکردوونەتەوە".

فەلەک لـە درێـژەی قسـەکانیدا دەڵێت "ویـداد دەیخواسـت ببێتـە دکتـۆر. بـۆ پەیداکردنـی پارەی جلی جـەژن هاتوچۆی سـنووری دەکرد. کاتێک چووین تەرمەکەی بێنینـەوە ئاگریـان لـە ناوچەکـە بـەردا و ویسـتیان ڕێگریمـان لێبکـەن. بـە پەلـە ناشتمان. ڕێگایان نەدا لەلای ئەوانەی دیکە بەخاکی بسپێرین"

قاچاخچیەتـی کارێکی بەدەر لەیاسـایە، بـەڵام تەنیا لـەو کاتـەی قاچاخچی هەوڵی ڕاکردن لەدەسـتی هێزە ئەمنیەکان دەدات، مافیـان هەیـە تەقـەی لێبکـەن. بۆیـە لە ڕووی یاساییەوە بۆردومان و تۆپبارانکردنی کۆڵبەرانی ڕۆبۆسکێ هیچ بیانوویەکی نییە.

سوپا پاساوی بۆ بۆردومانەکە هێناوەتەوە و دەڵێت لە کاتی تێپەڕبوونی ئەو کۆڵبەرانە پەکەکـە هێرشـی کردووەتـە سـەر ئـەو سەربازگەیەی کە لێیەوە بۆردومانەکە کراوە.

پارێـزەر مەمەد ئەکیـن، ئەندامی ژووری پارێزەرانی تورکیا بـە (ڕووداو)ی گوت "لە هیـچ شـوێنێکی جیهان بەر لـەوەی ئاگادار بکرێتـەوە تەقـە لـە قاچاخچـی نەکـراوە. ئەگەر قاچاخچی ماددەی هۆشـبەریش بێ، پێویسـتە سـەرەتا ئـاگادار بکرێتـەوە. لە ڕۆبۆسـکێ نـەک ئـەوە نەکـراوە، بەڵکو لە دووریی زیاتر لە یەک کیلۆمەتر ئەو کەسانە تۆپباران کراون".



یڵماز ئەنجو



ویداد ئەنجو

## رووداو مەرجەکانی کردنەوەی دەروازەکە ئاشکرا دەکات

### بەرپرسی دۆسیەی رۆژاڤا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

# پەیەدە گوتی دەروازەی سێمالکا بکەنەوە کێشەی ئەنەکەسە چارەسەر دەکەین

هێڤیدار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

کردنەوەی دەروازەی (سێمالکا) بە "مەرج" بووە و رەنگە ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی خولێکی دیکەی دانوستاندن لە نێوان پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD) و ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا (ENKS)، بەڵام پێناچێ پەیەدە پارتەکانی ژێر چەتری ئەنەکەسە بکاتە شەریک لە رۆژئاوای کوردستان.

دەروازی سێمالکا کە باشووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان پێکەوە دەبەستێتەوە، رۆژی 2016/6/8 بەفەرمی کرایەوە. دەروازەکە یەکەمجار لە 2013/1/16 کرایەوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی سیاسی نێوان پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) و پارتی دیموکراتی کوردستان، دەروازەکە داخرا.

ئاڵدار خەلیل، ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی جڤاتی دیموکراتیک تەڤدەم لە رۆژئاوای کوردستان پێش کردنەوەی دەروازەی سێمالکا، لە ناوەڕاستی مانگی مایسی ئەمساڵ کاتێک قسەی بۆ کادیرانی پەیەدە دەکرد، لەبارەی داخستنی دەروازەی سێمالکا گوتی "لە کانتۆنی جەزیرە دەروازەیەکی سنووری هەیە خەڵک لێی سوودمەند بوو، بەڵام داخرا و بە ئاشکرا هۆکاری داخستنەکەش دەڵێم، دەبێ پارە بدەین تا دەرگاکە بکرێتەوە".

تەنانەت ئاڵدار خەلیل لەسەر کردنەوەی دەروازەکە داوایەکی لە خەڵکی رۆژئاوای کوردستان کرد و گوتی "ئیدی پێویستمان بە هاوکاریی هەرێمی کوردستان نییە، ئەگەر داوای کردنەوەی دەرگای سێمالکامان لێکردن، رەخنەمان لێبگرن".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، داهاتی پەیەدە لە دەروازەی سێمالکا لە ماوەی شەش مانگدا 12 ملیۆن دۆلار بووە.



داهاتی پەیەدە لە دەروازەی سێمالکا لە ماوەی شەش مانگدا 12 ملیۆن دۆلار بووە. (فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

حەمید دەربەندی، بەرپرسی دۆسیەی رۆژئاوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، مەرجەکانی کردنەوەی دەروازەی سێمالکا بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات.

حەمید دەربەندی، بەرپرسی مەلەفی رۆژئاوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "سەرۆک بارزانی گوتی لەبەر ئەوەی خەڵکی رۆژئاوا دەستکورتن، بەتایبەتیش ئێستا کە مانگی رەمەزانە، با سنوورەکە بکرێتەوە". دەربەندی رەتیکردەوە کە کردنەوەی سنوور لەژێر گوشار بووبێ "دەروازەکە نە لەژێر گوشار و نە لەسەر داوای کەس کراوەتەوە، بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی خەڵکەکە کراوەتەوە".

لاهور شێخ جەنگی، بەرپرسی دەزگای زانیاری لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، رۆژی 2016/6/6 لە کۆبانێ بۆ دەزگاکانی راگەیاندن قسەی کرد و گوتی "ئێستا ئێمە لەبری ئەوەی دەستی هاوکاری بۆ کوردانی رۆژئاوا درێژ بکەین، هاتووین بەدەستی خۆمان سنوورێکمان دروستکردووە لە نێوان رۆژئاوا و باشووری کوردستاندا ".

لاهور شێخ جەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە زاڵم ناوبرد و گوتی "حەزدەکەم پەیامێک ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم کە حەق وایە ویژدانی خۆیان ئارام بکەن و واز لەم زوڵمە زۆرە بێنن، چونکە مێژوو رەحم بەکەس ناکات، دەرگای سێمالکا واڵا بکەن بۆ ئەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک دەرمان و خواردن و شیری منداڵ بگاتە رۆژئاوا".

دوای سەردانەکەی لاهور شێخ جەنگی بە دوو رۆژ، دەروازەی سێمالکا کرایەوە، هەر زوو لاهور شێخ جەنگی رایگەیاند "کردنەوەی دەروازەی سێمالکا لەسەر داوا و گوشاری ئێمە بوو".

بەڵام حەمید دەربەندی، ئەو ئیدیعایە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە کەسێک بەناوی لاهور شێخ جەنگی ناناسین. دوو هەفتە پێش قسەکانی لاهور لە 2016/5/22 لەگەڵ نوێنەری پەیەدە ئاڵدار خەلیل لە پێشابوور کۆبووینەوە و هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا دەروازەکە بکرێتەوە".

حەمید دەربەندی مەرجەکانی کردنەوەی دەروازەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت "کردنەوەی سنوور بە رێککەوتن نەبووە لەگەڵ پەیەدە، بەڵام مەرجی ئێمە لەگەڵ پەیەدە ئەوە بووە گومرگ بەهیچ شێوەیەک وەرناگیرێ، تاوەکو شتەکان بە هەرزانی بگەنە دەست خەڵک، کردنەوەی سنووریش تەنیا بۆ خواردن و دەرمان و پێداویستییە مرۆییەکانە".

دەربەندی گوتیشی "بە پەیەدەمان گوت، رازین هەموو کەس بێت و بڕوات و کەلوپەل بکڕێ و بیبات، بەڵام پەیەدە بەوە رازی نەبوون".

بەرپرسی مەلەفی رۆژئاوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان باسی گفتوگۆکانی دوای کردنەوەی دەروازەی سێمالکا دەکات لەگەڵ پەیەدە و دەڵێت "ئاڵدار خەلیل پێیگوتین ئەگەر سنوور بکرێتەوە، ئامادەین بۆ مەسەلەی پرسی ئەنەکەسە بەدوای چارەسەریدا بگەڕێین".

---

## چەکدارەکانیان ونن...

# بۆمبەکانی داعش لە هەموو شوێنێکن

ئەیوب نووری
رووداو- هەولێر

پێش خۆرهەڵاتن، بەیانییەکی زوو لای پردێک لە گوندی حەسەن شام راوەستابووم. سەیری سەدان پێشمەرگە و ئۆتۆمبیلەکانیانم دەکرد کە بەسەر رووبارێکی بچووکی وشکبوودا دەپەڕینەوە بۆ هێرشکردنە سەر داعش و ئازادکردنی چەند گوندێکی کاکەیی و شەبەک لەدەشتی نەینەوا. لەکاتی چاوەڕێکردندا لەگەڵ شارەزایەکی پووچەڵکردنەوەی بۆمب کەوتمە گفتوگۆ. لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا زیاتر لە 120 تۆن بۆمبی داعشی پووچەڵ کردبووەوە و حەوت جاریش بریندار ببوو. کاتێک قسەی لەگەڵ دەکردم لەبەر رووناکی لایتی ئۆتۆمبیلی کاروانی پێشمەرگەکاندا لەسەر زەوییەکی رەق دانیشتبوو، قاپێک شۆربای نیسکی گەرمی دەخوارد بۆ نانی بەیانی، پێش ئەوەی ئەویش پەیوەندی بە هێزەکەوە بکات.

پاش ئەوەی مۆڵەتمان لە ئەفسەری بەرپرسی پردەکە وەرگرت، پەیوەندیم بە هێزەکەوە کرد کە چەند کیلۆمەترێک لەپێشتر خۆیان بۆ دەسپێکردنی هێرش ئامادە دەکرد.

خۆر هێشتا لەپشت چەند گردۆڵکەیەکی دوورەوە بوو کاتێک پێشمەرگەکان شوێنی خۆیان گرت و یەکەم مووشەکیان بەرەو داعش هاویشت لە گوندی موفتی کە لەوبەری دەشتێکی پان و بەرین بوو. مووشەکی دووەمیان هاویشت و بەدوایدا ئاگری دۆشکە. وەڵامی داعشیش خێرا بوو. هاوەنێکیان هاویشت لەپشت هێڵەکانی پێشمەرگەوە بەر زەوی کەوت و تەپوتۆزی بەئاسماندا کرد. هاوەنی دووەم و سێیەمیش هاتن و پێشمەرگە وەڵامی دانەوە.

هەرجارێک گوێمان لە هاشەی هاوەنێک دەبوو، یەکێک لەپێشمەرگەکان دەیگوت "تەقەی خۆمانە" یان "هاوەنی ئەوانە" تاوەکو خۆی و کەسانی دەوروبەری دڵنیا بکاتەوە. گوێ قوڵاخ دەبووین تاوەکو بزانین پێویست دەکات سەردانەوێنین یان خۆمان لەناو یەکێک لە رەبایە کۆنکرێتییەکاندا بشارینەوە. چەند هاوەنی یەکەم سێ پێشمەرگەیان بریندار کرد. دوو هاوەنیش لەنزیک ئێمە بەر زەوی کەوتن، بەڵام خۆشبەختانە نەتەقینەوە.

لەخەندەقێکەوە دەچووم بۆ خەندەقێکی دیکە، قسەم لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە دەکرد کە لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستانەوە هاتبوون. پێشمەرگەیەکی خەڵکی هەڵەبجە لەگەڵ باوک و برایەکی ئەو رۆژە لەبەرەی جەنگ بوون. تفەنگێکی M4 ی ئەمریکی و 350 فیشەکی نوێی پێبوو کە بەنیاز بوو هەمووی لەپێناو ئازادکردنی گوندەکەدا بتەقێنێ.

لەیەکێک لە خەندەقەکان بۆ ماوەیەک لەپەنا قەناسێکەوە راوەستام کە تفەنگەکەی لەسەر گونیەی پڕ لەخۆڵ دانابوو و بێدەنگ لەدووربینەکەیەوە سەیری گوندەکەی بەرامبەری دەکرد، بێئەوەی چاو لە دووربینەکەی لا بدات یان ئاوڕێک بداتەوە، لەژێر لێوەوە گوتی "سەیری ئەو شوێنانە دەکەم کە فڕۆکەکان لێی دەدەن، بزانم چەکدارەکانی داعش رادەکەن بۆ خۆحەشاردان؟". قەناسەکە گوتی لە دوو ساڵی رابردوودا زیاتر لە 40 چەکداری داعشی کوشتووە.

لەناو هەمان خەندەقدا پێشمەرگەیەکی چاویلکە لەچاوم بینی. قژی کورت و سمێڵی باریک. کۆمیسار دانیلۆڤی بیرهێنامەوە لە فیلمی (Enemy at the Gates) تفەنگەکەی لەسەر کۆشی دانا و گوتی "ئەم سەگبابانە وەک جۆگەلەی ئاو وان، هەر دەیانکوژین و هەر دێن".

کۆمەڵێک پێشمەرگە پێشڕەویی هێرشەکەیان دەکرد، بەڵام بەهێواشییەکی بێوێنە دەچوونە پێش لەبەرئەوەی دەبوو رێی خۆیان لە دەشتێکدا بدۆزنەوە کە نە رێگای هەبوو نە ناونیشان. لەهەمانکاتدا هاوەن و تۆپی دوژمن هەراسانی کردبوون. تاکە هۆکاری پاراستنیان چەند قەناسێکی نێو خەندەقەکان و چەکەکانی خۆیان بوو.

دوای ئەوەی چەند شۆفلێک رێگایەکی بەپەلەیان دروستکرد، هێزەکانی پاڵپشتیش بەرەوپێش چوون و لەخاڵێکی نزیک بە گوندەکە جێگیربوون. لەم شوێنەدا رووبەڕووبوونەوە هێند سەخت بوو کە ناچار بووم بۆ خۆپاراستن خۆم بدەمە پەنا تانکێک.

لەنزیک یەکێک لە تانکەکان چەند سەربازێکی بیانیم بینی و پاش هێوربوونەوەی دەنگ و فیشکەی گوللەکانی داعش بۆ لایان چووم، لەگەڵ یەکێکیان کەوتمە گفتوگۆ کە کڵاوێکی دژە گوللەی لەسەر بوو. بەدووربینێکی بچووک



لە گوندەکەی بەرامبەری دەڕوانی و چەند خولەک جارێک بە ئامێرێکی بێسیمی رەش تەنسیقی لەگەڵ فڕۆکەکان دەکرد بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی ئامانجەکان، ئەم سەربازە کەنەدی بوو. خەڵکی شارۆچکەیەکی بچووک بوو لەپارێزگای بریتش کۆڵۆمبیا. فڕۆکەکان تەنیا دەنگیان دەهات لەوپەڕی ئاسمانەوە، بەڵام دووجار چاوم لێبوو کە هاتن و بۆمببارانی دوو مۆڵگەی داعشیان کرد و دارو پەردوویان کرد بەئاسماندا. ئەم چرکەساتە دیمەنێکی هاوشێوەی ساڵی 2003ی بیر هێنامەوە. ئەو کاتەی کە رووماڵی هێرشی ئەمریکام بۆ سەر عێراق دەکرد. ئەو ساڵەش رۆژێک لە میحوەری گوێڕ لەپەنا ئەفسەرێکی تایبەتی ئەمریکییەوە راوەستابووم کە رێنمایی فڕۆکەکانی دەکرد بۆ بۆمببارانکردنی بنکەکانی سوپای عێراق.

پاش بۆمببارانکردنی گوندەکە بۆ ماوەی نیو کاژێری دیکە، نزیکەی 100 پێشمەرگە بەڕێکەوتن و منیش بەوریایی بەجێی تایەی ئۆتۆمبیلەکانیاندا شوێنیان کەوتم تاوەکو گەیشتینە شوێنێکی تەختایی کەمتر لە 200 مەتر لەنزیک گوندەکە. لەو کاتەدا گروپێکی چەند کەسی لە پێشمەرگە بەنێو دڕک و داڵدا چوون و خۆیان گەیاندە قوتابخانەی گوندەکە. یەکێکیان لەسەر پارچە چیمەنتۆیەک راوەستا و لە پەنجەرە بچووکەکانەوە دەستڕێژێکی گوللەی بەنێو قوتابخانەکەدا کرد. پێشمەرگەیەکی دیکەش یەک مەخزەن فیشەکی بە قوفڵی دەرگاکەوە ناو بە دوو پێلەقەی بەهێز شکاندی. منیش بەدوایاندا چوومە نێو قوتابخانەکە.

لەحەوشەی قوتابخانەکە چەند مێزێکی تۆزاوی کەوتبوون. لەناو ژووری بەڕێوەبەر چەندین کورسی و مێز و چەکمەچ و فایل و پەرتووک پەرش و بڵاوببوونەوە. تا ئەو کاتەش من و پێشمەرگەکان نەماندەزانی ناوی گوندەکە چییە. لەنێو ژووری مامۆستاکان ناوی گوندەکەم دۆزییەوە کە لەسەر خشتەیەکی کۆنی وانەی هەفتانەی ساڵی 2012 بەدیوارەکەدا هەڵواسرابوو.

کاتێک لەنێو قوتابخانەکە بووم، تەقینەوەیەکی بەهێز رایوەشاندم. هاتمە دەرەوە و دیتم ستوونێک لە خۆڵ و دووکەڵ چەند مەترێک لەولاترەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. یەکەم بیرم بۆ ئەوە چوو کە تۆپی تانکی پێشمەرگەیە و بەخۆمم گوت باشە بۆ تەقە لە گوندەکە دەکەن خۆ هاوڕێکانیان لێرەن! پاشان گوتم رەنگە هاوەنی ئەو داعشانە بێت کە لەپاشەکشێدان.


قوتابخانەکەم بەجێهێشت و بەرەو شوێنی تەقینەوەکە چووم. بەردەوام چاوم لەبەرپێی خۆم بوو نەوەک پێ لەسەر مینێک دابنێم. کە نزیک بوومەوە چوار پێشمەرگەم بینی بە هاوار ئاماژەیان بۆ بەردەم خۆیان دەکرد، نەمدەزانی بۆچی هاوار دەکەن. بەڵام دەستبەجێ قەڵەم و دەفتەرەکەم لە گیرفانم ناو بەرەو روویان چووم. کە گەیشتمە لایان بینیم دوو پێشمەرگە لەسەر زەوییەکە کەوتوون.

لەو ساتەدا یەکێک لە دوو پێشمەرگەکەیان هەڵگرتەوە و بردیان کە قاچی پێکرابوو و خوێنی لێ دەتکا. ئەوی دیکەیان گیانی دەرچووبوو. لەسەر زەوییەکە لەسەر پشت راکشابوو. هەردوو چاوی سپی هەڵگەڕابوون. پۆستاڵەکانی بەلادا کەوتبوون و کاتژمێرە زیوییەکەی لەژێر تیشکی رۆژدا دەدرەوشایەوە. بیرم کەوتەوە کە چەندجارێک لەسەرەتای هێرشەکەوە لەشوێن و حاڵەتی جیاوازدا بینیبووم، بەتایبەتی یەکەم چرکەی هاتنە دەرەوەی لە بنکەکەی دەمەوبەیان بۆ بەشداریکردن لەهێرشەکەدا. هاوسەنگەرەکانی پێیانگوتم ناوی عەمید رزگارە، پزیشکی سەربازی بوو. چەند چرکەیەک پێش کوژرانی ملازمێکی لەگەڵ بوو کە ئەو بەیانییەش لە بەشەکەی خۆی دوو خەیاری دابوو بە عەمید رزگار. دەیگوت عەمید رزگار بەزۆر پێشمەرگەکانی دانیشاندبوو تاوەکو خۆی بڕوات و ئەو شوێنە بپشکنێت کە گومانی دەکرد چەکداری داعشی تێدا بێ "پێیگوتم تۆ دانیشە. تەنانەت بەدەستی خۆی داینیشاندم و بە تفەنگ و دەمانچەیەکەوە چوو". چرکەیەکیش پێشتر بە پێشمەرگەکانی گوتبوو "ئێوە بۆ خاکی خۆتان دەجەنگن و ژن و منداڵ و دایک و باوکتان چاویان لێتانە".

بەقسەی هاوڕێکانی، تەنیا چەند مەترێک لەشوێنەکەی خۆی دوورکەوتبووەوە کە چەکدارێکی خۆکوژی داعش لە تونێلێک هاتبووە دەرەوە و دەستڕێژی لە عەمید رزگار و پاسەوانەکەی کردبوو، پاشان خۆی تەقاندبووەوە. دوای ئەوەی پێشمەرگەکان تەرمەکەیان هەڵگرت و بردیان، سەیری تونێلەکەم کرد کە لە سێ کونەوە بۆی دەچووی و بە وایەرێکی باریکی سوور پێکەوە بەسترابوون. لە خۆکوژەکەی داعش هیچ بەجێنەمابوو جگە لە پێستی سەری و پاترییەکی گەورەی ئۆتۆمبێل کە رەنگە بۆ خۆتەقاندنەوەکەی بەکاری هێنابێت.

بەرەو قوتابخانەکە بەڕێکەوتمەوە، بەڵام زۆر بە وریایی چونکە لەناکاو تەواوی گوندەکە لەبۆمبێکی کاتیی دەچوو. هەموو بەردێک، هەموو تۆپەڵە خۆڵێک، هەموو پارچەیەک ئاسن دەکرا بۆمبێک بێت. لەڕێگەشدا لای دیوایماڵێکی چۆڵ راوەستام و سەیری حەوشە پڕ دڕک و داڵەکەیانم کرد کە چەند چۆلەکەیەک بەسەر درەختێکەوە دەیانجریواند. لەم کاتەدا بێدەنگییە سامناکەکە بە دەنگی گەورەترین تەقینەوە شکا. ئۆتۆمبیلێکی بۆمبرێژکراو تەقیەوە و تەواوی ناوچەکەی بە دووکەڵ داپۆشی. سەرم هەڵبڕی پارچەیەک بە قەبارەی دەمە تەورێک بە خولانەوە لەئاسمانەوە دێتە خوارەوە و چەند مەترێک لەولامەوە دای بەزەویدا. بەدوای ئەمیشدا تەقینەوەیەکی گەورەتر هات کە ئاسمانی پڕکرد لە پارچە پۆڵا ئاسنی گەرم.

کاتێک گەیشتمەوە قوتابخانەکە بە قادرمەکانیدا سەرکەوتم و لەسەربان لەژێر تیشکی گەرم و راستەوخۆی خۆردا دانیشتم. لەو ئاگرە گەورەیەم دەڕوانی کە تەواوی دەشتە بەرینەکەی هەڵدەلووشی و بە بەرچاومەوە دەیکرد بەخۆڵەمێش.



## کەرکووک 34 هەزار بێکاری هەیە

**ڕووداو- کەرکوک**

عومەر حەسەن، سەرۆکی لقی کەرکووکی سەندیکای کرێکارانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی دوایین ئاماری نووسینگەی کار لە کەرکووک کە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە، دەرکەوتووە نزیکەی 34 هەزار کەس لەو نووسینگەیە وەکو بێکار تۆمارکراون. ناوبراو گوتی "ئەو ژمارەیە بۆ ناوەندی شار کە نزیکەی 400 هەزار کەس دەبن زۆرە و ڕێژەی 10%یە، لە کاتێکدا ساڵانی 2012 و 2013 نزیکەی 8% بوو". گوتیشی "چەند هۆکارێک بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی بێکاری هەندێکیان ڕەنگە کاریشیان هەبێت، بەڵام خۆیان تۆمارکردووە، بەشێکیشیان ئاوارەن".

# جووتیارێکی کورد دەرمانێک بۆ زیانبەخشترین گیا دەدۆزێتەوە



وەزارەتی کشتوکاڵ متمانەی بە موتوربەکانی ئازاد نییە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

جووتیارێکی شارەدێی سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە، لەڕێی تاقیکردنەوە و پشتبەستن بە ئەزموونی خۆی، دەرمانێکی بۆ لەناوبردنی گیای زیانبەخشی باخەکەی دروست کردووە و بەتێکەڵکردنی خۆڵەمێش و پاشماوەی ئاژەڵیش، بەرهەمی باخەکەی زیاد دەکات.

ئازاد محەممەد عەبدوڵڵا، ماوەی 25 ساڵە بەکاری جووتیارییەوە خەریکە و ساڵانە لە زەوییەکەی کە تەنیا شەش دۆنمە، لەنزیک گوندی بەشارەتی سەر بەناحیەی سیروان، میوە و سەوزە دەچێنێ بەبێ ئەوەی پەینی کیمیایی و دەرمانی قڕکەر بەکاربهێنێ.

### سەوزە لە سەوزە موتوربە دەکات

ئەو جووتیارە توانیویەتی لەڕێی موتوربەوە گەشە بە بەرهەمی کێڵگەکەی بدات. بۆ نموونە تەماتەی لەسەر باینجان و پەتاتە موتوربە کردووە، هەروەها بامیە و کاڵەک لەسەر تەماتە، خەیار لەسەر کولەکە. بیبەر لەسەر پەتاتە و کاڵەکی بەشێوەی پێکەوە لکان لەسەر باینجان و بیبەر موتوربە کردووە. کیویی لەسەر مێو موتوربە کردووە، گەنمەشامیشی لەسەر گیای زیانبەخشی کاروش.

ئازاد محەممەد، 44 ساڵ، خاوەنی هیچ بڕوانامەیەکی زانستی نییە، ئەو موتوربانەی بەتێڕامان و ئەزموونی خۆی کردووە. ئازاد دەڵێت "ئامانجم زیادکردنی بەرهەم و چارەسەری نەخۆشییەکانە، بۆیە لام گرنگ نییە بەروبوومەکان سەر بەهەمان خێزانن یان نا".

ئازاد چەند نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی "خەیارم لەسەر کولەکە موتوربە کرد بۆ ڕزگاربوون لەنەخۆشی نیماتۆدا، تەماتەم لەسەر باینجان موتوربە کرد بەرهەمێکی باشم دەستکەوت، باینجانم لەسەر پەتاتە موتوربە کرد، لەیەکاتدا لەهەمان ڕووبەر دوو بەرهەمم دەستکەوت، بۆیە بەردەوامم لەموتوربەکردنی ڕووەکەکان".

ئازاد هەر بە ئەزموونی خۆی لەڕێی تێکەڵکردنی خۆڵەمێش و پاشماوەی مریشک و هەندێ ماددەی دیکەوە، توانیویەتی پەینێکی خۆماڵی بۆ باخەکەی دروست بکات. ئازاد گوتی "هەشت ساڵ لەمەوبەر خانوویەکی پلاستیکیم بەخەیار چاند، خەرتەلەیەکی زۆری لێ شین بوو، منیش هەر لەنێو خانووەکەدا سووتاندم و بۆ ساڵی داهاتوو خەیارم چاند، دەرکەوت ئەو شوێنەی خۆڵەمێشەکەی لێبوو باڵای خەیارەکەی 40 سم لە شوێنەکانی دیکە بەرزتر بوو".

دوای ئەم سەرکەوتنە، ئازاد بەردوام دەبێت لە بەکارهێنانی خۆڵەمێش و گەشەپێدانی، ئەویش لەڕێی زیادکردنی مادەی یۆماکس و پاشماوەی مریشک بۆ خۆڵەمێشەکە. ئازاد محەممەد گوتی "ئەو پەینە خۆماڵییە جگە لەوەی بەرهەم زیاد دەکات، پێگەیشتنی بەرهەمیش پێشدەخات".

### دەرمانی گیاکەڵەی دۆزیوەتەوە

ئازاد هەر لەڕێی تاقیکردنەوەوە توانیویەتی بەتێکەڵکردنی بیبەری تیژ و سیر و پیاز گیراوەیەک بۆ چارەسەری نەخۆشیی نیماتۆ دروست بکات کە زیانی زۆری بۆ بەرهەمی جووتیاران هەبووە. مانگی ڕابردوو لەڕێی دروستکردنی گیراوەیەک توانی زیانبەخشترین گیای نێو تەماتە، خەیار، کاڵەک و شووتی لەناو ببات کە بە "گیاکەڵە" لەنێو جووتیاران ناسراوە.

ئازاد محەممەد دەڵێت "لەتاقیکردنەوەکان بۆم دەرکەوت کە گیاکەڵە حەزی بەئاو نییە، بۆیە گیراوەیەکم بۆ تینووکردنی دروستکرد، دواتر گیراوەیەکی دیکەی سروشتیم لێدا بەیەکەوە گیاکەیان لەنێوبرد، بەڵام نەمامی ڕووەکەکەش دوای سێ ڕۆژ وشک بوو، دواتر پێکهاتەیەکی گیراوەکەم لابرد و ئێستا دەرمانێکم دەستکەوتووە بەماوەیەکی کەم بە لێدانی دەرزییەک گیا کەڵە لەناو دەبەم، ئێستاش دەمەوێ ڕێگایەک بۆ پرژاندنی دەرمانەکە بدۆزمەوە، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر بەروبوومەکە جێبهێڵێ".

ئازاد دەیەوێ لەڕێی کۆمپانیایەکەوە، بە هاوکاریی پسپۆڕێکی تاقیگەیی، زیاتر پەرە بە گیراوەکەی بدات، تاوەکو بەبڕێکی زیاتر بەرهەمی بهێنێ و زیانی لاوەکی لەسەر بەروبوومەکە نەهێڵێ و دواجار بیخاتە بازاڕ و جووتیاران سوودی لێوەربگرن.

دوای دۆزینەوەی ئەم گیراوەیە، هەفتەی ڕابردوو وەزیری کشتوکاڵ خەڵاتی ڕێزلێنانی بە ئازاد بەخشی.

شارەزایانی بواری کشتوکاڵ دەڵێن لێکدان و موتوربەکردنی ڕووەکەکان ئەگەر لەیەک خێزان بن شتێکی ئاساییە، بەڵام پێویستە ئامانج و پلانێکی ڕوون لە موتوربەکردنی هەر ڕووەکێک لەسەر ڕووەکێکی دیکە هەبێت.

### کشتوکاڵ متمانەی بە موتوربەکانی نییە

تارق تاهیر، بەڕێوەبەری پلان و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ کە لەگەڵ شاندێکی ڕێکخراوی جایکای ژاپۆنی سەردانی کێڵگەکەی ئازادی کردووە، دەڵێت "ئەم موتوربە و لێکدانانەی ئازاد کردوویەتی، ناچێتە چوارچێوەی کاری زانستی، چونکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەبێ لەبەرچاوگرتنی خێزانی ڕووەکەکان ئەو کارەی کردووە".

سەبارەت بەو گیراوەیەش کە ئازاد بۆ لەنێوبردنی گیاکەڵە دروستی کردووە، تارق تاهیر گوتی "گیراوەیەکی زۆر باش و بەسوودە بۆ لەناوبردنی گیاکەڵە و هیچ زیانێکیشی بۆ ژینگە و ئاوی ژێر زەوی نییە، بۆیە ئەگەر بتوانێ بەهاوکاری کۆمپانیایەک بەبڕی باش دروستی بکات ئێمە پشتگیری دەکەین، چونکە ئەم گیایە زیانی زۆری بەکێڵگەی جووتیاران گەیاندووە".

بۆ لەنزیکەوە بینینی کاریگەریی ئەو گیراوەیەی کە ئازاد دروستی کردووە، دوو هەفتە لەمەوبەر بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی بە یاوەریی چەند پسپۆڕێکی کشتوکاڵی، سەردانی کێڵگەی ئەم جووتیارەی کرد.

شاڵاو جەمال، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی گوتی "ئەو گیراوەیەی کە دروستی کردووە، گیاکەڵە وشک دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا هیچ توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەریی لاوەکی دەرمانەکە لەسەر خاک و ڕووەک و بەرهەمەکەی نەکراوە، بۆیە ڕێنمایی جووتیاران ناکەین بەکاری بهێنن".

گوتیشی "هەوڵ دەدەین لەئایندەدا بەهاوکاریی پسپۆڕان لەڕێی تاقیگەی زانستییەوە شیکردنەوە بۆ پێکهاتەی گیراوەکە بکەین، ئەگەر دەرکەوت کاریگەریی لاوەکی لەسەر خاک و ڕووەک و بەرهەمەکەی نییە، وەک دەرمانێکی تازە بۆ لەناوبردنی گیاکەڵە دەیناسێنین".

### بە ئەزموونتر لە ژاپۆنی

ئازاد محەممەد، 18 خانووی پلاستیکی لەنێو زەوییەکەیدا هەیە، بۆیە بۆ چاندنی بەرهەمەکانی زیاتر پشت بە خانووی پلاستیکی دەبەستێ، بەڵام بۆ ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ تەماتە و پاراستنی لە گەرمی لە ڕێی بەکارهێنانی تۆڕ، کەپرێکی دروستکردووە.

ئازاد گوتی "بەهۆی بەرزیی پلەی گەرما لە شارەزوور، بەرهەمی تەماتە باش نییە، لەڕێی ئەم کەپرەوە توانیم ئەم گرفتە چارەسەر بکەم، بەرهەمیشی هاوشێوەی خانووی پلاستیکی لێبکەم".

ماوەی دوو ساڵیشە ڕێکخراوی جایکای ژاپۆنی چاندنی برۆکلی و گەنمەشامیی شیرین لەلای ئەم جووتیارە تاقی دەکاتەوە و سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە.

ئازاد دەڵێت "ڕێکخراوی جایکا وەک جووتیارێکی نموونەیی منیان هەڵبژارد بۆ چاندنی برۆکلی لە خانوویەکی پلاستیکیدا، منیش لەگەڵ ئەوەی ئەوان چەند خانوویەکی خۆیشم چاند و لەوانەی خۆمدا ئەزموون و شارەزایی خۆم بەکارهێنا، بە ڕێنمایی و چاودێریی ئەوانیش خانووە برۆکلییەکەی دیکەم خزمەت کرد، دواتر بەرهەمی خانووەکەی من 15 ڕۆژ پێش هی ئەوان پێگەیشت و کێشی هەر سەلکە برۆکلییەک دوو هێندەی هی ئەوان بوو".

# هاوردەکردنی خۆراک بەهۆی قەیرانی دارایی دادەبەزێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**



هاوردەکردنی خۆراک لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەڕێژەی 20% کەمی کردووە

بەڕێوەبەری زنجیرە مارکێتێک دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی و نەمانی مووچەوە توانای دارایی خەڵک زۆر لاواز بووە و کڕینی شتومەک زیاتر لە شتومەکە پێویست و خۆراکییەکاندا کۆبووەتەوە.

محەممەد ئیسماعیل، بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی زنجیرە مارکێتی تیم مارت کە 40 مارکێتی لەنێو شاری هەولێر و دەوروبەری هەیە، دەڵێت "قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی مووچە توانای دارایی خەڵکی زۆر لاواز کردووە، بۆیە خواستی خەڵک بۆ کڕینی کەلوپەل زیاتر لە خۆراکدا کۆبووەتەوە".

محەممەد نموونە بە فرۆشی کەلوپەل لە زنجیرە مارکێتەکانی دەهێنێتەوە و دەڵێت "بەراورد بە دوو ساڵی ڕابردوو فرۆشمان لە کەلوپەلی خۆراک بە ڕێژەی 50% و لە جوانکاری بە ڕێژەی 75% دابەزیوە، تەنانەت لەهەندێ مارکێت قازانجیان بۆ 5% دابەزیوە، ئەم قازانجەش تەنیا بەشی خەرجیی مارکێتەکە دەکات".

محەممەد ئیسماعیل گوتیشی "بەهۆی لاوازیی خواستی کڕین لەلایەن خەڵکەوە بەناچاری 50%ی ئایتمەکانیان لە زنجیرە مارکێتەکاندا کەمکردووەتەوە، تەنیا ئایتمی ئەو کۆمپانیایانەمان هێشتووەتەوە کە دەتوانن لەم بێ بازاڕییە، داشکاندنمان بۆ بکەن".

هەرچەندە خۆراک پێویستییەکی ڕۆژانەیە و مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری ببێ، بەڵام پێدەچێ قەیرانی دارایی و پاشەکەوتکردنی مووچەکانیان لەلایەن حکومەت، کاریگەری لەسەر کڕینی خۆراکیش هەبووبێ و خەڵک وەکو جاران هەموو جۆرە خۆراک و خواردەمەنییەک نەکڕن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر هاوردەکردنی خۆراکیش هەبووە، بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستدان، هاوردەکردنی خۆراک لەهەردوو ساڵی 2014 و 2015 بەراورد بەساڵی 2013 بەڕێژەی 20% کەمی کردووە، ئەمە لەکاتێکدایە بەشێک لە کۆمپانیاکان دەڵێن فرۆشمان کەمی نەکردووە.

جووتیار عومەر، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای نەورەس بۆ بازرگانیی خۆراک، کە کەلوپەلە خۆراکییەکانی بەناوی نەورەس و خۆشی دەفرۆشێت، دەڵێت "سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام فرۆشی کەلوپەلە خۆراکییەکانی کۆمپانیاکەمان لەچاو پێشتر زیادی کردووە و ڕۆژانە 125 تاوەکو 150 تۆن کەلوپەلی خۆراک تەنیا لە هەولێر و دەوروبەری دەفرۆشین، مانگانەش تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان زیاتر لە 6 هەزار تۆن خۆراک لە 280 یەکەی جۆراوجۆر هاوردە دەکەین و لەڕێی 3200 بریکارەوە لە بازاڕەکان ساغی دەکەینەوە".

جووتیار عومەر، نهێنی دانەبەزینی فرۆشی کۆمپانیاکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "هەندێک کۆمپانیا پێشتر بەهۆی گەرمیی بازاڕەوە زیادەی زۆریان دەخستە سەر کەلوپەلەکانیان و لەدەستی دوو خۆراکیان دەکڕییەوە، بەڵام ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە کەمترین قازانج بخەینە سەر کەلوپەلەکانمان، بۆیە فرۆشمان کەمی نەکردووە".

جووتیار کە پێشتر لەسەر عارەبانەیەک لە بازاڕی شێخەڵڵا خۆراکی فرۆشتووە، ئێستا وەک بازرگانێک کەلوپەلی خۆراکی بەتایبەت پاقلەمەنییەکان لە وڵاتانی دیکە هاوردە دەکات و لە کارگەیەکی خۆی لە تورکیا لە قوتوویان دەنێت و دەیانهێنێتە کوردستان.

جووتیار دەڵێت "تەنیا بۆ ئەوەی تێچووی نرخی کەلوپەلە خۆراکییەکانمان کەم بێ و بتوانین لەبازاڕ کێبڕکێ بکەین، زۆرجار هەندێ خۆراک لە تورکیا، کینیا، چین و مۆزەمبیق و وڵاتی دیکە دەچێنین و دواتر لە کارگەی خۆمان لە تورکیا لە زەرفیان دەگرین و هاوردەی کوردستانی دەکەین، لەگەڵ دابەزینی نرخی جیهانیش نرخەکانمان دادەبەزێنین".

کۆمپانیاکانی خۆراک لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی فرۆشی کۆمپانیاکەیان دانەبەزێت بەچەندین ناوی جیاواز کەلوپەلە خۆراکییەکانیان دەخەنە بازاڕ کە بەگوتەی هەندێ دوکاندار هیچ جیاوازییەک لە جۆری کەلوپەلەکان نییە، تەنیا ناوەکەی نەبێت.

فاتیح یاسین، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئەلمومتاز بۆ بازرگانیی خۆراک کە کاڵا خۆراکییەکانی بەناوی ئاڵتونسا و مەحمود لە بازاڕ دەفرۆشێت، سەبارەت بەفرۆشی کۆمپانیاکەیان، دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە بەگشتی فرۆشی کەلوپەلە خۆراکییەکانمان دابەزیوە".

کۆمپانیاکەی فاتح یاسین، کەلوپەلە خۆراکییەکانی تەنیا لە هەولێر و دەوروبەری ساخ دەکاتەوە. سەبارەت بەفرۆشی مانگانەی کۆمپانیاکەی دەڵێت "مانگانە زیاتر لە دوو هەزار تۆن خۆراک دەفرۆشین".

کەمبوونەوەی فرۆشی کاڵاکان بەگشتی وای لە هەندێ کۆمپانیا کردووە بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەندێک بازرگان هەفتە بازاڕ لە شوێنی جیاجیا، بەتایبەتیش لەگەڕەکە میللییەکان بۆ فرۆشی کاڵاکانیان بەنرخی کۆ دابنێن، ئەمەش کاریگەری لەسەر فرۆشی کاڵای فرۆشگاکانی نێو بازاڕە گەورەکان و مارکێتەکان هەبووە.

هەڵۆ چاوشین، خاوەنی مارکێتی چاوشین بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی خۆراکی و کەمالیات و پێویستیەکانی ماڵ لەبازاڕی شێخەڵڵای شاری هەولێر دەڵێت "هەرچەندە خۆراک شتێکی پێویستی ڕۆژانەیە و مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری ببێ، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی لەچاو جاران دەتوانم بڵێم فرۆشمان بە ڕێژەی 60% دابەزیوە".

# وەبەرهێنانی کەرتی کانزاکان مشتومڕ دەنێتەوە

### شێرکۆ جەودەت:
## بانگهێشتکردنی کۆمپانیا بیانییەکان هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی نییە

### ڕاوێژکارێکی باڵا لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:
## بانگهێشتکردنی کۆمپانیاکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی وەزارەتدایە

### عیزەت سابیر، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان:
## حکومەت پێویستی بەمە نییە و هیچ داهاتێکی نوێش بۆ کوردستان ناهێنێ


عەلی کوردستانی
ڕووداو- هەولێر


وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی کۆمپانیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی کرد، بۆ ئەوەی لە کەرتی کانزاکان و سەرچاوە کانزاییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەست بە گەڕان و وەبەرهێنان بکەن.

ئەمە یەکەمجارە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بانگهێشتی وەبەرهێنەران بکات بۆئەوەی لەو شوێنانەدا وەبەرهێنان بکەن کە گومان دەکرێت کانزای سروشتییان تێدا هەبێت. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خۆی حەوت شوێنی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی دیاری کردووە بۆ ئەوەی کاری گەڕانیان تێدا بکرێت.

سەرچاوە سروشتییەکانی وەکوو نەوت و غاز سەرچاوەی سەرەکی داهاتی هەرێمی کوردستان بوون، هیوا دەخوازرێت کانزا ژێرزەمینییەکان تەواوکەری داهاتی حکومەت بن، لە کاتێکدا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دابەزینی نرخەکانی نەوت و مشتومڕەکانی بودجە لە نێوان هەرێم و بەغدا کاریگەرییەکی خراپی لەسەر داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان داناوە.

عەلی دەروێش، بزنسمانی خەڵکی سلێمانی، لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "وەبەرهێنان لە کانزاکان مادەی خاو بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە لەم پیشەسازییەدا کار دەکەن، ئینجا مادام خۆمان ئەو سەرچاوانەمان هەیە، باشتر وایە وەبەرهێنانیان تێدا بکەین و دەریانبهێنین".

دەروێش کە بازرگانی ئاسن و پۆڵایە، پێیوایە کانزاکان جگە لەوەی مادەی خاوی پێویستی هەرێمی کوردستان دابین دەکەن، دەکرێت بۆ بەهێزکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستانیش باش بێت. لەبەر ئەوەی "لەم جۆرە بزنسەدا زۆربەی داهاتەکە، واتە 90%ی داهات، لە هەرێمی کوردستاندا دەمێنێتەوە، چونکە 80 بۆ 85%ی پۆڵاکە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق هەناردە دەکرێت، ئەم پیشەسازییە سوودێکی زۆر بە ئابووریی کوردستان دەگەیەنێت."

لە نێوان ئەو کانزایانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێداون قورقوشم، زینک، مس، کرۆم، نیکل، کۆباڵت، مەگنیسیۆم و ئاسن هەن.

مایکڵ هاوارد، ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێیوایە پەرەپێدانی کەرتی کانزاکان دەرفەتێکی باشە بۆ وەبەرهێنەرە ناوخۆیی و بیانییەکان بۆ ئەوەی بە هاوبەشی کار بکەن، ئەمە جگە لەوەی هەلی کاری زیاتر بۆ خەڵک و داهاتێکی زیاتریش بۆ حکومەت دابین دەکات.

هاوارد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "قازانجی ئەمە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرزبوونەوەی ئاستی داهات و هەلی کاردایە، وەبەرهێنەرە ناوخۆییەکان دەتوانن لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان هاوبەشێتی پێکبهێنن، وەبەرهێنەرەکان لەسەریانە پڕۆگرامەکانی بە لۆکاڵیکردن بەهێز بکەن، ئامانج لەمەش گەشەپێدان و توانای کارگێڕی و کارکردنی ناوخۆییە، جیا لەمە دەبێت پڕۆگرامێکی پشتگیریی کۆمەڵایەتیش بخەنەڕوو کە تێیدا ئاماژە بە کاریگەریی پڕۆژەکان لەسەر کۆمەڵگە و ژینگەی کوردستان بدرێت. بیرۆکەی ئێمە ئەوەیە هەم وەبەرهێنەران و هەمیش حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پرۆسەیەدا قازانج بکەن".

10 ساڵ لەمەوبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە گەڕان لە کەرتی نەوت و غازدا کرد، ئەوکات چەندان کۆمپانیای بیانی، لەوانەش کۆمپانیای زەبەلاحی وەکوو ئێکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن و تۆتال و هەروەها کۆمپانیای بچووکتر بە مەبەستی گەڕان و دەرهێنانی نەوت ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و گرێبەستیان واژۆکرد.

سەرەڕای مشتومڕەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەو کۆمپانیایانە دەستیان بەکار کرد، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای تایبەتی نەوت و غازی خۆی هەبوو، ژینگەکەشی بۆ کاری بزنس گونجاو بوو. شارەزایان پێیانوایە بۆ خۆبەدوورگرتن لەو مشتومڕانەی لە کەرتی نەوت هاتنە ئاراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بناغەیەکی پتەوی یاسایی بۆ کەرتی کانزاکان دابنێت.

دکتۆر بیلال وەهاب، بەڕێوەبەری ناوەندی گەشەپێدان و سەرچاوە سروشتییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی دەڵێت "بناغەی یاسایی بانگهێشتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چییە؟ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا هیچ یاسایەکی تایبەت بە کانزاکانی نییە". د.بیلال پێیوایە کۆمپانیاکان پێویستیان بە دڵنیاکردنەوەیە بۆ ئەوەی بێن و لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن، لە کاتێکدا "ئەگەرچی هەرێمی کوردستان بۆ نەوت و غاز یاسا و مۆدێلی گرێبەستی هەبوو، بەڵام دیسانیش لەگەڵ بەغدا تووشی کێشە بوو، ئێستاش بەبێ یاسا و مۆدێلی گرێبەست، چۆن قەناعەت بە کۆمپانیاکان دەهێنن ڕوو لە کوردستان بکەن؟"

دەستووری عێراق مافی گەڕان و پەرەپێدانی سەرچاوە سروشتییەکان بە بەشە جیاوازەکانی عێراق دەدات، ئەمەش ئەو مافەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە کەرتی نەوت و غازدا بەکاریهێناوە.

پەرلەمانتارانی کوردستان بەرگری لە مافی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام لەسەر میکانیزمەکانی کۆک نین. د.شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە بانگهێشتکردنی وەبەرهێنەران پێش پەسەندکردنی یاسای تایبەت بە کانزاکان کارێکی باش نییە "هەتا ئێستا هیچ یاسایەک بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی کانزاکان نییە، ئەمەش بەو مانایەیە بانگهێشتەکە هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی نییە. ئەوان نابێت ئێستا خەڵک بانگهێشت بکەن، لەکاتێکدا ڕەشنووسێک لە پەرلەمان هەیە و هەتا ئێستا تێنەپەڕێنراوە".

بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕایەکی دیکەی هەیە و سوورە لەسەر ئەوەی وەزارەتەکە ماف و دەسەڵاتی گەڕان و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی هەیە، لەو ڕووەوە هاوارد ڕوونکردنەوەی دا کە "ڕەشنووسی یاسای کانزاکان ماوەیەکە لە پەرلەمانە و پەسەند نەکراوە، پەرلەمانیش ئێستا کارا نییە. بەپێی یاساکانی ئێستا، هەتا ئەو کاتەی ئەو ڕەشنووسە پەسەند دەکرێت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە وەبەرهێنەران بانگهێشت بکەن بۆ گەڕان و پەرەپێدانی کانەکان و پێدانی مۆڵەتی دەرهێنان و هەناردەکردن بە کۆمپانیاکان".

شوان زوڵاڵ، شرۆڤەکاری بواری ریسکی سیاسی و وزە لە لەندەن، پێشبینی ئەوە دەکات حکومەتی عێراق دژایەتی ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام پێیوانییە ئەمە ڕێگرییەک بۆ هاتنی وەبەرهێنەران دروستبکات.

زوڵاڵ دەڵێت "ئاشکرایە بەغدا بەم هەنگاوە دڵخۆش نابێت، وەکوو چۆن بە گرێبەستەکانی نەوت و غازیش دڵخۆش نەبوو. بەغدا دژایەتی ئەو هەنگاوە دەکات، بەڵام کاتێک سەیری گرێبەستەکانی پێشوو دەکەین، دەبینین نارەزایەتی بەغدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت. ڕەنگە هەندێک لە وەبەرهێنەران ئەمە بە ریسک بزانن، بەڵام نارەزایەتی بەغدا ڕێگری لە هیچ لایەنێک ناکات. ریسکەکە زیاتر پەیوەندی بە پێدانی پارەی کۆمپانیاکانەوە هەیە، بۆ نموونە دەکرێت سەیرێکی پیشەسازی نەوت بکەین."

موخلیس سەلیم لە بۆردی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەناردەکردنی کانزاکان بەشێک لە پلانەکەی ئەوان پێکدەهێنێت، بەڵام ئەمە پەرە بە کەرتی پیشەسازی کوردستانیش دەدات و ماتریاڵی پێویست بۆ کارگە ناوخۆییەکان دابین دەکات، پێشتر ئەمە لە بواری بەرهەمهێنانی چیمەنتۆدا سەرکەوتووانە جێبەجێ کراوە.

بەڵام دکتۆر عیزەت سابیر، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان هۆشداری دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکە دەست بە پرۆژەیەک دەکات، هیچ ئەزموونێکی تێیدا نییە و هاوکاریی دارایی پێویستیشی لەبەردەست نییە "لەم قۆناغەدا بازاڕی ئەمجۆرە کانزایانە کزە و دەرهێنان و وەبەرهێنانیان پارەیەکی زۆری دەوێت. حکومەت پێویستی بەمە نییە و هیچ داهاتێکی نوێش بۆ کوردستان ناهێنێ".

بەڵام شوان زوڵاڵ ڕایەکی دیکەی هەیە و پێیوایە کانزا بەنرخەکان سەرمایەی خۆیان دەستدەکەوێت. زوڵاڵ گوتی "لەم قۆناغەدا ڕەنگە کۆمپانیا بچووک و نەترسەکان بە چاوی بایەخەوە لەمە بڕوانن، بەڵام ئەگەر سەرچاوەکان پڕبەها دەربکەون، ئەوە کۆمپانیا کاندۆزە گەورەکانیش ڕوو لە کوردستان دەکەن. قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر بڕیاری وەبەرهێنەران دەبێت، بەڵام پرسی سەرەکی لە مێشکی وەبەرهێنەراندا وەرگرتنی پارە، شەفافیەت و سەقامگیریی سیاسی دەبێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# نەوتی کەرکووک لە نێوان سێ دکتۆرەکەدا



بیلال سەعید

کەرکووکییەکان دەزانن یەکەم دڵۆپی نەوت کە لە 1927/10/14 لە عێراق دۆزراوەتەوە لە هەناوی خاکەکەی ئەواندا بووە، بەڵام دوای 89 ساڵ لە دۆزینەوەی ئەم زێڕە ڕەشە، تا ئێستا وەڵامی ئەوەیان دەستنەکەوتووە بۆچی نەوت نەبووە خێرو ڕەحمەت بۆیان، بەڵکو بووە شەڕ و بەڵا و ناخۆشی و ئەوان تەنیا دووکەڵەکەیان پێ براوە.

سەرەتاکانی دۆزینەوەی نەوتی کەرکووک، یەدەگی کێڵگە نەوتییەکانی بە 24 ملیار بەرمیل نەوت خەمڵێنراوە، بەڵام ئێستا تەنیا 10 ملیاری ماوە. لە ساڵی 2014شدا 10 ملیار بەرمیل نەوتی کەرکووک زیاد بووە بۆ یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان، یەدەگی نەوتی کوردستان بەرزبووەتەوە بۆ 55 ملیار بەرمیل.

زۆری و ئاستی قەبارەی نەوتی کەرکووک لە ڕابردوودا نەک کاریگەری نەبووە لەسەر سیاسەتی ڕژێمە جیاوازەکانی عێراق بەمەبەستی خزمەتکردنی شارەکە و پڕۆژە نەوتییەکانی پارێزگای کەرکووک، بەڵکو هەمیشە بەشێوەیەک کاریان کردووە کە هەر خزمەتێک بە نەوتی کەرکووک، واتە خزمەتکردنی کورد.

بەڵام دوای 13 ساڵ لە ئازادیی عێراق کە بەڕێوەبردنی پارێزگاکە لە دەستی کوردە، ئایا دۆسیەی نەوتی کەرکووک چۆن مامەڵەی لەگەڵ کراوە؟ ئایا بارودۆخی نەوتی کەرکووک چۆنە؟ ئایا نەوتی کەرکووک لەنێوان پارێزگاری کەرکووک و وەزارەتی نەوت و سامانە سروشتییەکان چ خێرێکی بۆ خەڵکی کەرکووک هەبووە؟

### بارودۆخی نەوتی کەرکووک

ڕووداوە سیاسیەکان و شەڕ و ململانێیەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و شەڕە ناوخۆییەکان لە 89 ساڵی ڕابردوودا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر نەوتی کەرکووک هەبووە، لە بەشێکی ئەو مێژووەدا هەناردەی نەوتی کەرکووک 100%ی هەناردەی نەوتی عێراقی پێکهێناوە کە بەدڵنیاییەوە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی عێراقیش بووە. لە ساڵی 1951 بەدواوە لە ئەنجامی بەرهەمهێنانی نەوت لە مووسڵ و بەسرە ڕۆژ بەڕۆژ کاریگەریی نەوتی کەرکووک لەسەر ئاستی عێراق کەمی کردووە، بەڵام وەک سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووریی عێراق سەیرکراوە، ئەمەش نهێنی کۆی شکستی دانوستاندنەکانی سەرکردایەتیی کورد و ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بووە.

لەدوای ساڵی 2003وە هەرچەندە زۆرینەی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای کەرکووک بە دەست کوردەوەیە، بەڵام کەمترین پۆست لە چوارچێوەی ئیدارەکردنی نەوتی پارێزگاکە لەژێر کۆنترۆڵی کوردە، بەڵام بە هاتنی داعش بۆ عێراق و لە ئەنجامی پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە، هاوکێشەی بەڕێوەبردنی نەوتی کەرکووک گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەرچەندە پترۆدۆلار کە سەرچاوەی چەندین پڕۆژەی گرنگی شارەکە و هۆکاری دامەزراندنی چەندین گەنج بوو لە فەرمانگەکان کۆتایی هات.

کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک کە بریتین لە (بای حەسەن، ئاڤانا، کەرکووک، جەمبور، خەبازە)، ئێستا لەنێوان کۆمپانیای نەوتی باکوور (عێراق)، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (هەرێمی کوردستان)دا دابەش بوون.

### کەرکووک و سێ دکتۆرەکە

لەم گێژاوەی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوتی کەرکووک لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان، نەوتی کەرکووک ڕووبەڕووی چەندین گرفت و کێشە بووەتەوە، ڕۆژانە هاووڵاتیانی شارەکە پێوستە گوێیان لە گفتوگۆ و لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکانی هەر سێ دکتۆرەکە (د.عادل عەبدولمەهدی، د.نەجمەدین کەریم و د.ئاشتی هەورامی) بێت بۆ ئەوەی بە زانیارییەک سەبارەت بە نەوتی شارەکەیان بگەن.

لە تەممووزی 2014وە کە هەناردەکردنی نەوتی پارێزگای کەرکووک لە ڕێگەی بۆڕی نێوان هەرێمی کوردستان- بەندەری جەیهانی تورکییەوە دەستی پێکردووە، ڕۆژانە نەوتی هەریەک لە کێڵگەی بای حەسەن و ئاڤانا لەڕێی بۆڕیی کوردستانەوە هەناردە دەکرێت.

هەرچەند لەسەرەتای دەستپێکردنی هەناردەی نەوتی کەرکووک بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی هەرێمەوە، نەوتی هەریەک لە کێڵگەکانی جەمبور و خەبازەش لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە هەناردە کرا، بەڵام ماوەی چوار مانگە بە بڕیاری وەزارەتی نەوتی عێراق ڕاگیراوە، بەهۆی ڕادەستنەکردنی پارەی نەوتی کەرکووک بە حکومەتی عێراق لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە.

ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردن لەماوەی ڕابردوودا نەک خزمەتی دۆسیەی نەوتی کەرکووکی نەکردووە، بەڵکو بووەتە هۆی نادیاریی داهاتی نەوتی کەرکووک لەنێوان هەرێم و بەغدا. پرۆژەی پترۆدۆلاریش لە سایەی ئەم سیاسەتە بووەتە قوربانی.

بۆ ئەوەی دۆسیەی نەوتی کەرکووک بخرێتە سەر ڕێچکەی خۆی و خزمەتی هاووڵاتیانی شارەکەی پێ بکرێت، پێویستە چەند هەنگاوێک بگیرێتەبەر:

- دۆسیەی نەوتی پارێزگاکە لە نێوان هەرێم و بەغدا ڕێکبخرێتەوە و بکرێتە یەک پاکێج، ئەم یەکخستنەوەیەش بەهەوڵی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بێت.
- کاتی ئەوەیە داتای نوێ بەسەرپەرشتیی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و کۆمپانیای تایبەتمەند سەبارەت بە یەدەگی نەوتی کەرکووک دیاری بکرێت.
- کار بۆ بەستنەوەی تەواوی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک بەبۆڕی نەوتی کوردستان- تورکیاوە بکرێت، چونکە ئێستا بە بڕیارێکی حکومەتی عێراق هەناردەی نەوتی هەریەک لە کێڵگەی جەمبور و خەبازە ڕێگری لێدەکرێت.
- بەهۆی ئەوەی لە ڕابردوودا لەچەند کاتی جیاواز کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک تووشی گرفت هاتوون، زۆر گرنگە لەڕێگەی ستافێکی تۆکمەوە کار بۆ بووژانەوەی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک بکرێت، هەروەها تیمی پاراستنی ئەمنیەتی کێڵگە نەوتییەکان دابنرێت.
- ستافی بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک گۆڕانکاری تێدا بکرێت و سوود لەتوانای گەنجانی خاوەن بڕوانامەی پەیمانگای نەوتی کەرکووک وەربگیرێت بۆ باشترکردنی کەرتی نەوت لەشارەکە، لەبەرئەوەی لە ڕابردوودا زۆرترین کارمەندی نەتەوەیەکی دیاریکراو لەکەرتی نەوت دامەزرێنراون کە ئەویش عەرەب بووە.
- خاڵی بەهێزی ڕابردووی دۆسیەی نەوتی کەرکووک کە هاووڵاتیانی شارەکە پێیانوایە ڕۆڵی لە بووژانەوەی پارێزگاکەیاندا هەبووە، تەرخانکردنی پارەی پترۆدۆلار بووە بۆ پەرەپێدانی پڕۆژەکانی کەرکووک و دامەزراندنی چەندین گەنجی شارەکە لە فەرمانگە حکومییەکان، بۆیە پێویستە ئەو پڕۆژەیە زیندوو بکرێتەوە.


*ڕۆژنامەنووسی ئابووری



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

جەواد ئۆنەش، جێگری پێشووی ڕاوێژکاری دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی تورکیا (میت) بۆ (ڕووداو):

# ریفراندۆم دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی نوێ لە عێراق



نزیکەی 11 ساڵە خانەنشین کراوە و هیچ بەرپرسیارێتییەکی لەنێو دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی تورکیا (میت)دا نەماوە، بەڵام وەکو ئەو بەرپرسانەی میت نەبووە کە دوای خانەنشینبوونیان، ناویان لەبیر دەچێتەوە. جەواد ئۆنەش، جێگری پێشووی ڕاوێژکاری میت بە نووسین، بە هەڤپەیڤین لەگەڵ میدیاکان و بەشداریکردنی لە پلاتفۆرمە جیاوازەکان، ڕۆژەڤە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتی تورکیا گەرمتر دەکات. ئۆنەش لەناو دەزگاکانی دەوڵەتدا پێگەیشتووە، بەڵام بۆچوونی لەبارەی کێشەی کورد و کێشەکانی دیکە، بۆچوونی کارمەندێکی دەوڵەت نەبووە و زمانی ڕەخنەگرتنی پەیڕەو کردووە. جەواد ئۆنەش کە ماوەی سێ ساڵ بەرپرسی میت بووە لە ئامەد، لە هەموو بۆنەیەکدا ڕەخنە لە پەکەکە دەگرێت، بەڵام پشتگیری خۆی بۆ بەردەوامیی هەدەپە ناشارێتەوە و دەڵێت "هیچ پرۆسەیەک لە تورکیا بەبێ هەدەپە سەرکەوتوو نابێت".
(ڕووداو) دەربارەی ئەم پرسانە، لەڕێی تەلەفۆنەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ جەواد ئۆنەش ساز کرد.

ڕووداو – هەولێر

## لە تورکیا هیچ هێزێک سەرکەوتوو نابێت لە گۆڕینی سیستمی عەلمانی

**ڕووداو: خۆ تەقاندنەوە و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لە تورکیا خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی ڕۆژانە، تاکەی بەردەوام دەبێ؟**

**جەواد ئۆنەش:** ئەو تەقینەوەیەی لە ئیستانبوڵ ڕوویدا، هەروەها تەقینەوەکەی مەدیات، بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە، ئاماژەن بۆ ئەگەری بەردەوامبوونی ئەو جۆرە هێرشانە.

**ڕووداو: ئەو ڕەوشە تا کوێ دەڕوات؟**

**جەواد ئۆنەش:** بەداخەوە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو بارودۆخەی لە سووریا و عێراق هاتووەتە ئاراوە، هەروەها هەوڵی گۆڕینی سنوور لە عێراق و سووریا، بەرپابوونی پێکدادانی مەزهەبی و ئەتنیکی بەشێوەیەکی ئاشکرا، ڕەنگدانەوەیان لەسەر تورکیا هەبووە. ئەمەش ئەگەری ئەنجامدانی هەردوو هێرشە تیرۆریستیەکەی ئیستانبوڵ و مەدیات لەلایەن پەکەکە بەهێز دەکات. وەکو ئەوەیە پەکەکە بووبێتە دیلی چەک، وەکو ئەوەیە لەبەرامبەر ئەو زیانە گەورەیەی پەکەکە لە شار و شاخ پێیگەیشتووە، تیرۆرێکی کوێرانە پەیڕەو بکات. خەڵکی مەدەنی دەکاتە ئامانج و دەخوازێ هێرشی گەورە بکات، تاوەکو دەنگدانەوەی گەورەی لێبکەوێتەوە، ئەمە مایەی هەڵوەستەکردنە. پێموایە ئەو هێرشانە لە ئەنجامی پێگەیشتنی هەلومەرجی ململانێی نێوان دژبەرانی شەڕ و شەڕخوازان لەنێو پەکەکە و جەماوەری پەکەکەدا، ڕوودەدەن.

**ڕووداو: ڕۆژی حەوتی ئەم مانگە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا گوتی: تا قیامەت شەڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەکەین. ئەو قسانەی ئەردۆغان بەمانای مەرگی یەکجارەکی گفتوگۆ نییە؟**

**جەواد ئۆنەش:** بێگومان نەگەڕانەوە بۆ مێزی گفتوگۆ مومکین نییە. سەرەڕای ئەوەی هێرشە چەکدارییەکانی پەکەکە لە هەڵکشاندان، سەرەڕای ئەوەی بەو هێرشانە ڕێگری لە گەیشتنی کورد بە مافەکانیان دەکرێ، هێشتا پێویستە کورد و تورک و هەموو ئەوانەی دیکە داوای بەرقەرارکردنی ئاشتی بکەن. بێگومان دەبێت بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەردەوام بێ. نەوەکو تەنیا لە تورکیا، لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، سەرەتا داوای دروستکردنی هەلومەرجی ئاشتی بکرێت، دوای زەمینەسازی، ئاشتی بەرقەرار دەکرێت. لەم چوارچێوەیەدا قسەکانی سەرۆکوەزیر نابێت بە واتای نەگەڕانەوە بۆ ئاشتی لێکبدرێتەوە.

**ڕووداو: پێتوایە لە تورکیا سیستەم گۆڕاوە؟ کۆماری عەلمانی جێگای خۆی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئیسلامی بەجێهێشتووە؟**

**جەواد ئۆنەش:** ئێستا تورکیا لەم ڕووەوە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ، بەڵێ ئەمڕۆ لەنێو کۆمەڵگا و پلاتفۆرمە سیاسییەکاندا گفتوگۆی لەم جۆرە هەیە، تورکیا بە شەڕی ڕزگاری و دامەزراندنی کۆماری عەلمانی بەرەو پرۆسەی دیموکراسی هەنگاوی ناوە، لەم ڕووەوە تورکیا وڵاتێکە کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا مەودایەکی گرنگیان بڕیوە و دامەزراوە هاتووەتە ئاراوە. تورکیا وڵاتێکە لەناو جیهانی ئیسلامیدا بە ناسنامەی دیموکراسی و پێشکەوتنی دیموکراسی بووەتە نموونە. بەڵێ ئەمڕۆ وەکو ئاماژەتان پێکرد، قسەی لەوجۆرە هەیە، بەڵام پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تورکیا، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بنەمای دامەزراوەیی و پرەنسیپەکانی عەلمانیبوونی کۆمار لەلایەن کۆمەڵگاوە قبووڵ کراوە. دۆخی تورکیا جگە لە سیستەمێکی عەلمانی و دیموکراسی، هیچی دیکە قبووڵ ناکات، هیچ هێزێکیش سەرکەوتوو نابێ لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو عەلمانیەتە. ئەمڕۆ هەندێک لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەئارادایە، لەم ڕووەوە ئەرکێکی گرنگ دەکەوێتە سەرشانی سیاسییەکانی تورکیا بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە. لانیکەم سیاسەتی تورکیا ناچارە لە هەردوو مەسەلەی پاراستنی دیموکراسی و یاسادا بەیەکەوە کاربکات.

**ڕووداو: دەسەڵاتی تورکیا لەناوخۆدا لە هەموو لایەکەوە تووشی گرفت هاتووە، لە بەرامبەر دەرەوەش خۆی داخستووە. پێتوایە ئەو گۆشەگیرییە چ ئەنجامێکی دەبێ؟**

**جەواد ئۆنەش:** ڕاستە ئەمڕۆ کە سەیر دەکەین دەبینین تورکیا بە قۆناغی خۆداخستندا تێدەپەڕێت. ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەو هەڵانە کە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا کراون. لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی تورکیا ئەو توانایەی هەیە ئەو بارودۆخە تێپەڕێنێت.

**ڕووداو: لەمەودوا پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا بە چ جۆرێک دەبێت؟**

**جەواد ئۆنەش:** دروشمی ئەتاتورک "لە وڵات ئاشتی لە دەرەوە ئاشتی" زۆر گرنگە. توانای دیموکراسی و هەلومەرجی پێشکەوتنی ئابووریی تورکیا، پێگەی جیۆپۆلەتیکی تورکیا، پێکهاتەی تورکیا بۆ هەموو کەس زۆر گرنگە. سەقامگیریی تورکیا، بۆ باڵکان، قەفقاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گرنگە. شەڕی بەرژەوەندی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تورکیا دروست دەکات. لەمبارەیەوە پێویستە تورکیا ئەو هەستیاریە لەبەرچاو بگرێت، دەبێت درک بە تواناکانی بۆ ئاشتی ناوچەکە و جیهان بکات. ئەمەش بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی خۆی، سیاسەتکردن بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی دێتە ئاراوە. ئەمڕۆ تورکیا سەرەڕای کێشە ئاڵۆزەکانی، ناچارە بە دیموکراسیەتێکی چۆنایەتی دوور لە ململانێ ئەتنیکیەکان سیاسەت بکات. لەم چوارچێوەیەدا پێویستە لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و ئەگەر پێویست بکات لەگەڵ ئەمریکاش، لەناو ناتۆ، لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بەرپرسیارێتی خۆی بۆ ئاشتی لەنێو وڵات و لەناوچەکە جێبەجێ بکات.

**ڕووداو: تورکیا چۆن وەڵامی پەرلەمانی ئەڵمانیا دەداتەوە کە گوتی ئەوەی دەرهەق بە ئەرمەن کراوە جینۆسایدە؟**

**جەواد ئۆنەش:** بڕیاری هەرە دوایی پەرلەمانی ئەڵمانیا بڕیارێکی نوێ نییە، ئەگەر هەڵە نەبم ئەو بڕیارە لە ساڵی 1930 دراوە. بێگومان دەکرا بەشێوازی جیاواز گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێت. بەڵام بەهۆی هەڵوێست و دەرفەت قۆستنەوەی لۆبیە جیهانییەکان، ئەو هەلومەرجە ئامادە نابێ. پێویستە تورکیا، هەموو گەلان و وڵاتانی دیکەش ڕەخنە لە ڕابردووی خۆیان بگرن و بەرپرسیار بن لە دروستکردنی زەمینەی ئاشتی و پەیوەندیی نوێ. هەلومەرجی ئاشتی لە سەدەی بیست و یەکەم، پێویستی بە خوێندنەوەی نوێ بۆ دیموکراسی هەیە، ئەمەش بە ڕەخنە لەخۆگرتن و گرتنبەری سیاسەتی نوێ مەیسەر دەبێت.

**ڕووداو: ئەو بڕیارەی پەرلەمانی ئەڵمانیا چۆن دەخوێنیتەوە؟ تورکیا دەخوازێ ئەو مەسەلەیە وەکو پیلانگێڕییەک لە قەڵەم بدات. ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

**جەواد ئۆنەش:** لە قەڵەمدانی ئەو مەسەلەیە بە پیلانگێڕی، لە سیاسەتدا چارەسەری بەرهەم ناهێنێ. لەمبارەیەوە داوا لە سیاسەتمەداران دەکەم نەک لە چوارچێوەی پیلانگێڕی، بەڵکو بە هەڵوێستێکی واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکە بکەن. تەنیا بە هەڵوێستێک کە خزمەتی ئاشتی بکات، سیاسەت بکەن.

**ڕووداو: ئەو بڕیارەی ئەڵمانیا کۆتایی بە ڕێککەوتنی ڤیزای شنگن دێنێ؟**

**جەواد ئۆنەش:** نازانم. بەڵام مەسەلەی ڤیزا یەکێکە لە ئامانجە ستراتیژییە گرنگەکانی یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا. پێویستە ئەو کێشە کاتیانە، لەژێر کاریگەرییە دەروونییەکان تاوتوێ نەکرێن. پەیوەندی ئەڵمانیا – تورکیا ستراتیژییە. نزیکەی چوار ملیۆن تورک لە ئەڵمانیا دەژین. لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندییەکی زۆر پێگەیشتوو و ئاوێتەکراو لەگەڵ یەکدی هەیە. پێویستە لە هاوسەنگییە نەرێنییەکان خۆ بەدووربگرن. پێموایە ئەڵمانیا و تورکیا پەیوەندییەکانیان بەرەو پێشەوە دەبەن.

**ڕووداو: ئایا هەدەپەییەکان پەلکێشی زیندان دەکرێن؟ ئەگەر ئەوە کرا بۆ کورد و تورک دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ؟**

**جەواد ئۆنەش:** هەدەپە بۆ تورکیا بزووتنەوەیەکی سیاسیی گرنگە. پرۆگرامی ئەوان بۆ بوونە حیزبێکی تورکیایی بە گرنگ دەزانم. بێگومان هەدەپە لەسەر ئەو جەماوەرە سیاسەت دەکات کە بە پەکەکە کاریگەر بووە. لەوانەیە لەم قۆناغەدا کە هێرشە تیرۆریستییەکان بەردەوامن، هەدەپە هەندێک هەڵەی کردبێ. بەڵام ئیدانەکردنی هێرشە تیرۆریستییەکانی پەکەکە لەلایەن سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە لە کۆبوونەوەی جەماوەری لە ئامەد و بانگهێشتکردنی پارتەکانی نێو پەرلەمان بۆ ئەوەی ڕێگا لەو ڕووداوانە بگرن بە گرنگ دەزانم. هەروەها بۆ بەهێزکردنی دەستی ئەو کەسانەی لەناو پەکەکە لەدژی ئەم جۆرە هێرشانە دەوەستنەوە، سیاسەتی هەدەپە بە گرنگ دەزانم.

---

## هێرشە خۆکوژییەکانی پەکەکە لە تورکیا درێژەیان دەبێت

---

## تورکیا پشتگیری ئۆپەراسیۆنی منبج دەکات

---

## خۆسەپاندنی پەکەکە بە زەبری چەک لە سووریا و عێراق خەیاڵە

---

## سەپاندنی فیدراڵیزم لە سووریا بە زەبری چەک شەڕی ئێتنیکی بەدوادا دێت

---

## هیچ پرۆسەیەک بەبێ هەدەپە سەرکەوتوو نابێت

---

**ڕووداو: پرۆسەیەک کە هەدەپە بەشداری تێدا نەکات سەرکەوتوو دەبێت؟**

**جەواد ئۆنەش:** نەخێر. ئەو قۆناغانەی تورکیا لە مێژوودا پێیاندا تێپەڕیوە، نیشانی دەدەن کە ناوەکان دەگۆڕێن، بەڵام کێشەکان لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانن. لە جێی هەدەپە پارتێکی نوێ دێتە مەیدان. پێویستە بۆ بەردەوامی و پێشخستنی پرۆگرامی بە تورکیاییبوونی هەدەپە، نەوەکو تەنیا هەدەپە، بەڵکو ئەکتەرە سیاسییەکانی تورکیا گرنگی پێبدەن. پێشکەوتنی سیاسەتی هەدەپە بۆ بوونە حیزبێکی تورکیایی نەک تەنیا بۆ تورکیا، بەڵکو جوڵانەوەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کاریگەری لەسەر سووریا و عێراقیش دەبێ.

**ڕووداو: تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی منبج بەشدارە؟**

**جەواد ئۆنەش:** تورکیا ئەمڕۆ بەشێکە لە هێزە هاوپەیمانەکان. وڵاتێکە لە ڕووی لۆجستیکی و جوڵانەوە هێز دەداتە هاوپەیمانان. لەو چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین تورکیا پشتگیریی ئۆپەراسیۆنی منبج دەکات.

**ڕووداو: لە سایەی ئۆپەراسیۆنی منبج پەیوەندیی تورکیا و پەیەدە ئاسایی دەبێتەوە؟**

**جەواد ئۆنەش:** پێموایە دەبێت بە بەرفراوانی بیر لەو ڕووداوە بکەینەوە. پێموایە گەیشتنی پەکەکە بە ئامانجەکانی بە زەبری چەک، لەو ناوچانەی کە لە عێراق و سووریا کۆنترۆڵی کردوون، خەیاڵە. ئەوەی بڕیار دەدات گەلی سووریا و گەلی عێراقە. لەم سەردەمە کە دیموکراسی پێشکەوتووە، دروستکردنی ناوچەی ئازادکراو بە زەبری چەک دواڕۆژی نییە. ئەگەر ناوچەی لەم شێوەیە دروستیش بکرێت زەحمەتە بپارێزرێت. تەنیا گەلی عێراق و سووریا لەو بارەیەوە بڕیار دەدەن. جگە لەمە، لەو ناوچەیە پێویستە بیر لە ئامانجی شەڕی بەرژەوەندیی هێزە جیهانییەکان بکرێتەوە، بە تایبەتی کورد پێویستە بەبێ ئەوەی بخزێتە نێو شەڕەکە، هەوڵ بدات مافەکانی بەدەست بهێنێ. بۆ ئەوەی ئەو زیانانە دووبارە نەبنەوە کە بە درێژایی مێژوو پێیگەیشتووە.

**ڕووداو: ئەگەر تورکیا لە جیاتی گرووپەکانی دیکەی سووریا هەماهەنگی لەگەڵ کورد بکات بۆ دواڕۆژی تورکیا باشتر نییە؟**

**جەواد ئۆنەش:** کوردی سووریا خزم و برای ئێمەن. هاوبەشیی کولتووری و مێژووییمان مەسەلەیەکی ئاشکرایە. هەماهەنگیی تورکیا لەگەڵ کوردی سووریا، بۆ دیموکراتیبوونی سووریا، بۆ ڕاگرتنی شەڕی چەکداری لە سووریا، بۆ ئەوەی گەلی سووریا بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، گرنگە. بۆ ئەوەی ئەو هەماهەنگییە ڕووبدات، پێویستە هێرشە چەکدارییەکانی پەکەکە ئاستەنگ بکرێن. بەم شێوەیە هەلومەرجی تیرۆر لە تورکیا دروست دەکات، زیان بە کوردی خۆی و تورکیا دەگەیەنێ.

**ڕووداو: ئەگەر تورکیا سەرەڕای ناڕەزایی ئەمریکا درێژە بە هەڵوێستەکانی بدات، تابلۆیەکی چۆن دێتەئاراوە؟**

**جەواد ئۆنەش:** بەڵێ ئەمریکا هێزێکی جیهانییە. ئەو ڕووداوانەی بە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە هاتنە ئاراوە، ئەو بارودۆخەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتە پێشەوە، پێویستە بەبایەخەوە بیانخوێنینەوە. ئەمریکا ئەکتەری سەرەکییە لەم ڕووداوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئێستا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا پێشدەخات. هیواداڕین پێشخستنی ئەو پەیوەندیانە کۆتایی بە شەڕی سووریا بهێنێ و دەرفەت بۆ گفتوگۆی ئاشتی لە سووریا بڕەخسێنێ. ئەمە بۆ دانانی ئاستەنگ لەبەردەم تیرۆریزم هەلومەرجی نوێ دێنێتە ئاراوە.

**ڕووداو: پێشبینی هەرێمێکی فیدراڵی بۆ کوردی ڕۆژئاڤا دەکەی؟**

**جەواد ئۆنەش:** کاتێک ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێنینەوە، ئەگەرەکانی دابەشبوونی سووریا دەبینین، پێویستە بیر لە ڕێگەچارەیەکی لەو جۆرە بکەینەوە. ئەمە یەکێکە لە ئەڵتەرناتیڤەکان، بەڵام پێویستە لە مەسەلەی دامەزراندنی فیدراڵی یان کانتۆن خەڵکی سووریا بڕیار بدات. ئەگەر گرووپێکی چەکداری بخوازێ بە زەبری چەک ئەمە بسەپێنێ، ئەوە شەڕی ئێتنیکی بەدوای خۆیدا دێنێ. شەڕی کورد و عەرەب. ئەمەش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کارەساتی نوێ پەلکێش دەکات. ئەگەر لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای پەکەکە و بە چەک ئەو پرۆسەیە سەرپێ بخرێ، ئەوە فەلاکەت بۆ سووریا و تورکیاش دروست دەکات.

**ڕووداو: بارزانی لە هەرێمی کوردستان بەنیازی ئەنجامدانی ریفراندۆمە، دەبێت تورکیا چۆن سەیری ئەم هەنگاوە بکات؟**

**جەواد ئۆنەش:** بەڕێز بارزانی ئەمڕۆ لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا فیدراڵیزمی بەدەستهێناوە. بێگومان سەربەخۆیی هەموو کاتێک لە خەیاڵی بارزانیدا هەبووە، ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەموو کاتێک لە خەیاڵی بارزانی بووە، ئامانجی کۆتاییشی یەکگرتنی کورد و دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو بووە لە هەر چوار پارچەدا. ئەو ئامانجە بەردەوام لەناو سیاسەتی هێزە جیهانییەکان و ئیمپریالیەکاندا جێگای گرتووە، لە شەڕی بەرژەوەندییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە، کوردیان کردووەتە ئامرازێک و بەم شێوەیە بەکاریان هێناوە. پێموایە جارێکی دیکە دەخوازن ئەو مێژووە زیندوو بکەنەوە، لەو مەسەلەیەدا بیرکردنەوەی ئێران، ڕووسیا، ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە جیاوازە، پێموایە ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی لە وادەیەکی کورتدا ئەنجامی ئەرێنی لێناکەوێتەوە. نیگەرانم لەوەی کە دەبێتە هۆی بەرپاکردنی شەڕێکی نوێ لە عێراق. کوردی عێراق دەستکەوتی گرنگیان بەدەستهێناوە. ئەمڕۆ پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ کوردی عێراق بەرەو ئاراستەیەکی باش دەڕوات، بۆ ئەمە دەبێت بەرژەوەندیی هێزە جیهانییەکان لە ناوچەکەدا لەبەرچاو بگیرێت و بە وردی بخوێندرێتەوە. پێویستە بە سیاسەتی ئاشتیانە لەم مەسەلەیە نزیک ببنەوە. پێموایە بینینی مەترسییەکان لەم ڕووەوە گرنگە.



### جەواد ئۆنەش کێیە؟

- ساڵی 1942 لەدایک بووە
- دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبۆڵە
- ساڵی 1989 – 1991 بەرپرسی میت بووە لە ئامەد
- چەندینجار کراوەتە ڕاوێژکاری دەزگای میت بە وەکالەت.
- ساڵی 2000 دەبێتە جێگری ڕاوێژکاری دەزگای میت
- ساڵی 2005 لە تەمەنی 64 ساڵیدا خانەنشین کراوە

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (412) دووشـەممە 2016/6/13




## دوو ژنی کورد لە پڕۆگرامی هاوینەی ڕادیۆی سوێددان

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

بۆ پڕۆگرامی هاوینەی ڕادیۆی سوێد کە بریتییە لە سیمینارێکی فراوان و لە ڕادیۆی فەرمی سوێدیش ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێت، دوو ژنە چالاکڤانی کورد دەستنیشان کراون. ئەوانەی بەشداری پرۆگرامەکە دەکەن لەسەر بنەمای کار و چالاکییە کاریگەرییەکانیان لەلایەن کۆمیتەیەکی پسپۆڕ هەڵدەبژێردرێن. بۆ ئەمساڵ، هەریەک لە چالاکڤانانی ژنی کوردی دانیشتوی سوێد، سارا محەمەد و ساکینە مۆدان بەشدارن. سارا محەمەد لەسەر بنەمای کار و پرۆژەکان بۆ ژنان، هەڵبژێردراوە و ساکینە مۆدانیش وەک چالاکڤان و ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوی بوارەکانی ژن و مافی مرۆڤ هەڵبژێردراوە.

# کلوب پیسا هەفتانە گۆرانیی کوردی بە سوێدییەکان دەناسێنێ

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

"ئـەم گەشـتەی ئەمشـەو بەرهەمـی ئەو چاوپێکەوتنەیـە لەنێوان من و خەڵکی سـەر بە نەریتـی جیاواز لەڕێـی میوزیکەوە" ئەمە قسـەی ڕۆسـتەم میر لاشـاری، هونەرمەندی ناسـراوی سـوێدییە کـە بـە ڕەچەڵـەک لە بەلوچەکانی ئێرانە.

میر لاشاری کـە دەرچـووی ئەکادیمیای سـوێدە، ڕۆژی 2016/6/4 لـە چالاکییەکی هونەریـی فرەڕەنگـی میوزیکـدا، لەگـەڵ هاوڕێکانـی لـە نەتەوە جیاوازەکانی سـوێد، بـە موزیـک و گۆرانیـی کـوردی و بەلوچی، شەوێکی سوێدییەکانیان پڕ لە کەیف و سەفا کرد.

### هاوینێک... بە کولتووری جیاوازەوە

سـوێد بەتایبەتی لە مانگی حوزەیرانەوە، هاوینێکی پڕ لە چالاکیی هونەری و کولتووری بەڕێ دەکات.

کلوب پیسـا، یەکێکە لە گرووپە میوزیکە دیارەکانی سـوێد کـە بۆ ماوەیـەک دەچێت لەڕێـی چالاکییـە هونەرییەکانیانـەوە لـە سـتۆکهۆڵم، ڕەونەقێکیـان بـە میوزیکـە نەریتییە جیاوازەکان بەخشیوە.

"هەفتە و مانگ نییـە گۆرانییەکی کوردی بە سـوێدییەکان ئاشـنا نەکەین". سامانە کە موزیسـیانێکی دیاری گرووپی کلوب پیسایە، دەڵێت "ئێسـتا کەم گوێگری سـوێدی هەیە گۆرانی کاڤوکێ نەناسـێت و حەز بە بیستنی نەکات".

کلـوب پیسـا، گرووپێکـی فرەڕەنگە و لە چەنـد موزیسـیانێکی دیـاری ئەکادیمیـای میوزیکی سوێد دامەزراوە.

سـامان سـاڵح دەڵێـت "سـاڵی 2012 گرووپەکەمان لە کارلستاد دامەزراند و هێدی هێدی چالاکییەکانمان بۆ شار و وڵاتانی دیکە فراوان کرد".

بـە گوتەی ئـەم موزیسـیانە کـوردە کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە دامەزراندنی گرووپەکەدا هەبووە، لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا شەش کۆنسـێرتیان لـە شـاری کارلسـتاد کردووە و زیاتـر لـە 20 کۆنسێرتیشـیان لە شـاری ستۆکهۆڵم سازکردووە.

کلوب پیسا، لە شەش ئەندامی هەمیشەیی پێکهاتـووە کـە هەندێکجـار و بەپێـی کار و جۆری چالاکییەکانیان بۆ 10 موزیسیان زیاد دەکات. گرووپەکـە لـە کورد، سـوێدییەک و چەنـد هونەرمەندێکـی بەرەچەڵـەک ئێرانی، ڕۆمانی و عەرەب و تورک پێکهاتوون.

مـازداک خوسـرەوی ئەندامـی گرووپـی کلوب پیسـا بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە چەند موزیسـیانێک بووین هەسـتمان بەو بۆشاییە کـرد بەتایبـەت لـە شـارە بچووکەکاندا کە جێگایـەک هەبێت بـۆ ئەوەی موزیسـیانانی کولتووری دیکە جگە لە کولتووری سـویدی، بتوانن کاری خۆیانی تێدا نمایش بکەن".

بـەڕای خوسـرەوی، شـارە بچووکـەکان هانـدەرن بـۆ فراوانبوونـی کار و چالاکیـی کولتووری. خوسرەوی گوتی "تا ئێستا زیاتر لـە 20 کۆنسـێرتمان لەگـەڵ هونەرمەندانی ئەفریقی، کورد، فەلەستینی، ئێرانی، ڕووس، سویدی و میللەتانی دیکەش کردووە".

ڕۆستەم میر لاشاری گۆرانیبێژی سەرەکیی دوایین نمایشی ئەم گرووپە کە چەند کارێکی سـوێدی و کـوردی و بەلوچییان پێشـکەش کرد، سوپاسـی سـوێدی کرد کـە دەرفەتی ئەوەی بـۆ ڕەخسـاند هونەر بەشـێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنێ.

ڕۆسـتەم دەڵێت "لە مێژە کاری هونەری دەکەم، بەڵام وەک هونەرمەندێکی پڕۆفیشناڵ لەوکاتەوە دەسـتم بە کاری هونەری کرد کە لە سوید نیشتەجێ بووم".

ڕۆستەم پێناسـەیەکی تایبەت بەخۆی بۆ میوزیـک هەیە و دەڵێـت "میوزیک لەلای من وەک دیدارێک وایە، دیدارێک لەگەڵ نەریت و کولتووری جیاواز و خەڵکی جیاواز، میوزیک لای مـن وەک ئایـن وایـە، میوزیک بەمانای ڕێزگرتن لە یەکدی دێت".

میـر لاشـاری تەنیـا بە زمانـی خۆی کە بەلوچییـە گۆرانـی ناڵێت، بەڵکـو جاروبار بـە کوردیـش گۆرانـی دەڵێت. ئـەو دەڵێت هونەرمەندانـی کورد هانیـان داوە بۆ ئەوەی بـە کوردیـش گۆرانـی بڵێت "لـەم ماوەیەدا توانیومە خەڵکانێکـی زۆر ببینم، بەتایبەتی موزیسـیانی کـورد. بەهـۆی ئەمەشـەوە بە میوزیکـی کـوردی ئاشـنا بـووم و دەتوانم گۆرانیی کوردی بڵێم".

ئۆسـا، سوێدییە ڕەسـەنە تاقانەکەی نێو گرووپەکەیە و تاکە کچی نێو ئەو گرووپەشە، بـەڵام خەونـی ئـەوە بـووە لـە گرووپێکی فرەڕەنگی وەکو کلوب پیسا خۆی ببینێتەوە. ئۆسـا گوتی "گرووپێکی وەکو کلوب پیسا وا دەکات موزیسـیانی ڕەنگ و نەتەوەی جیاواز بەیەکەوە کار بکـەن، هەروەها ئامادەبووانی کۆنسێرتەکانیان هەمیشـە خەڵکانی وڵاتانی جیاجیـان و دەتوانیـن لـەو ڕێگەیـەوە بـە یەکیـان بگەیەنیـن و ئاشـنای دونیایەکـی نوێیان بکەین".

ئۆسـا کارلسـۆن ژەنیاری ئامێری فلوتە و هـاوکات مامۆسـتای ئامێری فلوتیشـە لە قوتابخانەی میوزیک لە شاری ڤالەنتونا.

### بەلوچییەک، کاڤوکێ بۆ سوێدییەکان دەڵێت

بـەڕای زۆر لـە لێکۆڵینڤانانـی بـواری میوزیک، بەتایبەت میوزیکی نەریتی، گۆرانی کاڤوکـێ وەک گۆرانییەکی سـەمایی، باڵێۆز و سـیمبولی گۆرانیـی کوردییـە. سـەمای بەلوچیـش یەکێکە لە سـەما ناسـراوەکانی ئێران کە ئێسـتا لەو وڵاتە قەدەغەیە. کلۆب پیسـا لەڕێـی هونەرمەنـدە بەلوچییەکـەی سـوێدەوە، بەدەرفەتـی دەزانـن هەردووکی ئاشنای سوێدییەکان بکەن.

لـە دوایین کاری گرووپی کلوب پیسـادا، لەگـەڵ سـەمای بەلوچی، گۆرانـی کاڤوکێ پێشکەشی سوێدییەکان کرا.

وەک کلارنێتژەنـە کوردەکـەی نێـو ئەم گرووپـە گوتی "سـوێدییەکان زۆر خۆشـحاڵ بوون و بیرەیەکی زۆریان لەگەڵی خواردەوە".



"سوێدییەکان لەگەڵ سەمای بەلوچی و گۆرانیی کاڤوکێ تێر بیرەیان خواردەوە"

# کۆچبەران بۆ وەرگرتنی مافی مانەوە منداڵ دەخەنەوە

ڕووداو – ستۆکهۆڵم، هێلسنکی

چـاوان هەرگیـز ئـەو سـاتانەی نێرگزی هاوڕێـی لەبیرناچێتەوە کـە لە بارودۆخێکی ناخۆشدا و بەدەم ڕێگەی قاچاخەوە، منداڵی بـوو. نێرگز و مێردەکەی بەرنامەیان دانابوو کە لە ڕێگەی کۆچ بۆ ئەورووپا منداڵیان ببێ، بۆ ئەوەی مافـی مانەوە لەو وڵاتە وەربگرن کە منداڵەکەیانی تێدا لەدایک دەبێت، بەڵام پارێزەرێکـی کـورد دەڵێت "ئەوە ئەسـڵ و ئەساسـی نییە کـە بەهـۆی منداڵبوونەوە، مافی مانەوەی هەمیشەیی وەربگری".

نێرگـز لەنێـو دارسـتانێکی سـنووری کرواتیا منداڵەکەی بوو، هەر لەوێش مایەوە و قاچاخچییەکـە ئامادە نەبوو لەگەڵ خۆی بیانبـات، منداڵەکـەش دوای لەدایکبوونـی نەبووە خاوەنی هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمی.

زۆر لە کۆچبەران بە تایبەتی کۆچبەرانی کورد دوای گەیشتنیان بە ئەوروپا، یەکسەر پلانی منداڵ خسـتنەوە دادەنێن، بۆ ئەوەی هـەر هیـچ نەبێـت بەهـۆی ئـەو منداڵەوە وڵاتینامـەی ئەو شـوێنە وەربگـرن کە لێی گیرسـاونەتەوە، بەڵام ئێسـتا دەرکەوتووە ئـەو ڕێگایە جگە لەوەی ڕێگایەکی فاشـیلە بـۆ وەرگرتنی ئـەو مافە، لە هەمـان کاتدا کێشە بۆ منداڵەکەش دروست دەکات.

چـاوان نـووری کـە لـە باشـووری کوردستانەوە کۆچی بەرەو ئەوروپا کردووە، لـە فینلانـد بـووە خاوەنی منداڵێـک، ئەو بـە هیـوای ئـەوەی مافـی مانـەوە بەهۆی منداڵەکـەی وەربگرێ، نـاوی لە منداڵەکەی ناوە هیوا. چـاوان ئومێدی بەوە هەیە هیوا ببێتـە مایـەی ژیانێکی نوێ بۆیـان "بەڵکو خوایە سـۆزی ئەوان بۆ ئەو منداڵەم، دڵیان نەرم بکات و ئیقامەمان بدەنێ".

هەمـوو هیـوای نێرگـز بـۆ ئـەوەی بەر ئەگەری هەڵمەتێکی دیپۆرتکردنەوە نەکەون لە ئایندەدا، ئەو منداڵەیە و دەڵێت "دڵنیام بێهیوام ناکەن".

هەرچەندە نێرگز و چاوان بەو مەبەسـتە لـە ئەورووپا منداڵیان بووە کـە بەهۆی ئەو منداڵانـەوە مافـی مانەوە وەربگـرن، بەڵام پارێزەرێکـی کورد ڕەتیدەکاتەوە شـتی لەو شێوەیە هەبێ.

پارێـزەر فایز بەرەکات کـە ئەزموونێکی درێژی لەبواری کارکردن لەسەر کەیسەکانی پەنابەران هەیە و نیشـتەجێی سـتۆکهۆڵمە بـە (ڕووداو)ی گـوت "ئـەم زانیاریـە هیچ بنەمایەکـی نییە و دەیـان خێزانی کۆچبەر باجی ئەو بیرۆکە هەڵەیەیان داوە".

ئـەو کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردسـتانە و زیاتر لە 30 سـاڵە لە سـوێد دەژی، گوتی "زۆر لـە کۆچبەران، بەتایبـەت ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە دێـن، چیرۆکـی سـەیر و سەمەرە بۆ خۆیان دروست دەکەن بـۆ بەدەسـتهێنانی مافی مانـەوە، بۆیـە هەندێکجار بڕیـاری هەڵە دەدەن کە بابەتی منداڵبوون لە ئەوروپا یەکێکە لەو هەڵانە".

ئەو چیرۆکەی چـاوان بەکر بۆ (ڕووداو)ی دەگێڕێتـەوە، یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە ئـەو پارێزەرە کوردە باسـی دەکات. چاوان گوتی کـە پێش ئـەوەی لە کوردسـتانەوە بـەرەو ئەورووپا بێـن، پلانی دروسـتکردنی منداڵیـان دانابـوو، بـەڵام بۆیـان بـووە گەورەترین سەرئێشـە. چاوان چارەنووسـی نێرگـز نازانێت کە ئاخۆ منداڵەکەی لەژیاندا مـاوە یان نا "ئەی نێرگز خۆی دەبێت لە چ ڕەوشـێکدا بێت و چۆن خۆی و منداڵەکانی بژیەنێت. تەنانەت بە پارەی خەیاڵیش هیچ قاچاخچییـەک لەخـۆی نەدەگرتـن، چونکە منداڵی کۆرپەیان پێبوو".

(ڕووداو) پێشـتر بڵاوی کـردەوە لەکۆی ئـەو 54 هـەزار خێزانەی لەسـەر ڕێگاکانی چـوون بـەرەو نەمسـا گیریان خـواردووە، دەیـان چیرۆکـی منداڵانـی بـێ بەڵگەنامە هـەن کـە لەژێـر خێـوەت و دارسـتانەکان لەدایکبوون.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەزاری بەرپرسـی چەنـد ڕێکخراوێکـی بـواری چاودێریی منداڵانـەوە دەسـتکەوتوون، منداڵانی تازە لەدایکبووی کورد لە سـوێد و فینلاند خۆی لە نزیکەی 400 منداڵ دەدات.

هەنـا عەبدەڵـی کارمەنـدی ڕێکخراوێکی بـواری مافەکانی منداڵان کە ڕێکخراوەکەیان لە سـوێد و فینلاند و نەرویـج کار دەکات، گوتی "لە هەوڵـی کۆکردنەوەی ئاماری ئەو منداڵانەدایـن، ئێمە بە فەرمی حکومەتەکان و کۆمیسـیۆنی یەکێتیـی ئەورووپامـان ئـاگادار کردووەتـەوە کـە کارەسـاتێکی مرۆیـی بەڕێوەیە، ئێسـتا ئامارێکی وردمان لەبەردەسـت نییـە، بەڵام پێموایە سـەدان کەیسـی لەوجۆرەمان هەیە کە ئێوە باسـی دەکەن".

هەندێـک لـە خێزانـەکان بـە جۆرێـک ئومێدیان لەسـەر منداڵەکانیـان هەڵچنیوە بـۆ بەدەسـتهێنانی مافی مانـەوە، هەر لە ئێستاوە حیسابی ناولێنانی منداڵەکانیشیان کردووە.

دایکـی لیـا، چارەنـووس و داهاتـووی منداڵەکـەی لە سـوێد دەبینێتەوە "خۆ هەر هیـچ نەبێـت، هـەوای پیس هەڵنامژێت و خۆراکی ماوە بەسەرچوو ناخوات".

دایکـی لیا باسـی ناولێنانـی کچەکەی دەکات و دەڵێت "بیرم لەوە کردەوە ناوێکی نامۆی نەبێت و لای هەموو نەتەوەکان قبوڵ بکرێت، بۆیە ناوم لە کچەکەم نا لیا، نە لای کورد نامۆیە، نە لای بیانییەکان". گوتیشی "داهاتـووی منداڵەکەم لە سـوێدە، بۆیە بە گوناهـی دەزانم منداڵێک لێرە گەورە بکەیت و ناوێکـی هەبـێ کـە بیانییـەکان گاڵتەی پێبکەن".



پارێزەرێکی کورد: ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە کە بەهۆی منداڵبوونەوە، مافی مانەوەی هەمیشەیی وەربگری



کورد ئێستا خاوەنی یەکێک لە باشترین و پێشکەوتووترین میدیای دیجیتاڵییە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست
هێمن لهۆنی، بەڕێوبەری پۆرتاڵی رووداو
هاوبەشەکانمان :
facebook
SimilarWeb
Google Analytics
پۆرتاڵی رووداو
rudaw.net
کوردی
Kurdî
English
Türkçe
عربي
100
ملیۆن سەردان لە ساڵێکدا
50
ملیۆن بینەری ڤیدیۆکانمان لە سۆشیاڵ میدیا لە مانگێکدا
6
ملیۆن فانی هەمیشەیی لە سۆشیاڵ میدیا
2
ملیۆن بەشداربووی ئەپەکانی رووداو
پەیجەکانمان لە فەیسبووک تویتەر ناسێنراون
سۆرانی @Rudawkurdish
Türkçe @RudawTukrce
Kurmanci @RudawKurdi
Sports @Rudawkurdish
English @RudawEnglish
عربي @Rudaw_arabic
Rudawmedia
@Rudawnet
Rudaw
Rudaw
Rudaw
ئێستا ئەپەکانمان بێ ئینتەرنێتیش کار دەکەن
Windows Phone
BlackBerry
iOS
android
وێنە و ڤیدیۆکان لە چوار لاوە
360
" رووداوەکان تەنها لە 1 خولەکدا "
RUDAW GENERATION
دەجار خێراتر لە جاران لینکەکانمان دەکرێنەوە
Instant Article
(رووداوی تۆ) خزمەتگوزارییەکە بۆ ئێوەی خۆشەویست دەتوانن لێرەوە وێنە،ڤیدیۆ و بابەت بلاوبکەنەوە .
Dr Online
دکتۆر ئۆنلاین، ئێمە پزیشکی پسپۆڕی تایبەتی تۆین لە هەموو کاتێک و لەهەر شوێنێک بێت
هەواڵ بە ئینفۆگرافیک
©RUDAW


دەتەوێت ئۆتۆمبێل
بکڕیت یان بیفرۆشیت؟
ئێمە هەڵدەستین بە
ڕێکلامکردن بۆ ئۆتۆمبێلەکان
لە پەڕەی کۆمەڵایەتییەکان و
ڕۆژنامەکان بۆئەوەی زۆرترین
بینەر بیبینن.
سەردانی autobaba.com بکە،
پێشەنگترین بازاری ئۆتۆمبێل
لە ئینتەرنێت.
لە عێراقدا بە هەزاران بەکارهێنەری
ئینتەرنێت Autobaba بەکاردێنن
بۆ فرۆشتن یان کڕینی ئۆتۆمبێلەکانیان،
چونکە خزمەتگوزارییەکانمان بە خۆڕاییە
و داتاکانمان باوەڕپێکراو و ڕێکخراون.
بە بڕوای ئێمە کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل پێویست ناکات کارێکی گرانبێت،
سەردانی www.autobaba.com بکەن و بەتەنها چەند کلیکێك ئۆتۆمبەلەکە
بەئاسانترین شێواز بفرۆشە!
autobaba


+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333
DANIA CITY
better life style
daniacity
info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد



## ژنانی بزووتنەوە چاوەڕێی کۆنگرەن

**ڕووداو- سلێمانی**

وەهبە ناسر، ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێستا دوو ئەندامیان لە سەرکردایەتی و ئەندامێکیشیان لە مەکتەبی سیاسییە و گوتی "خۆمان بۆ کۆنگرە ئامادە کردووە و وەکو خۆم حەز دەکەم ژمارەمان زیاد بێت، بەڵام چاوەڕێین بزانین لە کۆنگرەدا ژمارەکە چۆن دەبێت"، ناوبراو گوتیشی "ئەوەندەی بزانم ژمارەیەکی کەم لە خوشکان دەیانەوێت خۆیان بپاڵێون، چونکە زیاتر مەبەستیانە لە خوار سەرکردایەتییەوە خزمەت بکەن و پێیانوایە وەرگرتنی پۆست تەنیا ناو نییە، بەڵکو ئەرکیشە"، وا بڕیارە ڕۆژی 2016/7/10 بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان کۆنگرە ببەستێت.

# "سێ ساڵە کچەکەم بێسەروشوێن کراوە"

**هەمزە بیتوێنی**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

غەمگین تەمەنی تەنیا 15 بەهار بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی شوو بە کوڕێک بکات کە گوایە خۆشیدەویست. بۆیە گوێی لە ئامۆژگاریی دایک و باوکی نەگرت و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی باوکی بخاتە زیندانەوە لەپێناوی گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، بەڵام کۆتایی چیرۆکەکەی تراژیدی بوو، وا زیاتر لە سێ ساڵە کەس هیچ هەواڵێک لەبارەیەوە نازانێ.

غەمگین ناوی خوازراوی کچێکە کە لەسەر داوای دایکی نەکرا ناوی ڕاستەقینەی بهێنین. لە تەمەنی 15 ساڵیدا دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی کوڕێکەوە کە ڕۆژانە دەهاتە سەر ڕێگای قوتابخانەکەی، دواجار بە خۆشەویستەکەی گەیشت، بەڵام تەنیا ساڵێک لەگەڵ یەکتر مانەوە و لێک جیابوونەوە.

دایکی غەمگین دەڵێت سێ ساڵە کچەکەی بێسەروشوێنە و گومانی هەیە کە لەلایەن باوکییەوە کوژرابێ.

(س.ح) دایکی غەمگین کە دانیشتووی قەزای پشدەرە، بەسەرهاتی کچەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "کچەکەم تەمەنی تەنیا 15 ساڵ بوو، کوڕێکی گوندەکەمانی خۆشدەویست، دواتر بە خواستی خۆی شووی پێکرد، بەڵام تەنیا ساڵێک پێکەوە بوون و جیابوونەوە".

دایکی غەمگین دەڵێت باوکی کچەکەی دژی ئەوە بووە شوو بەو کوڕە بکات، چونکە غەمگین هێشتا منداڵ بوو، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر قسەی خۆی "غەمگین لەسەر ڕێگری لە شووکردنەکەی، لە بنکەی پۆلیس سکاڵای لەسەر باوکی تۆمار کرد، بەبڕیاری دادوەر باوکی دەستگیرکرا و ناچاریان کرد بە شووکردنی کچەکەی ڕازی بێت".

غەمگین بە ئاواتەکەی دەگات، بەڵام زۆر نابات سەراپای ژیانی خۆی و خێزانەکەی پڕ دەبێت لە کێشە. دایکی ئەو کچە دەڵێت: "لە مێردەکەی جیابووەوە، بەڵام ماڵی ئێمەشی وێران کرد، هەر بەهۆی غەمگینەوە کێشە کەوتە نێوان من و باوکی، ئێمەش هەر بەهۆی ئەو کێشەیەوە لە یەکدی جیابووینەوە".

غەمگین لەگەڵ دایکی بەیەکەوە دەژیان، بەڵام دایکی دەڵێت "کچەکەم بە جیابوونەوەی لە مێردەکەی کێشەکەی گەورەتر بوو، باوکی و مامەکانی بەردەوام هەڕەشەیان لێدەکرد، بۆیە ناچار بووم سکاڵا لەلای پۆلیس تۆمار بکەم".

بەهۆی ئەو هەڕەشانەی لەسەری بوون، غەمگین ماوەیەک لە شەڵتەرێکی ئافرەتان دەمێنێتەوە، دواتر شەڵتەرەکە جێدێڵێت و لەسەر شەقامەکان ڕۆژ دەکاتەوە.

ڕۆژێکیان غەمگین تەلەفۆن بۆ دایکی دەکات و پێیدەڵێت کە باوکی پەیوەندی پێوە کردووە و داوای لێکردووە بچێت بۆ نەخۆشخانە پشکنینی بۆ بکات، بەڵام پێی نالێت پشکنینەکە چییە. ئەوە دوا پەیوەندیی نێوان غەمگین و دایکی دەبێت.

(س) دەڵێت "کچەکەم لە تەلەفۆنەکەدا گوتی دایکە تۆ بڵێی بچمە لای باوکم نەمکوژێت؟ منیش پێمگوت نا کچم بڕۆ بۆ لای ئەو باوکتە، چۆن دەستی دەچێتە خوێنی تۆ".

(س) گومانی لە چوونی کچەکەی بۆ لای باوکی هەیە و دەڵێت "لەو ڕۆژەوە من ماوەی سێ ساڵە بەدوای چارەنووسی کچەکەمدا دەگەڕێم و شوێن نەما بۆی نەچم، بەڵام هیچ زانیارییەکم دەست ناکەوێت".

گوتیشی "کچەکەم زیاتر لە 20 جار لەلایەن کەسوکارییەوە هەڕەشەی لێکراوە، من دڵنیام کچەکەمیان کوشتووە، بەڵام لێمی دەشارنەوە. هەر جارێکیش پرسیاری چارەنووسی کچەکەمیان لێدەکەم دەڵێن نازانین لە کوێیە، ڕەنگە چووبێتە قەندیل و بووبێتە گەریلا، بەڵام من باوەڕ بەو قسەیە ناکەم".



دایکی غەمگین لەساڵی 2013ەوە لە بنکەی پۆلیس سکاڵای تۆمار کردووە، بەڵام پۆلیس تاوەکو ئێستا هیچ سەرەداوێکی لەبارەی چارەنووسی ئەو کچە دەستنەکەوتووە و کەسیشی لەسەر ئەو دۆسیە دەستگیر نەکردووە. دایکی غەمگین دەڵێت "لەلای پۆلیس سکاڵام تۆمار کردووە، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانم کردووە، سەردانی ڕێکخراوەکانی ژنانم کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچیان بۆ نەکردووم".

دایکی غەمگین بڕیاری داوە واز نەهێنێ هەتا شتێکی لەبارەی چارەنووسی کچەکەی دەستنەکەوێ و دەڵێت "هەرچەندە دڵنیام چارەنووسی منیش لە چارەنووسی کچەکەم باشتر نابێت، بەڵام سکاڵا لەسەر هەموو ئەو کەسانە تۆمار دەکەم کە گومانیان لێدەکەم کچەکەمیان بێسەروشوێن کردووە".

یوسف عومەر، لێپرسراوی ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان دەڵێت ئاگاداری کێشەی ئەو خێزانەن، پێشتر باوک و دایکی کچەکەیان بانگ کردووە و هەوڵی ئاشتەواییان لە نێوانیان داوە و داوایان لە باوکەکە کردووە کچەکە بباتەوە لای خۆی، بەڵام باوکەکە بەهیچ شێوەیەک ڕازی نەبووە کچەکەی قبوڵ بکاتەوە، بۆیە هەوڵەکانیان بۆ ئاشتکردنەوەی خێزانەکە بێسوود بووە.



# ڕۆژان سووتا یان خۆی سووتاند؟

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

ڕۆژان ماوەی 12 ڕۆژ لە ململانێدا بوو لەگەڵ مەرگ تا دواجار بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەیەوە گیانی سپارد، هەر ئەو ڕێژە زۆرەی سووتانەشی گومانی ورووژاند کە ڕۆژان خۆی سووتاندبێ، لەکاتێکدا کەسوکارەکەی دەڵێن لە کاتی ئامادەکردنی خواردن سووتاوە.

ڕۆژی 2016/5/26 کچێکی تەمەن 19 ساڵ بەنێوی ڕۆژان مەولود ئیسماعیل، دانیشتووی گوندی وەرێی سەر بەناحیەی سەرڕوچاوە لە قەزای ڕانیە، لە نێو ماڵەکەیدا سووتا. هەندێک لە کەسوکارەکەی دەڵێن ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، دایکیشی دەڵێ نازانێت کچەی چۆن و بەچی سووتاوە، بەڵام یەکێتی ژنانی کوردستان دەڵێن خۆی سووتاندووە.

عاسێ خدر حوسێن، دایکی ڕۆژان کە ناوبەناو بەیت و باڵۆرەی بە کچەکەیدا هەڵدەگوت و فرمێسکی بۆ مەرگی کچەکەی هەڵدەڕشت، باسی ساتی پێش سووتانی کچەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ئەو ڕۆژە کچەکەم لەگەڵ براژنێکی بەیەکەوە لەماڵەوە بوون، من ڕۆیشتم بۆ نێو کێڵگە، دڵم زۆر توند بوو لە ڕێگادا سێ چوار جار ئاوڕم بۆ لای ماڵەوە دایەوە. ڕۆژان گوتی بۆ ئەوەندە سەیری دواوە دەکەی؟ کە ناتوانی مەڕۆ و وەرە پشوو بدە".

زۆری پێناچێت کچێکی دیکەی کە لە گوندێکی دیکەیە و شووی کردووە، تەلەفۆن بۆ عاسێ دەکات و پێیدەڵێ خێرا بڕۆوە ماڵەوە دەڵێن ڕۆژان سووتاوە. دایکی ڕۆژان ڕەتیکردەوە کچەکەی لەماڵەوە هیچ کێشەیەکی هەبووبێ و دەڵێت قەت دڵی کچەکەی نەشکاندووە.

سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووداوەکەش، دایکی ڕۆژان گوتی "ڕووداوەکە بۆ منیش ڕوون نییە و نازانم چۆن بووە، تەنیا ئەوەندە دەزانم ڕۆژان لە نەخۆشخانە لەلای پزیشکەکان گوتبووی بە چەرخ و غاز سووتاوم و هیچ کێشەم نەبووە، بەڵام نازانم چۆن بە چەرخ و غاز سووتاوە".

هێرۆ ئەحمەد، براژنی ڕۆژان کە ئەو ڕۆژە بە سەردان لە ماڵی خەزووری بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "من لە ژووری دواوە خەریکی گۆڕینی جلوبەرگی منداڵەکانم بووم، ڕۆژان لە بەشی دواوەی ماڵەوە لەلای ئاگردان خەریکی شیر و شیو کوڵاندن بوو، لە پڕ بە هاوارکردن هاتە دەرەوە، بینیم ئاگری لێ بەرز دەبێتەوە. بە ڕاکردن بۆ لای کۆلێکی ئاو چوو بۆ ئەوەی خۆی بکوژێنێتەوە. من بە تەنیا نەمدەزانی چی بکەم، دواتر دراوسێکانم فریاکەوتن و ئاگرەکەیان کوژاندەوە و ڕۆژانیان برد بۆ نەخۆشانە".

هەرچەندە کەسوکارەکەی وا باسی ڕووداوەکە دەکەن کە قەزا و قەدەر بووبێ، بەڵام یەکێتی ژنانی کوردستان دەڵێن بەپێی بەدواداچوونەکانیان دەرکەوتووە ئەو کچەکە خۆی سووتاندوە، بەڵام نازانن بۆچی ڕاستی ڕووداوەکەی باس نەکردووە.

ئاشنا حەسەن، لێپرسراوی کەرتی ژنان لە بیتوێن و ئەندامی لقی ڕاپەڕینی یەکێتی ژنانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "بەداخێکی زۆرەوە هەندێک لە ژنان و کچان کە کێشەیان دەبێت، ئێمە ئاگادار ناکەنەوە بۆئەوەی بەرگرییان لێ بکەین، بەڵکو بە ئامرازی جۆراوجۆر پەنا بۆ خۆلەناوبردن دەبەن، دواتریش ڕاستییەکە لە نەخۆشخانە و پۆلیس و کەسوکارەکەیان دەشارنەوە".

ئاشنا حەسەن پێیوایە ڕۆژان خۆی سووتاندووە "بەپێی بەدواداچوون و زانیارییە سەرەتاییەکان، گومانمان هەیە کە خۆی سووتاندووە بەڵام هۆکارەکەی ڕوون نییە بۆچی خۆی سووتاندووە".

هەر لەوبارەوە نینا محەممەد، لێپرسراوی هۆبەی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی هەواڵمان پێگەیشت کە کچێکی تەمەن 19 ساڵ بە ناوی ڕۆژان مەولود لە ماڵی خۆیان بەهۆی گڕگرتنی غاز سووتاوە، بەدواداچوونمان بۆ کرد و سەردانی شوێنی ڕووداوەکەمان کرد".

وەک نینا گوتی، ئەوان گومانیان بۆ دروستبووە کە ئەو کچە سووتابێ، بەڵکو ڕووداوەکە زۆرتر لە خۆسووتاندن دەچێت. نینا گوتی "شوێنی ڕووداوەکە ئاوەڵا بووە، بەو جۆرە نەبووە کە غاز تێیدا پەنگ بخواتەوە و ئاگری گەورەی لێ بکەوێتەوە".

# بۆبڵاونەکردنەوەی وێنەکانی 65 هەزار دۆلاری دا



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- گەرمیان**

کچێکی هەزرەکار لەلایەن 14 گەنجەوە زیاتر لە 65 هەزار دۆلاری لێ دەسەندرێت. کچەکە دەڵێت ئەو کەسانە ژمارەیەک وێنەی ئەویان دەستکەوتووە و هەڕەشەیان کردووە ئەگەر پارەیان نەداتێ، وێنەکانی بڵاودەکەنەوە، بەڵام ئەو گەنجانە قسەی جیاواز لەوبارەیەوە دەکەن.

ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کچە سەرەتا سکاڵای لە دژی دوو ئافرەت تۆمار کرد کە ئەو پارانەیان بردبێت، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەرکەوت ئەو ئافرەتانە هیچ پەیوەندییان بەو بابەتەوە نەبوو، بەڵکو لەڕێگەی کچێکی هاوڕێیەوە، خۆشەویستی ئەو هاوڕێیەی ناسیوە و لە ڕێگەی ئەویشەوە گەنجەکانی دیکەی ناسیوە.

کچەکە بەپێی مادده 456 لە یاسای سزادانی عێراقی، بە تۆمەتی خەڵەتاندن سکاڵای لە دژی ئەو 14 گەنجە تۆمار کردووە. ڕائید جەمال گوتی "ئەو گەنجانە بڕی 65 هەزار و 700 دۆلاریان لەو کچە سەندووە. هەندێک لە پارەکان ئەو کچە بە ویستی خۆی پێیداون، هەندێکی دیکەشی لەژێر گوشار و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی بووە کە لای ئەو گەنجانە بووە".

بەبڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی کەلار، پۆلیس 14 گەنجی دەستگیر کرد کە شەشیان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵانە و بە کەفالەت ئازادکراون. ڕائید عەلی دەڵێت "هەندێکیان ئیعترافیان کردووە کە پارەیان لەو کچە وەرگرتووە. هەندێکیشیان ئەو تۆمەتەیان ڕەتکردووەتەوە. ئەوانەی پارەیان وەرگرتووە دەڵێن کچەکە بە ویستی خۆی پارەکەی پێداون، نەک هەڕەشەیان لێکردبێت". بە گوتەی قەدووری، هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوان کچەکە و ئەو 14 کوڕەدا نەبووە، بەڵام هەندێکجار وەکو هاوڕێ لەگەڵیان چووەتە دەرەوە.

سەبارەت بە وەرگرتنەوەی پارەکە، قەدووری گوتی "تا ئێستا پێنج هەزار دۆلاری ئەو پارەیە لەو گەنجانە وەرگیراوەتەوە و بەبڕیاری دادوەر لای پۆلیس دانراوە، چونکە لە حاڵەتێکدا ئەگەر پارەکە هی کچەکە بێت، لەبەرئەوەی ئەویش باوکی نییە و تەمەنی لە 18 ساڵ کەمترە، پارەکە لە خەزێنەی چاودێریی ناکامەکان دادەنرێت، تاوەکو تەمەنی کچەکە دەبێتە 18 ساڵ".

مامی کچەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دایک و باوکی ئەو کچە جیابوونەتەوە و باوکی کچەکە لە ساڵی 2004 بە ڕووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کردووە، کچەکە لەلای ئەوان بووە.

مامی کچەکە گوتی "ئەو برازایەم زۆر باش بوو، بەڵام بە قسەی خۆی، ڕۆژێک دایکم کلیلی شوێنی پارەکەی داناوە و ئەویش فرسەتی هێناوە و پارەکەی بردووە. ئەوەندەی بزانم جارێک پەنجا و چوار هەزار دۆلاری بردووە و ئەوەی دیکەشی پێشتر بردووە".

وەکو مامی باسی کرد، برازاکەی وێنەی لای کچێکی هاوڕێی بووە و ئەو کچەش وێنەکانی داوەتە یەکێک لە کوڕەکان و ئەوانیش هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان لێکردووە.

مامی کچەکە گوتی "ڕۆژی 2016/5/21 دایکم بە دیارنەمانی پارەکەی زانیوە، برازاکەم پێیگوتبوو پارەکەم داوەتە ژنێکی خزممان. پاشان گوتبووی چەند کەسێک بە چەقۆ هەڕەشەیان لێکردووم و پارەکەیان لێسەندووم".

هەروەها گوتی "کچەکەم لەلای منیش گوتی پارەکەی داوەتە ژنێکی خزممان و پێیانگوتووە نەنکت پیر بووە و لە داهاتووشدا ئەگەر بمرێ بەشی تۆی لێنادات، پاشان دانی بەوەدا نا کە ئەو پارەیەی لێسەندراوە. ئێمەش ڕۆژی 2016/5/22 سکاڵامان تۆمار کرد، دوای ئەوەش ژنێک قسەی لەگەڵ دایکم کردووە، گوتوویەتی ئەو پارەیەتان بۆ دەهێنینەوە، ئێمەش نازانین ئەو ژنە کێیە، بەڵام برازاکەم دەیناسێت".

ئێستا خانەوادەی ئەو کچە چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیسن، مامی گوتی "ئێمە دەمانەوێت بزانین بۆچی هەڕەشەیان لێکردووە و ئەو پارەیەیان لێسەندووە، بە قسەی برازاکەم یەکێک لەو کەسانە پێیگوتووە لەڕێگەی دەرمانەوە هەوڵی کوشتنی منیش بدات".

سەبارەت بەو قسەیەی مامی کە یەکێک لەو گەنجانە پلانی کوشتنی بۆ داناوە، قەدوری گوتی "هەندێک وردەکاری دیکە هەیە لە لێکۆڵینەوەدایە و هەتا بەڵگە نەبێت ناتوانین زانیاری دیکە ئاشکرا بکەین". بە قسەی مامی کچەکە، ئەو پارەیە هی چەند کەسێکە لەوانەش خۆی و دایکی، بەڵام گوتەبێژەکەی پۆلیس دەڵێت "بە گوتەی کچەکە ئەو پارەیە هی باوکیەتی و بۆی ماوەتەوە، بەڵام ئەگەر پارەی مامی و کەسانی دیکەی خێزانەکەشی بێت، پێویستە بیسەلمێنن".

ژمارە (412) دووشـەممە 2016/6/13



## لە سەید سادق گەنجێک دەکوژرێت

**ڕووداو- سەیدسادق**

گەنجێکی دانیشتووی شارۆچکەی سەیدسادق لەلایەن چەند کەسێکەوە تەقەی لێکراوە و دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی لەدەستداوە. حەیدەر حەسەن، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شەوکەتی حاجی موشیر لە سەیدسادق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، درەنگانی شەوی 2016/8/8 گەنجێکیان بە برینداری هێناوە نەخۆشخانەکەیان و ئەوانیش چارەسەری سەرەتاییان بۆ کردووە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کراوە و لەوێش گیانی لەدەستداوە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەو گەنجە تەمەنی 28 ساڵ بووە، تاوەکو ئێستا هۆکاری کوشتنەکەی نەزاندراوە.

# مێردمنداڵێک بە چەقۆ دوو پیاو دەکوژێت

## براى یەکێک لە کوژراوەکان:

## براکەم 500 دۆلار و مۆبایلەکەی براوە



موشیر محەممەد



ئیبراهیم حەمەد

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کۆیە**

(ع) تەنیا دوو مانگ بوو لە زیندان هاتبووە دەرەوە، بەڵام جارێکی دیکە بە تۆمەتی کوشتنی دوو پیاو دەستگیرکرایەوە و لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییشدا گوتوویەتی: "ئەو دوو پیاوەم بۆیە کوشت، چونکە هەوڵیاندا دەستدرێژی بکەنە سەرم"، بەڵام برای یەکێک لە کوژراوەکان ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت براکەی دوای ئەوەی کە کوژراوە پارەکانی و مۆبایلەکەی دزراوە.

کاژێر 10ی شەوی 2016/6/8 لە نێوان ناوچەی پیشەسازی و گوندی هەرمۆتە لە شارۆچکەی کۆیە، دوو پیاو بە نێوەکانی موشیر محەممەد، 50 ساڵ و ئیبراهیم حەمەد، 59 ساڵ بە چەقۆ کوژران.

محەممەد سەعید، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو دوو پیاوە هاوڕێی یەکدی بوون، یەکێکیان بە 20 چەقۆ و ئەوەی دیکەش بە شەش چەقۆ کوژراوە.

پۆلیسی کۆیە و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر دوای 24 کاژێر لەو ڕووداوە و هەر لەنێو شارۆچکەی کۆیە، تۆمەتبارێکی تەمەن 17 ساڵیان بەنێوی (ع.ع) بە تۆمەتی کوشتنی ئەو دوو پیاوە دەستگیرکرد، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە دەڵێت "ئەو کەسە هێشتا گومانلێکراوە و لە لێکۆڵینەوەش بەردەوامین".

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی ئەمنییەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەو تۆمەتبارە دانی بە کوشتنی ئەو دوو پیاوەدا ناوە، سەرچاوەکە گوتی "ئەو تۆمەتبارە لە لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی ئەو شەوە هەرسێکیان پێکەوە ڕۆیشتوون بۆ مەیخواردنەوە، دواتر ئەو دوو پیاوە هەوڵیانداوە لاقەی بکەن، بەڵام بووەتە دەمەقاڵێیان و ئەویش هەردووکیانی کوشتووە".

هەر بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، تۆمەتبارەکە ساڵی 2013ش بە تۆمەتی کوشتنی پیاوێکی دیکە دەستگیرکراوە و گوتی "ئەو تۆمەتبارە لەلایەن ئەو پیاوەشەوە لاقە کرابوو، (ع) ئەو پیاوەی کوشت و لەسەر ئەوەش سزای سێ ساڵ بەندکردنی بەسەردا سەپێنرا".

کوشتنی ئەو دوو پیاوە دەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێوی خەڵکی کۆیەدا هەبوو، بەڵام زۆربەیان ئاماژە بە ناڕاستیی ئەو تۆمەتە دەکەن کە دراوەتە پاڵ کوژراوەکان، هاوڕێیەکی (ع)ی تۆمەتبار کە دوو پیاوەکەش دەناسێت، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو شوێنەی لێی کوژرابوون، زۆربەی کات مەیخۆری لێیە، ئەوانیش خواردبوویانەوە، بەڵام ئەو دوو پیاوە باش بوون و لەو کارانە بەدوورن".

ئەوهاوڕێیەی کە ئاگاداری کاتی دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکە بووە، گوتی "شەوی دوای ڕووداوەکە تۆمەتبارەکەم بینی هات بۆ یەکێک لە باخچەکان و سڵاوی لێکردم، بەڵام دەموچاوی هیچی پێوە دیار نەبوو کە تاوانێکی لەو شێوەیەی کردبێت، بە منیشی گوت وەرە لام دانیشە، بەڵام نەموێرا بڕۆم، چونکە زۆر سەر بە کێشە بوو".

موشیر و ئیبراهیم خێزاندار بوون، بەڵام ئیبراهیم چەند ساڵێکە لە ژنەکەی جیابووەتەوە و لای دایکی ژیاوە، لە دووەم ڕۆژی پرسەکەیاندا (ڕووداو) هەوڵی دا ڕای کەسوکاری موشیر وەربگرێت، بەڵام ئەوان بەبیانووی ئەوەی چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەن، ئامادە نەبوون قسە بکەن.

برایەکی ئیبراهیم کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت، ڕۆژی ڕووداوەکە براکەی لە کاژێر هەشتی بەیانییەوە لە ماڵەوە چووەتە دەرەوە و دوای ڕووداوەکەش بە تەلەفۆن ئاگادار کراونەتەوە کە براکەیان لەگەڵ هاوڕێیەکیدا کوژراوە. ئەو گوتی "براکەم و موشیر بەشێوەیەکی دڕندانە کوژراون، براکەم 500 دۆلاری پێبووە، بەڵام دوای ڕووداوەکە ئەو پارەیە و مۆبایل و ناسنامەکەشی دیار نەماوە".

براکەی ئیبراهیم ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە کە دراوەتە پاڵ براکەی و موشیر "براکەم لەو تەمەنەدا نییە بەلای ئەو جۆرە کارانەدا بڕوات و هەموو خەڵکیش دەیناسن. کاک موشیریش هەردوو قاچی نییە و بە دارشەق دەڕوات، لەبەرئەوە تۆمەتەکە بۆ ئەویش ڕاست نییە، ئەو کەسانەشی ئەو جۆرە تاوانانە دەکەن دەبێت پاساوێکی لەو جۆرە بۆ کارەکەیان بهێننەوە".

ئەو برایەی پشتڕاستی کردەوە کە براکەی مەی خواردووەتەوە و گوتی "ڕاستە براکەم مەی خواردووەتەوە، بەڵام ئەگەر زیانی هەبووبێت تەنیا بۆ خۆی بووە و هیچ کێشەیەکی نەبووە".

(ع)ی تۆمەتبار کە پێشتریش بە تاوانی کوشتنی کەسێکی دیکە سزادراوە، لەنێوەڕاستی مانگی نیسانی ئەمساڵدا ئازاد کراوە، باوکی تۆمەتبارەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای ڕووداوەکە کوڕەکەی هاتووەتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام باسی هیچی نەکردووە، بەرەبەیانی 2016/6/9 چوون بۆ تەقتەق بۆ ماڵی خەزووری و لەوێ گوتوویانە دوو کەس کوژراون، ڕۆژی دواتر کە گەڕاوەتەوە زانیویەتی کوڕەکەی لەسەر ئەو تاوانە دەستگیرکراوە.

باوکی (ع) ئەو قسەیەی پشتڕاست کردەوە کە پێشتریش کوڕەکەی لەلایەن پیاوێکەوە لاقە کراوە و گوتی "ڕاستە پێشتر لەلایەن ئەو کەسەوە دەستدرێژیی کرابووە سەر و بە تاوانی کوشتنی ئەو کەسەش سزادرا، بەڵام دڵنیا نیم کوڕەکەم ئەو پیاوەی کوشتبوو یان نا، لەسەر ئەو تاوانە سەرەتا بە پێنج ساڵ سزادرا، بەڵام چەند جارێک بۆیان کەمکردەوە و پاشان دوو ساڵی تەواوکرد و لە 2016/4/15 ئازادکرا".

# ساڵێکە گۆڕی بۆ خۆی هەڵکەندووە و دەڵێت 19 ساڵە مردووە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- ئاکرێ**

مەشات هەر لە ئێستاوە گۆڕێکی بۆ خۆی هەڵکەندووە و وەسیەتیشی کردووە کە لە هەر شوێنێک مرد لەو گۆڕەدا بینێژن. لەسەر گۆڕەکەشی نووسیوە لە ساڵی 1997ەوە مردووە، بەڵام ئامادە نییە نهێنییەکەی ئاشکرا بکات.

مەشات ناوخۆش، 61 ساڵ، لە گوندی نەقەبی سەر بە ناحیەی دینارتەی شارۆچکەی ئاکرێ لەدایک بووە و ئێستاش لە ئاکرێ نیشتەجێیە و فەرمانبەرە و باوکی پێنج منداڵە. هەر لە ئێستاوە گۆڕی بۆ خۆی هەڵکەندووە.

گوندی نەقەب نزیکەی بیست خولەک لە ئاکرێ دوورە. مەشات نزیکەی ساڵێکە لەسەر بەرزاییەک گۆڕێکی بۆ خۆی ئامادە کردووە. ئەو دەڵێ "هەمیشە حەزم لە تەنیاییە و هەر ئەوەش وای لێکردم لە شوێنێکدا گۆڕ بۆ خۆم ئامادە بکەم کە هیچ کەسێکی لێ نەنێژرابێت".

زۆرجار ئەو کەسانەی گیان دەسپێرن پێشتر وەسیەت دەکەن کە لە شوێنێکی دیاریکراودا بەخاک بسپێردرێن، مەشات گوتی "هەرچەندە کەس نازانێت لە کوێ دەمرێت، بەڵام وەسیەتم کردووە لە هەر شوێنێک مردم بمهێننەوە ئەم شوێنە".

وەکو ئەو دابونەریتەی لە گۆڕستانەکاندا باوە، کێل بۆ گۆڕ دروست دەکرێت و هەندێجار دار درەختیش لە نزیک گۆڕەکەوە دەڕوێنرێ. ئەو پیاوەش هەر لە ئێستاوە کێلی گۆڕەکەی ئامادە کردووە و کەپرێکیشی بە قرمید لەسەر گۆڕەکەی دروستکردووە، چوار دەوری کەپرەکەشی بە پەردە گرتووە، ئەمە جگە لەوەی چواردەوری گۆڕەکەشی ڕێکخستووە و داری لێ ڕواندووە.



خەڵک دەچنە سەر گۆڕە بەتاڵەکەی مەشات و فاتیحەی بۆ دەخوێنن

هەرچەندە مەشات ماوەی ساڵێکە ئەو گۆڕەی بۆ خۆی ئامادەکردووە، بەڵام لەسەر کێلەکەی نووسراوە "ئەمە گۆڕی مەشات ناوخۆشە، لە ڕێکەوتنی 1997/5/23 کۆچی دوایی کردووە.

بۆچی ئەو ڕێکەوتە؟ مەشات گوتی "ڕەنگە لەو ڕۆژەدا ڕووداوێکم بەسەر هاتبێت، بۆیە لەو ڕۆژەوە خۆم بە مردوو دەزانم". مەشات ئامادە نەبوو ئەو ڕووداوە ئاشکرا بکات و گوتی "ئامادە نیم ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەم، ڕەنگە ڕووداوەکە لای خەڵک زۆر سادە و بچووکیش بێت، بەڵام لای من زۆر گرنگە".

ئەو پیاوە دەڵێت حەزی بۆ ژیانی تەنیایی هاندەری بووە بۆ ئەو کارە. بۆ سەلماندنی ئەوەش کە حەز دەکات بەردەوام تەنیا بێت دەڵێت "لە ئاکرێ دوو خانووم هەیە، یەکێکیان خێزانەکەمی تێدایە، ئەوەی دیکەش بە تەنیا خۆم تێیدا دەمێنەوە".

لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، شوێنی تایبەت بە گۆڕستان هەیە و گۆڕستانەکانیش لەلایەن شارەوانییەوە سەرپەرشتی دەکرێن، بەڵام گۆڕەکەی مەشات لە گۆڕستانەکان دوورە و بۆ هەڵکەندنی گۆڕەکەشی پرسی بە هیچ کەس و لایەنێک نەکردووە. مەشات گوتی "پرسم بە شارەوانی و هیچ شوێنێکی دیکەش نەکردووە، چونکە ئەو شوێنە لە سنووری گوندەکەی خۆمانە و تائێستاش شارەوانی هیچیان نەگوتووە، بەڵام ئەگەر لێشم تێکبدەن من دەسەڵاتم نییە".

مەلا عەتا پێنجوێنی، جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەڕووی شەرعەوە هەموو کەسێک دەتوانێت پێش مردنی، گۆڕ بۆ خۆی هەڵبکەنێت، بەو مەرجەی گۆڕەکە لە گۆڕستانی گشتیدا نەبێت و گوتی "گۆڕستانی گشتی موڵکی دەوڵەتە و ناکرێت کەسێک پێش مردنی شوێن بۆ خۆی دەستنیشان بکات، بەڵام ئەگەر شوێنی گۆڕەکە لە شوێنی تایبەتی ئەو کەسەدا بوو ئاساییە".

مەشات هەفتانە دوو ڕۆژ سەردانی گۆڕەکەی دەکات و دار و نەمامەکانی دەوروبەری گۆڕەکە ئاودەدات. هەروەها دەڵێت "هەندێکجاریش سەعات 12ی دەچمە سەر گۆڕەکەم و تا بەرەبەیان دەمێنەوە. هەندێجاریش لەگەڵ هاوڕێکانم چوومەتە ئەوێ و بۆ چەند خولەکێکیش چوومەتە نێو گۆڕەکەم".

مەشات گۆڕەکەی خۆی بە جۆرێک ڕازاندووەتەوە کە سەرنجی گەشتیاران و ڕێبواران ڕابکێشێ، بۆیە زۆرجار ئەوانەی ڕێیان دەکەوێتە سەر ڕێگای گۆڕەکەی مەشات لادەدەن و فاتیحای بۆ دەخوێنن.

مەشات دەڵێت چەند جارێک خۆی لەسەر گۆڕەکەی بووە کە خەڵک سەردانی گۆڕەکەیان کردووە و نەیانزانیوە مردووی تێدا نییە. مەشات گوتی "زۆرجار لەوێ بووم خەڵک هاتوون و نەیانزانیوە ناو گۆڕەکە بەتاڵە فاتیحەیان خوێندووە و پێیانگوتووم ئەو کەسە پێشمەرگەیە و شەهیدە و زۆر خۆشەویست بووە لای کەسوکاری، بۆیە گۆڕەکەیان بەو جۆرە ڕازاندووەتەوە".



موقەدەمی مافپەروەر

**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

# خاڵێکی کەللەڕەق

کوڕێک سەردانی کردین کە بە دەست کەللەڕەقیی خاڵییەوە گیرۆدە ببوو، چونکە خاڵی ڕازی نەدەبوو کوڕەکە و خوشک و براکانی دیکەی سەردانی دایکی خۆیان بکەن.

کاتێک کوڕەکە هاتە سەر گێڕانەوەی باسەکەی، گوتی ئێمە سێ برا و خوشکێکین و لەلای باوکمان گەورە بووین، دەزانین دایکم و باوکم لە یەکدی جیابوونەتەوە، بەڵام ڕاستی و هۆکاری جیابوونەوەکەیان بۆ ئێمە باس نەکردووە. ئەوە دەزانم کە دایکم شووی کردووەتەوە و سێ منداڵیشی هەیە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە تاوەکو ئێستا پێماندەڵێن باسی دایکتان مەکەن. من بەهۆی ئەوەی دایکم نەبووە بەردەوام هەستم بە بۆشایی دەکرد، هەرچۆنێک بوو توانیم دایکم بدۆزمەوە، بە تەلەفۆن قسەمان کرد، دواتر بە خوشک و براکانیشم گوت و ئیدی ئەوانیش بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ دەکرد.

پەیوەندیی نێوان منداڵەکان و دایکیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە درێژەی دەبێت، تاوەکو ڕۆژێکیان مێردی ژنەکە بە مەسەلەکە دەزانێت. دایکەکە بە منداڵەکانی دەڵێت زڕباوکتان کێشەی نییە سەردانم بکەن و قسەم لەگەڵ بکەن، بەڵام کێشەکە خاڵتانە، ئەگەر ئەو بزانێت کێشەتان بۆ دروست دەکات، کاتی خۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێو خێزانەکەماندا پەیدابووە و من لە باوکتان جیابوومەتەوە و شووم بەو پیاوە کردووە، بەو مەرجەی نە من سەردانی ئێوە بکەم، نە ئێوەش سەردانی من بکەن.

کوڕەکە دەیگوت باوکیشم ژنی هێناوەتەوە و دوو منداڵی هەیە و خەریکی ژیانی خۆیەتی، هەموو جارێک کە ئەو باسە دێتە گۆڕێ، پێمان دەڵێت من لارێم لەوە نییە سەردانی دایکتان بکەن، بەڵام دەبێ قەناعەت بە خاڵتان بهێنن کە ڕێگەتان پێبدات، بەڵام خاڵم بە هیچ شێوەیەک ڕازی نییە سەردانی دایکمان بکەین. بۆیە داوا دەکەم بانگی خاڵم بکەن و قسەی لەگەڵ بکەن بۆ ئەوەی ڕێگەمان پێبدات سەردانی بکەین.

کاتێک بانگی خاڵی منداڵەکان کرا و ئەو بابەتەی لەگەڵ باسکرا، هەر لەسەر بیری جارانی سوور بوو دەیگوت ڕێگە نادەم خوشکەزاکانم سەردانی دایکیان بکەن، چونکە 15 ساڵ لەمەوبەر بەو مەرجە سوڵحمان کردووە. بەڵام پێیگوترا 15 ساڵ لەمەوبەر ئەو منداڵانە بچووک بوون و ئێستا تەمەنیان لە سەرووی 18 ساڵە، دەتوانن لەسەر ئەو ڕەفتارەت سکاڵات لەسەر تۆمار بکەن و بتخەنە زیندانەوە. خاڵی منداڵەکان کاتێک گوێی لەو قسەیە بوو، نەرمی نواند و گوتی کێشە نییە با سەردانی دایکیان بکەن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە 8ی ساڵی 2011، لە ماددە دووی ئەو یاسایەدا هاتووە بڕینی پەیوەندی خزمایەتی بە توندوتیژی هەژمار دەکرێت و هەر کەسێک بیکات سزا دەدرێ. لە ماددە حەوتی هەمان یاسادا هاتووە "هەر کەسێک توندوتیژی خێزانی بکات، سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ، هەروەها بە بژاردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە دەرگا بۆ ململانێی نوێ دەکاتەوە

رێبوار قاسم
رووداو- هەولێر

لە ماوەی نزیکەی پێنج ساڵی رابردوودا، جەنگی ناوخۆی سووریا یەک تایبەتمەندی سەرەکی هەبووە و هەر ئەمەش وایکردووە ئەم جەنگە بەردەوام قووڵتر ببێتەوە و ئاسۆکانی چارەسەری لێڵتر بن. هەموو هێزێک لە یەک کاتدا چەندین دوژمن و دۆستی تەکتیکیی هەیە. ئەو هێزانەی لە ناوچەیەکدا دۆستی یەکدین، دەشێت لە ناوچەیەکی دیکەدا دوژمن بن. هەر بۆیە سەرکەوتنی جەنگی رەققە، ئەگەرچی دەکرێت وەکوو گورزێکی کوشندە بۆسەر داعش ببینرێت، دەکرێت سەرەتای جەنگێکی نوێش بێت لەناو هەزار بە هەزارەی جەنگی ناوخۆیی سووریادا.

## خەونی یەپەگە و پرۆژەی هێزەکانی سووریای دیموکرات

هێزەکانی سووریای دیموکرات لە باکووری رۆژئاواوە هێرشێکیان بۆ سەر رەققە، پایتەختی دیفاکتۆی داعش دەست پێکردووە. شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، بڕبڕەی پشت و خاوەنی بیرۆکەی پێکهێنانی ئەو هێزەن. رۆژی 24ی ئایار هێزەکانی سووریای دیموکرات هەڵمەتێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی باکووری پارێزگای رەققە راگەیاند، هێزە عەرەبییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا رەخنەی توندیان لەم پلانە گرتووە و نیگەرانن لەوەی هێزێکی کوردی شارێکی عەرەبنشینی وەکوو رەققە بگرێتەوە.

رۆژی 16ی ئادار، پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) کە باڵی سیاسی یەپەگەشە، رایگەیاند ئەوان سیستەمێکی فرەنەتەوەیی فیدراڵی لە رۆژئاڤا دادەمەزرێنن. هێزەکانی سووریای دیموکرات لە رۆژی یەکەمی دامەزراندنییەوە بەهێزێکی فرەڕەهەندی نەتەوەیی و ئایینی لەقەڵەم دراوە، بەڵام عەرەبەکان رەخنەی ئەوەیان لەو هێزە گرتووە کە هەوڵێکی جیدی بۆ جێکردنەوەی عەرەبەکان لەم هێزەدا نەدراوە. ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردیش، رەخنەی ئەوە لە پەیەدە دەگرێت کە بیر لە پرۆژەیەکی نا-کوردی دەکاتەوە و هێزەکانی سووریای دیموکرات گوزارشت لەم بیرۆکەیە دەکەن.

پەیەدە پێشتریش رایگەیاندووە ئەوان بەنیازی دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی فرەڕەنگن، بەمەش پرۆژەکەی خۆیان لە پرۆژەی فیدراڵی عێراق جیا دەکەنەوە کە تێیدا سنوورەکانی هەر هەرێمێک لەگەڵ سنوورەکانی گرووپە ئەتنیکی یان مەزهەبییەکەدا یەکە.

ئاڵدار خەلیل، بەرپرسێکی باڵای هاوپەیمانێتی تەڤدەم بە فۆرین پۆلیسی راگەیاندووە "ئەنجوومەنی نیشتمانی داوای مۆدێلێکی عێراقی دەکەن کە تێیدا هەرێمێک بۆ سوننە، کورد و شیعە هەبێت. بەڵام ئێمە وەها بیر ناکەینەوە و بیر لە سیستەمی کۆمەڵگای دیموکراتی دەکەینەوە کە تێیدا هەموو نەتەوەکان پێکەوە بژین."

ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی یەپەگە لەگەڵ بۆچوونەکەی ئاڵدار خەلیلدا کۆک نین و پێیانوایە یەپەگە نابێت بچێتە نێو رەققە و هیچ پێویست ناکات رەققە بخرێتە سەر هەرێمی فیدراڵی باکوور.

ئەحمەد ئاڵتاش، 33 ساڵان و خەڵکی کۆبانێ دەڵێت "رەققە و باکووری رەققە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی عەرەبنشینن، دەسەڵاتی ئێمە قەبووڵ ناکەن، بەمە وەکوو عێراقمان لێدێت و تووشی کێشە و تەقینەوەی و ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو دەبین."

کەم نین ئەو کوردانەی هاوڕای ئاڵتاشن و پێیانوایە گرتنەوەی رەققە لەلایەن هێزێک بە سەرکردایەتی کورد نەک هەر باجێکی گەورەی مرۆیی و سەربازیی بەدواوەیە، بەڵکو بۆ داهاتووش مەترسیدارە. بەبۆچوونی ئەوان پێکەوە بەستنەوەی عەفرین لە باکووری رۆژئاوای سووریا و ناوچە کوردییەکانی دیکە لە رۆژهەڵاتی سووریا دەبێت ئەولەویەتی یەکەمی هێزە کوردییەکان بێت، نەک گرتنەوەی رەققە.

بەڕای ئەوان گرتنەوەی رەققە دەبێت بخرێتە ئەستۆی گرووپە عەرەبییەکانی دیکەی ناو هێزەکانی سووریا دیموکرات، لەوانەش لیوای سووەر ئەلڕەققە، شەمس ئەلشیمال و هتد، کورد دەبێت فۆکس بخاتە سەر رێگەی نێوان عەرفین و کۆبانێ.

ئەگەرچی زۆربەی خەڵکی دانیشتووی رەققە ئاواتەخوازن هەر چۆنێک بێت لە ژێر دەسەڵاتی داعش دەربچن، بەڵام لە دوورمەودادا بوونی هێزێکی کوردی لەم شارە دەتوانێت مەیدانێکی نوێ بۆ ناکۆکی نێوان نێوان کورد و عەرەب دروستبکات.



زۆر لە لایەنگرانی یەپەگە دەڵێن پێویست ناکات رەققە بخرێتە سەر هەرێمی فیدراڵی باکوور (فۆتۆ: AFP)

## رەققە.. گۆڕەپانی ململانێی ئەمریکا و رووسیا

هاوکات لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە باکووری رۆژهەڵاتەوە، هێزەکانی سووریاش لە باشووری رۆژئاواوە بەرەو پایتەختی داعش لە پێشڕەوی دان. ئەم دوو هێزە لەلایەن دوو زلهێزی جیهانی جیاواز و تەنانەت دژبەرەوە پشتیگریان لێدەکرێت. هێزەکانی سووریای دیموکرات بە پشتگیری ئەمریکا و هێزەکانی سوپای سووریا بە پشتگیری رووسیا لە دوو ئاراستەی جیاوازەوە بەرەو هەمان ئامانج لە پێشڕەوی دان.

لەوەتەی راگەیاندنییەوە، ئەوە یەکەمجارە داعش لە چوار شاری سەرەکیی ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، واتە موسڵ، رەققە، فەللوجە و منبج، لە ژێر گوشاردا بێت. هێزەکانی سوپای سووریا لە 10ی شوباتەوە بە درێژایی دووسایدی 42، واتە رێگەی نێوان سەلامیە و رەققە لە پێشڕەوی دان. لە چەند رۆژی رابردووشدا هەتا 32 کیلۆمەتری شارۆچکەی ئەلتەبقە و لەوێش گرنگتر بەنداوی تەبقە، دووەم گەورەترین بەنداوی سووریا، نزیکبوونەتەوە. داعش ئەم بەنداوەی کردووە بە بارەگا و شوێنی حەشاردانی تەقەمەنی. نە ئەمریکا و نە رووسیاش ناخوازن چەکدارانی داعش لە نزیک ئەم بەنداوە بۆردومان بکەن، لەبەر ئەوەی رەنگە زیان بە بەنداوەکەش بگات. داعشیش هەڕەشەی کردووە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر رەققە یان لە ژێر کۆنترۆڵیان دەربکرێت، ئەوە بەنداوەکە دەتەقێننەوە.

لە باکووری رۆژئاواوە هێزەکانی سووریای دیموکرات تەنیا 30 کیلۆمەتر لە رەققە دوورن، هاوکات لە کۆنترۆڵکردنەوەی منج، شادەماری نێوان رەققە و سنوورەکانی سووریا و تورکیا، بەردەوامن. کۆنترۆڵکردنەوەی منبج رێخۆشکەر دەبێت بۆ داڵدەدانی داعش لە رەققە، لەبەر ئەوەی رێگایەکی سەرەکی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەم گرووپە دەپچڕێنرێ. ئەم ئۆپەراسیۆنە هەوڵەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققەیان خاو کردووەتەوە، بەڵام شەرڤان دەروێش، گوتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات ئەمە بە جێگەی نیگەرانی نازانێت چونکە "سوپای سووریا ناتوانێت لە رەققە هیچی دەستبکەوێت، ئەم ماوەیەش تەنیا لە بیابانەکان پێشڕەویان کردووە".


بەڵام بەر لە کۆنترۆڵکردنەوەی پایتەختی داعش مشتومڕەکان سەبارەت بە ئیدارەی داهاتووی ئەم شارە دەستیان پێکردووە. یەکێک لە ئەگەرە بەهێزەکان ئەوەیە هێزەکانی سووریای دیموکرات و سوپای سووریا پێکەوە لە دوو قۆڵی جیاواز بچنە نێو شارەکەوە. ئەگەر سوپای سووریا بتوانێت وەکوو یەکەم هێز بچێتە نێو رەققە، ئەوە کاریگەری راستەوخۆ لە پرۆسەی ئاشتی سووریا و تەنانەت داهاتووی سیاسی ئەم وڵاتەش دادەنێت. بوونی هێزەکانی سووریای دیموکرات لەگەڵ سوپای سووریا دەشێت ئاگری جەنگێکی دیکە لەو پارێزگایە لە نێوان لایەنگرانی حکومەت و عەرەبە سوننەکانی ئەو ناوچەیە و هێزە کوردییەکان خۆشبکاتەوە.

هەر لەم پەیوەندییەدا ئەمریکا هەوڵی داوە رۆڵی چەکدارە عەرەبە سوننەکان لە ئۆپەراسیۆنەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات زیاتر بێت، تەنانەت داوای بەشداری لە تورکیا و سعودیەش کردووە. تورکیا بەهۆی مەترسی دەستەویەخەبوون لەگەڵ رووسیا و هەروەها بەشداری کارای یەپەگە (کە تورکیا بە دوژمنیان دەزانێت) ناتوانێت لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەشدار بێت. سەرەتای ئەمساڵ سعودییەکان ئاماژەیان بەوەدابوو کە ئامادەن بە تەنیا یان بە هاوکاری وڵاتانی کەنداو هێزی پیادە و تەقەمەنی رەوانەی سووریا بکەن، بەڵام قورسایی و بایەخی جەنگی یەمەن رێگری سەرەکی بووە لەوەی ریاز ئەم بەڵێنەی خۆی بەرێتەسەر.

پێشتر پێنتاگۆن رەتیکردبوویەوە هیچ هەماهەنگییەک یانیش ململانێیەک لە نێوان واشنتن و مۆسکۆدا هەبێت بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی کۆنترۆڵکردنەوە و چارەنووسی داهاتووی رەققە.

درەنگ یان زوو رەققە کۆنترۆڵ دەکرێتەوە، بەڵام گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی ئەمدواییە دەریدەخەن کێشەی رەققە پاش رزگارکردنی لەدەست داعش تەواو نابێت، بەڵکو دەکرێت مەیدانی ناکۆکی و تەنانەت جەنگی فرەڕەهەندی نوێ بێت کە دەشێت رەهەندی سوننەکان لەدژی حکومەتی سووریا، سوننەکان لەدژی کورد و رووسیا لە دژی ئەمریکا، تورکیا و وڵاتانی کەنداو لەخۆبگرێ.

# بیانییەکانی ناو داعش داوای گەڕانەوە بۆ وڵاتانی خۆیان دەکەن



رووداو – هەولێر

ژمارەیەک دیپلۆماتکاری پایەبەرزی رۆژئاوایی و تۆڕی هاوکاریکردنی چەکدارە پەشیمانەکانی داعش لە سووریا بە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکییان راگەیاند کە ئەندامە رۆژئاواییەکانی داعش بەردەوام پەیوەندی بە حکومەتەکانیانەوە دەکەن و داوای دەکەن یارمەتییان بدرێت بۆئەوەی لە سووریا و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش دەربچن. بەشێک لەو چەکدارانە چیدی بڕوایان بە بانگەشەکانی داعش نەماوە.

وەک دیپلۆماتکارەکان دەڵێن، ژمارەیەک لەو ئەندامانە پەیوەندییان بە نووسینگەکانی پەیوەندی دەرەوەی حکومەتە رۆژئاواییەکان لە تورکیا کردووە و هەندێکیشیان لە رێگەی نامەوە حکومەتەکانی خۆیان ئاگادار کردووەتەوە کە بەنیازن واز لە داعش بهێنن و داوای یارمەتییان لێکردوون.

ئەم داواکارییە بۆ یارمەتی لە کاتێکدا دێت کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە رەققەی پایتەختی دیفاکتۆی داعش، فەللوجە، مووسڵ و منبج رووبەڕووی هێرشی سەخت بوونەتەوە.

ژمارەیەک لەو کەسانە چەکداری داعشن، ئەوانی دیکەش ئەو خەڵکانەن کە چوونەتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و پەیمانیان بە گرووپەکە داوە، لەوانەش ئەو ژن و منداڵانەی شوێن هاوژینەکانیان یان باوکیان کەوتوون.

دیدیە لو برێت، هەماهەنگیکاری دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی فەرەنسا رایگەیاند "هێزەکانی داعش خەریکن وازدەهێنن، ژمارەیەکیان گەڕاونەتەوە فەرەنسا. ئەوان هەستیان بەوە کردووە کە رەوشەکە باش نییە".

برێت هەروەها جەختی لەوەش کردەوە کە تەنیا فەرەنسییەکان نین دەگەڕێنەوە، بەڵکو خەڵکی وڵاتانی دیکەشن.

ماڵپەڕی دەیلی بێستی ئەمریکی پێشتر ئامارێکی بڵاوکردووەتەوە. بەپێی ئامارەکە 700 فەرەنسی، 500 بەریتانی و 350 ئەڵمانی چوونەتە ریزەکانی داعش. هەروەها بەگوێرەی راپۆرتێکی "گرووپی سۆڤان" کە لە بواری لێکۆڵینەوەی هەواڵگری چالاکە و بارەگاکەی لە نیویۆرکە، 12 هەزار بیانی لە 81 وڵاتەوە بە چەند قۆناغیک چوونەتە نێو داعش کە سێ هەزاریان ئەورووپایین".

بە گوتەی دیپلۆماتکارە ئەورووپییەکان لە پایزی ساڵی پارەوە 150 کەس لە ئەندامانی داعش داوای یارمەتییان کردووە یان خۆیان توانیویانە دەربچن. ئەم 150 کەسە خەڵکی شەش وڵاتی رۆژئاوایی بوون.

هەتا ئێستا ئامارێکی وردی ئەو کەسانە لەبەردەست نییە کە چوونەتە نێو داعش لە سووریا و عێراق و دواتر گەڕاونەتەوە، بەڵام بە گوتەی بەرپرسانی رۆژئاوایی سەدان کەس لە چەکدارانی داعش گەڕاونەتەوە ئەورووپا.

ناسینەوەی داواکارییەکان هەموو کات کارێکی ئاسان نییە، هەندێجار پیاوێک تەلەفۆن بۆ هاوژینەکەی لە وڵاتێکی رۆژئاوایی دەکات، یان بە قاچاخچییەکدا نامەیەک بۆ ماڵەوەیان دەنێرێ. جێبەجێکردنی داواکارییەکەشیان کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەمجۆرە کەسانە دەبێت خۆیان بگەیەننە تورکیا، ئەمەش گەشتێکی مەترسیدارە. ئەگەر ئەندامەکەی داعش توانی خۆی بگەیەنێتە تورکیا، ئەوە هێزە ئەمنییەکانی تورکیا یان وڵاتانی ئەورووپی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن بۆ ئەوەی دڵنیابنەوە کە لە داهاتوودا مەترسی دروست ناکات.

لێکۆڵینەوەکانی دەزگای هەواڵگریی تورکیا لەگەڵ ئەو کەسانە نزیکەی مانگێک دەخایەنێت و دوای ئەم یەک مانگەش لە رێگەی باڵیۆزخانەکانەوە رادەستی وڵاتە رۆژئاواییەکە دەکرێتەوە. دواتریش لێکۆڵەرانی دەزگاکانی هەواڵگری وڵاتە ئەورووپییەکان هەر لە تورکیا لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامەکەی داعش دەکەن. لەم لێکۆڵینەوانەدا ئەولەوییەتەکانیش جیاوازن، ئەو ئاژانسانەی بایەخ بە هەواڵگریی دەرەکی دەدەن، زیاتر سەبارەت بە رەوشی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش پرسیار دەکەن، بەڵام ئەوانەی گرنگی بە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکان دەدەن، پرسیارەکانیان لەسەر تۆڕی نهێنی داعش لە وڵاتانی ئەورووپی چڕدەبێتەوە.

دیپلۆماتێکی ئەورووپی لەبارەی ناکۆکی ئەولەویەتی ئاژانسە هەواڵگرییەکانەوە ئاماژەی بەوەدا کە "هەواڵگری ناوخۆیی زۆربەی جاران لە مشتومڕەکاندا سەرکەوتوو دەبێت، لەبەر ئەوەی خەڵک و حکومەتەکانی ئەورووپا زیاتر لە دووبارەبوونەوەی رووداوێکی وەک ئەوەی پاریس نیگەرانن، نەک ئەوەی چی لە رەققە دەگوزەرێت".

کونسوڵی گشتی یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپی ئاشکرای کردووە کە ئەوان لە نێوان جێبەجێکردنی ئەرکی کۆنسوڵخانە و مەترسیی ئەمجۆرە کەسانەدا گیریان خواردووە. بە گوتەی ئەو کونسوڵە "ئەوان زۆربەی جاران دەڵێن بۆ هاوکاریی مرۆیی روویان لە سووریا کردووە و ئێمەش گومانمان هەیە کە چەکداری داعش بووبن، بەڵام خۆ ئێمە لە سووریا نەبووین و نازانین بە وردی ئەوان چییان کردووە، بۆیە دواجار ناچارین رێگەیان بدەین بڕۆن".

بەگوتەی بەرپرسێکی ئەورووپی، یەکێک لە رێگە سەرەکییەکانی راکردن لەدەستی داعش لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا کەوتووەتە بەر پەلاماری چەکدارانی داعش. رێگەکە بە عەزازدا تێدەپەڕی و تۆڕی هاوکاریکردنی پەشیمانەکانی داعش بەوێدا خۆیان دەگەیاندە سەر سنوورەکانی نێوان سووریا و تورکیا و هەر ئەو تۆڕەش ئاسانکارییان بۆ دەکەن بۆ ئەوەی پەیوەندی بە باڵیۆزخانە یان کۆنسوڵخانەی وڵاتەکانیانەوە لە تورکیا بکەن.

پەیوەندیکردن بە ناوەندە دیپلۆماتییەکانی ئەورووپا لە تورکیا کێشەیەکی دیکەی ئەمجۆرە کەسانەیە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەگەر کەسەکە پێشوەخت پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی خۆیەوە نەکردبێت، سەربازەکانی سەر سنووری تورکیا رێگەی نادەن ئاودیوی تورکیا بێت، وەکوو دیپلۆماتێکی رۆژئاوایی دەڵێت "کەسەکە لەناو سووریادا شوێنبزر دەبێت".

بە گوتەی زۆربەی ئەوانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش رایانکردووە، سەردەمانێک ناوچەکانی ژێر دەستی داعش شامی شەریف بووە بۆ چەکدارە بیانییەکان، لەبەر ئەوەی نەک هەر دەسەڵات و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان پێدەدرا، بگرە خواردن، خانوو و ئۆتۆمبێلی بەخۆڕاییشیان دەدرایە، بەڵام ئێستا دونیاکە گۆڕاوە و تەنانەت خواردن و پێداویستییە پزیشکییە سەرەتاییەکانیش بە ئەستەم دەستدەکەوێ.

بە گوتەی لیزا موناکۆ، راوێژکاری کاروباری ئەمنی و دژەتیرۆری باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، ئێستا داعش 25 هەزار چەکداری لە عێراق و سووریا هەیە، ئەمەش 10 هەزار کەسی لەچاو ژمارەیان لە ساڵی 2015 کەمترە. لە لوتکەی چالاکییەکانی خۆیدا، داعش 20 هەزار چەکداری بیانی هەبوو کە لەم ژمارەیە 4500 کەسیان رۆژئاوایی بوون.

داعش هەڕەشەی کوشتنی لە هەر کەسێک کردووە کە بە نیازی راکردن بێت، چەندین جاریش سەری بڕدراوی ئەو کەسانەی نمایش کردووە کە گوایە خیانەتیان کردووە. بە گوتەی ئەوانەی لەو ناوچانە رایانکردووە، داعش چەندین ناوچەی لە دەوروبەری رەققە مینڕێژ کردووە و چەندین خاڵی پشکنینی داناوە.

# خەمی دەوڵەت لای هەرێمی کوردستان و ناوەند



**شەفیق قەزاز ***



■ (فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

ڕاستە لەهەر سیستمێکی فیدراڵیدا، سنووری دەسەڵات و ئەرکە سیاسی و دەستوورییەکانی هەرێم و ناوەند جیاکراونەتەوە. بەڵام هەمان دەستەواژەی "فیدراڵیزم" مانای ئەوەیە یەکەیەکی جیۆگرافی و دەستووری وڵات هەردوولا کۆدەکاتەوە تاوەکو پێکەوە ئەرکی یەک وڵات، هەر یەک لە سنووری ڕێپێدراوی خۆیاندا، بەڕێوەبەرن. هەربەم مانایەشە کە کوردی هەرێمی کوردستان دەڵێن "ئێمە هێشتا بەشێکین لە عێراق". بەڵام ئاخۆ ئەم سیستمی حوکمڕانییەی عێراق لەواقیعدا چەند کارپێکراوە لەنێوان خەڵک و خاکی باشووری کوردستان وەک "هەرێم"ێکی فیدراڵی و لەولاوە عێراق وەک ناوەندێکی "فیدراڵ".

خوێندنەوەی زۆر لە بۆچوون و تێبینی چاودێران و توێژەرانی ناوخۆ و دەرەوە سەبارەت بە ڕەوشی عێراق و هەرێمی کوردستان، شێوەیەک لەم نمایشەی دۆخی ئێستای ئەو دوو قەوارە حوکمڕانییە دەگەیێنێت.

– ئێستا حکومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان، نە توانا و مەبەستی چارەسەری کێشەکانیان هەیە و نە خاوەنی پلان و ڕێگەچارەی دیار و باوەڕپێکراون. بێگومان هەر لایەنەش لە پاساودا هۆکاری ئاشکرا و شاردراوەی خۆی هەیە.

– حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوانەیە لە واقیعدا بەڕادەیەک ئازاد نەبێت کە بتوانێت کێشەکان (بۆ وێنە لە کەرتی نەوتدا یان بەهۆی پێوەندیی سیاسی و ئەمنیی دەرەکییەوە) بە ئاشکرا و بەبێ گیروگرفت لەگەڵ ناوەند یەکلایی بکاتەوە. جا هەر لەم ڕوانگەیەوە، نەبوونی ئیرادەی پێویست و ئارەزووی دۆزینەوەی چارەسەر لەلای هەردوولا هەستی پێناکرێت.

– لە ڕیزی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز هەیە سەبارەت بە شێوەی بڕیار و ستراتیژێکی یەکگرتوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا. ئاشکراشە کە جیاوازیی بیروبۆچوونی حیزبی و سیاسی لەم بوارەدا هۆکار و کاریگەرن.

– دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئەمڕۆ نەیتوانیوە یان نەیویستووە متمانەی تەواو و ڕۆڵی کارا بداتە گرووپی نوێنەرانی کورد لە ناوەند، واتە بوونی کورد لە پایتەخت سەنگ و قورسایی تەواوی پێنەدراوە بۆ ئەنجامدانی ئەدایەکی کاریگەر.

– لەڕاستیدا، بێجگە لە هاوکاری و هاوئاهەنگی بۆ شەڕی داعش، ئەمڕۆ هیچ بەرنامە، ستراتیژ، یان ئەرکی فیدراڵیی هاوبەش، هەرێمی کوردستان و ناوەند کۆناکاتەوە. مەگەر گوشاری دەرەکی بۆ هاوکاری و "نەرمی نواندن" لەگەڵ بەغدا و ئاستێک لە جموجۆڵی هێزە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، شێوازێک لە هاوبەندیی ڕووکەش بەدوو دەسەڵاتی ناوەند و هەرێمی کوردستان ببەخشێت.

جیاواز لەو پانۆرامایەی پێوەندیی هەرێمی کوردستان و بەغدا، هەریەک لە پێکهاتەی ئەو دوو دەسەڵاتە ئێستا دووچاری قەیرانی جۆراوجۆری ناوخۆ و گرفتی نەبوونی توانای بەڕێوەبردنێکی "دروست"ی سیستمی حوکمڕانیی خۆی بووە. بەواتایەکی دیکە، ئەوەندەی گیرۆدەی هۆکاری دەستبەستەکاری حوکمڕانیی خۆیانن، لێیان چاوەڕوان ناکرێت ئەدایەکی باشتر بنوێنن لە پێوەندی نێوانیاندا. ئەمە جیاواز لەوەی کە خودی ئەو پەیوەندییە بە نێوەڕۆک لاواز، بەنیاز و مەبەست خەمسارد و بەکردار سست ناودەبرێت.

هاوکات لەگەڵ هەموو ئەمانە، ئەو واقیعەی کە عێراق وەک دەوڵەتێکی لەمێژەوە دامەزراو و خاوەن سەروەری و بە حوکمی قەوارەی گەورەتری پێکهاتەکەی و دارەتی فراوانی پێوەندی و پرۆسەی سیاسی، بۆی دەلوێت کەمتر فاکتەری کوردی لێکبداتەوە. دەشێت هەر ئەم بۆچوونەش لە دیدێکی دیکەوە سەیر بکرێت، واتە وەک زادەی هەستیاریی حوکمێکی مەرکەزی بێت لە بەغدا بەڕەوشی دابەزیوی سەنگ و قورسایی کورد لە پرۆسەی عێراقیدا. بەهەر پێوەرێک لێکی بدەیتەوە، کەوڵی ئەمڕۆمان نرخی دوێنێی لە بەغدا ناهێنێت. ساڵانی مەجلیسی حوکم و سەردەمی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی جیاوازن لە واقیعی پێوەندی ئێستای هەرێمی کوردستان و ناوەند. ستراتیژی هاوپەیمانێتی کورد و شیعە (کە هەژموونیدار و حوکمداری زۆرینەی ئێستای وڵاتە)، لە ئاست و مەبەستی هاوبەشییەکی یەکساندا، گوڕوتینی پێشتری لەدەستداوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوەتا هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە حاڵەتێک لە دەسەڵات و حوکمڕانیی دیفاکتۆدا دەژیت، کە دەکرێت کەرەستەی بونیادنانەوەیەکی باشتر بێت.

بە درێژایی مێژووی پێوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، ئێمەی کورد لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا شەڕی پێناسەمان کردووە. جا هەروەک چۆن کاتی تێکەڵبوونەوەمان بەعێراق دوای 2003، سروشتی بوو کە جۆرێک لە پێشبڕکێ و ململانێی ئاشتیانە لەنێوان دوو دەسەڵاتی ناوەند و هەرێمی کوردستان دروست ببێت، ئێستاش لە وەرچەرخانی هەستی وەفاداریماندا بەرەو کوردستان، شیاوە کە لە پرۆسەی عێراقیدا ڕۆڵی هاوکار و خەنیمیشمان هەبێت. خەنیم بەمانی گیانی پێشبڕکێ بۆ خزمەتکردنی هەرێمی کوردستان و لەهەمانکاتدا ڕاگرتنی ئاستێک لە حاڵەتی هاوگوزەرانی لەگەڵ عێراق.

ئەمڕۆ بەشێکی دیار لە خەڵکی باشووری کوردستان وا هەست دەکەن هەرێمی کوردستان ئازادە لەو ئیلتیزامەی کە گەڕانەوەمان بۆ ناو دەوڵەتی عێراقی نوێ و پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی داوای دەکات. زەمانێک بوو باس لە دروستکردنی دەوڵەتێکی عێراقی دیموکراتی، فیدراڵی، فرەیی و سەقامگرتوو دەکرا. ئەمڕۆ زیاتر مشتومڕی ئەوەمانە چۆن، ئەگەر بڕەخسێت، کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەدراوسێیەتییەکی ئارامدا.

لەسەرەتای قۆناخی دروستبوونی عێراقی "نوێ" ی دوای سەدامدا، کورد وەک لەبەرە و لەهەمانکاتدا گرفتی ڕێگرتن لە خواست و ئاواتەکانمان تەنانەت شەڕی سیاسی جۆراوجۆریشمان لەپێشە. بۆ ئەوەی بتوانین بوێرانە لە ئاسۆیەکی کوردیدا بیربکەینەوە، دەبێ خولیا و دڵترسییەکانمان بەلاوە بنێن و ڕەوشی سنووردراوی توانا و دەگەری ئێستامان بسەلمێنین.

بە لەبەرچاوگرتنی کۆی هۆکار و هەوڵی بێبەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو قەوارەی حوکمڕانیی خاوەن کێشە و گرفت، کارێکی پێویست بێت. ئەمە بە مانای پشتکردنە عێراق یان خۆدزینەوە نییە لە ئەنجامدانی ئەرکی پێویست. ئاشکرایە کە واقیعی ئێستای عێراق و ئەو کێشانەی بەرەنگاری حکومەتەکەی بوونەتەوە نە لە دەستکرد و پیلانی کوردن، نە بابەتگەلێکن کورد تێیاندا توخمێکی سەرەکی و دەستڕۆیشتوو، هەوڵی دا ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت. بەڵام بە بۆچوونی زۆر لایەن، عێراق وەک دەوڵەت و کۆمەڵ، هێشتا لە پرۆسەی دروستبوونەوەدایە. تەنانەت هەندێک دەڵێن عێراق لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتوو نییە و زیاتر ئەگەری لێکترازانی لێ مەزندە دەکرێت. بەڵام ئێمەی کورد با بۆ ئێستا گرەو لەسەر هیچ یەکێک لەم ئەگەرانە نەکەین.

جا ئەگەر ئەو گوڕوتینەی ئێستا لە خواستی سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبووندا، بەڵگەی بەهێزیی هەست و خواستێکی هەمووانی بێت لەلای خەڵکی باشووری کوردستان، دەکرێت ئەمە نیشانەی دیاری گواستنەوەیەک بێت لە دووالیزمی وەفاداری کوردی هەرێمی کوردستاندا لە ئینتمای عێراقیبوونەوە بۆ هەست و خواستی بەکوردستانیبوون. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی هاوژیانی لە عێراقدا بۆ کورد لە ئیلتیزامێکەوە دەبێتە بژارەیەک. ئێمەی کورد ئاسۆیەکی دوور و فراوانمان دەرهاویشتەی ئەم باسە، پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت لە واقیعێکدا کە هەردوو لایەنی ناوەند و هەرێمی کوردستان توانا و ئارەزوومەند نەبن، یان خۆیان ناچار نەبینن بۆ نزیکبوونەوە و ڕێککەوتن، ئایا هەڵگرتنی خەمی عێراق لەلایەن کوردەوە چی دەیجوڵێنێت؟ لەڕووی مەزەندەوە دەکرێت ئەم دیاردە و خۆزگەی ڕووکردنە لە ناوەند بۆ تەبایی و ڕێککەوتن، بەڕادەیەک نەبوونی بڕوای خەڵک بێت بە خۆڕاگریی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان بەڕووی قەیرانەکانی ئەمڕۆیدا هەروەک چۆن "ئێستا کوردی کەرکووک وەک غەیرە کورد کەوتوونەتە دەڵەڕاوکێ لە کولتووری حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان". ئەمەش لە ڕاستیدا، هاوکێشەیەکی تەندروست نییە گرەوی هیچ دەستکەوتێکی بۆ هەرێمی کوردستان لەسەر بکرێت.

جا لە ڕوانگەی ڕەوشێکی سەخت و چەقبەستووی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، دەشێت ڕەخساندنی جۆرێک ماوەپێدان، واتە پشوودان و دابەزاندنی هۆکار و ئاراستەکەربێت و نە لە واقیعیشدا کورد دەتوانێ ڕۆڵێکی یارمەتیدەر بگێڕێت. پێچەوانەی ئەمەش واریدە، چونکە زۆر لە کێشە و ناکۆکییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و باری پەککەوتووی ئەزموونەکەی، لە سایە و کرداری دەسەڵاتی ناوەند نین.

کەوابوو جۆرێک کەمکردنەوەی ڕەوتی ئاخاوتنی بێهوودەی ئێستا بۆ پێکهاتن بۆ هەردوولا پێویستە، تاوەکو لە هێنانەوەی بڕوای زیاتر بەیەکتر و لە پاشخانی ئیدارە و حوکمڕانییەکی زیاتر دروست و دەستکراوەدا، بوێرانە و ڕاستگۆتر دیالۆگ و ڕێککەوتن لەگەڵ یەک بکەن. ململانێی ئێستای عێراق لەگەڵ خۆی بۆ بەدەستهێنانی تایبەتمەندی دەوڵەتێکی لە جەماوەری خەڵکەوە نزیک و سەلمێنراو و لە خۆیدا ئارام و تەبا لەگەڵ دەوروبەر، ئەم دەرفەتەی پێویستە. باشووری کوردستان دەکرێت هەر لەم دەرفەتەدا، وەک خەڵک و دەسەڵات نێومالی کورد ڕێکبخاتەوە و ئیرادە و توانای هەمووان بخاتە گەڕ بۆ بەرجەستەکردنی ئاواتی گەورەتری خۆی.

## بەغدا و هەولێر، نە توانا و مەبەستی چارەسەری کێشەکانیان هەیە و نە خاوەنی پلان و ڕێگەچارەی دیار و باوەڕپێکراون

## بوونی کورد لە پایتەخت سەنگ و قورسایی تەواوی پێنەدراوە بۆ ئەنجامدانی ئەدایەکی کاریگەر

## بەهەر پێوەرێک لێکی بدەیتەوە، کەوڵی ئەمڕۆمان نرخی دوێنێی لە بەغدا ناهێنێت

## تاوەکو ئەو ڕۆژەی پێوەندیی کوردستان لەگەڵ عێراق یەکلا دەبێتەوە، هەرێمی کوردستان دەبێ بوونی خۆی لە بەغدا بپارێزێ

جەوهەری بێچارەیی پێوەندی کورد و عێراق لە جۆری مامەڵەی هەردوو حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان و ناوەنددایە لەگەڵ پرسی "دەوڵەت" و بە حوکمی جیاوازیی ئەو مامەڵەیە، کاریگەریی لەسەر پێوەندی نێوانیان، ئاشکرایە. لەهەموو حاڵەتێکدا و تاوەکو ئەو ڕۆژەی پێوەندیی فەرمیی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراق یەکلا دەبێتەوە، هەرێمی کوردستان دەبێ لەسەر ئاستێکی دیکەی گونجاو لەگەڵ ڕەوشی ئەمڕۆ، بوون و قەوارەی خۆی لە بەغدا بپارێزێت. هەولێر وەک مەڵبەندی دەسەڵاتی کوردی پێویستە لە ئاست بەرزی پەرلەمان و وزارەتەکانی فیدراڵدا ئاگاداری تەواو و چاودێری بەردەوامی لەو ئەرک و بڕیارانە هەبێت کە تاوەکو ئەمڕۆ میکانیزم و سیستمی فیدراڵی تەوزیمی کردوون، دەبێ ئێستا پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین کە ئاخۆ چەند دەتوانین بەدەستوور لەگەڵ بەغدا ئاخاوتن و مامەڵە بکەین؟ ئایا چەند بوار هەیە لەگەڵ حوکمڕانی مەرکەزێکی بێمەرکەزدا ئاستێک لە پێشبینی لەسەر کێشە و بابەتەکان، هەردوولا کۆبکاتەوە. ئەمە جیاواز لە هەندێک بابەتی هەڵپەسێردراو کە ئەنجامدانیان لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندە (بۆ وێنە مووچە و شایستەی پێشمەرگە، جووتیاران، هتد).

ئەمڕۆ دروشمی هەرە گەشاوەی پێوەندی کورد و ئەمریکا، ڕۆڵ و هاوکاریی پێشمەرگەیە لەشەڕی دژ بە تێرۆریستاندا. پابەندبوونی تەواوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم ڕۆڵ و هاوکارییەوە، دەبێت لە ئەولەویاتی ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت. بێگومان لەو پرۆسەیەدا عێراقیش لایەنێکی دیکەی ئەو ئیئتیلافە نێودەوڵەتییەیە کە دەبێ هەرێمی کوردستان لەگەڵی هاوکار بێت.

بۆ بەسەرکردنەوەی ئەم بابەتانە و لەپێناو پاراستنی ئەو بوون و قەوارەیەی کە باسیان لێکرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ دامەزراوەی فەرمی خۆی لە ناوەند هەبێت، جیاواز لەو نووسینگە بێدەرەتانەی کە دەگوترێت هەیە.

کاندیدێکی گونجاوی ئێستا بۆ سەرپەرشتی و کارکردن لە چوارچێوەی ئەو دەزگایەدا، گرووپی نوێنەرانی کوردە لە بەغدا، واتە نوێنەرانی فراکسیۆنە حیزبییەکان کە لەم دواییەدا ئاستێکی دیاریان لە یەکڕیزی و تەبایی نێوانیان نیشاندا. تەیاردانی ئەم گرووپە بۆ ئەرکی دەستنیشانکراو دەبێت لە قەناعەتی تەواوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێت کە خوازیارە بە دەسەڵاتدانی تەواوی ئەم گرووپە لە چوارچێوەی ئەرکی پێسپێردراویاندا و هەروەها ڕاگرتنی پێوەندی و ڕاوێژی بەردەوام لەگەڵیان وەک ڕەهەندێکی فەرمیی دەسەڵاتی خۆی لە ناوەند. بەمانایەکی دیکە، نابێ دووچاری ئەو گوشار و شڵەژانە ببنەوە کە لە ئاکامی کۆبوونەوەی 8/ 9/ 2014 ڕوویدا، یاخود ڕاڕایی لە بڕیاری ئەمدواییەی گەڕانەوەیان بۆ بەغدا.

جەخت لەوە دەکرێت کە ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی مامەڵە و چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا.

بۆ ئێستا مەسەلەی کەرکووک (کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە حوکمڕانیی ناوەندەوە) بابەتێکی گەرمی شەقامی کوردییە. وەک پارێزگا، کەرکووک هێشتا بەستراوی ئیدارەی حکومەتی عێراقە، بەڵام بەشێک لە بیرکردنەوەی ناو هەرێمی کوردستان وادەزانێت مەسەلەی کەرکووک "یەکلا" بووەتەوە. ئەمڕۆ بەغدا لە هەندێک پابەندبوونی دارایی و ئیداری بێباک و کەمتەرخەمە بەرامبەر خەڵکی کەرکووک. هەرێمی کوردستانیش بەڕادەیەک خەمسارده و لە واقیعدا ئەوەندەش دەستڕۆیشتوو نییە بەفریای ڕەوشی کەرکووک بکەوێت. لەنێو هەموو ئەمانەشدا پێشنیاز و پلانی جۆراوجۆر بۆ یەکلاکردنەوەی باری کەرکووک دەخرێتە بەرچاو. جا دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا لایەنانی ئەو ڕێککەوتنە نوێیە، یەکێتی و گۆڕان، هەستیارن بەوەی کە دەتوانن لەم بوارەدا دەستپێشخەربن ئەگەر بۆچوون و پلانی پاشتریان هەبێت. ئەمە نەک هەر بەکردار نیاز و ئاراستەی ئەو ڕێککەوتنە ئاشکرا دەکات، بەڵکو دەشێت ڕزگارکردنی خاک و خەڵکی کەرکووک لە زەبری بەرداشی سزادەری حکومەتی ناوەند و قورسایی بێدەسەڵاتیی ئێستای هەرێمی کوردستانی لێبکەوێتەوە.

ئەم پێشنیازانە لە دیدێکەوە سەرچاوەیان گرتووە کە خودی بابەتەکان جێی مەبەست و گرنگی لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستانن. هەروەها ڕاستەوخۆ پەیوەست نین بە کێشەی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە، واتە جیاوازیی بۆچوونی زۆر و توندیان لەسەر نییە و لەو ڕوانگەیەوە ئەنجامدانیان بەڕادەیەک ئاسانترە. خۆ دەکرێت ئەمە سەرەتا و ڕێنیشاندەربێت بۆ ئەرک و بەرنامەی دیکەی پێویست کە بێگومان لە ئایندەیەکی نزیکدا باسیان لێ دەکرێت.

2016/6/10

**سەرۆکی پێشووی ئەکادیمیای کوردی*

# سلێمانی ساڵانە 38 هەزار بوتڵ خوێن دەبەخشێ

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

"ئەو بوتڵە خوێنەی کە تۆ دەیبەخشی، ژیانی چوار کەس دەپارێزێ" ئەوە گوتەی بەڕێوەبەری سەنتەری گواستنەوەی خوێن (بانکی خوێن) ە لە سلێمانی، کاتێک (رووداو) پەیوەندیی پێوەکرد بۆ گفتوگۆ لەبارەی رۆژی جیهانیی خوێنبەخشین کە 14ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک لەسەر ئاستی جیهان زیندوو رادەگیرێ.

دەمێکە مرۆڤ لە گرنگیی خوێن گەیشتووە. لە سەدەی حەڤدەیەمدا کاتێک ویلیام هارڤی سووڕی خوێنی مرۆڤی دۆزییەوە، بیر لە گواستنەوەی خوێن بۆ ئەو کەسانە کرایەوە کە پێویستیان پێیە. سەرەتا خوێنی ئاژەڵ بۆ مرۆڤ تاقیکرایەوە کە ئەنجامی خراپی لێکەوتەوە. دواتر کاتێک خوێنی مرۆڤ بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرایەوە، دیسان زۆرجار هەستەوەری و رووداوی نەخوازراو دەکەوتنەوە.

سەرەتای سەدەی بیست کە گرووپەکانی خوێن دۆزرانەوە، سەرەتا نموونەی خوێنی دوو کەسەکە تێکەڵ دەکران و ئەگەر کلۆبوون و کارلێکی نەخوازراو رووی نەدابا، ئەوە خوێنەکە دەگوازرایەوە لە بەخشەرەوە بۆ وەرگر. ئیدی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە بە لێکدانەوە و توێژینەوەی زانستی پەرە بە پرۆسەی خوێن گواستنەوە درا تاوەکو گەیشتە ئەمڕۆ کە زۆر بە ئاسانی دەکرێ.

## هەزاران خوێنبەخش

وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی خوێنبەخشیی هاووڵاتیانی کوردستان رازییە.

د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتەکە بە (رووداو)ی گوت "ئەو خوێنەی هاووڵاتیان دەیبەخشن بەشی پێداویستی یەکە تەندروستییەکانی کوردستان دەکات".

هەرچی بانکی خوێنی سلێمانیشە، ئەوە دەڵێ ئەو خوێنەی خەڵکی شارەکە دەیبەخشن، نەک هەر نەخۆشخانە حکومییەکان، بەڵکو بەشی نەخۆشخانە تایبەتەکانیش دەکات.

کەلسووم مەنسوور خدر، بەڕێوەبەری سەنتەری گواستنەوەی خوێن لە سلێمانی بە (رووداو) گوت "بەهۆی هۆشیاریی خەڵکەوە، ئێمە بەشی 40 نەخۆشخانە و سەنتەری سلێمانی خوێن دابین

دەکەین، هەر لە تالاسیمیا تاوەکو شێرپەنجە و سووتاوی و نەشتەرگەرییە کتوپڕەکان و بریندارانی هێزی پێشمەرگە".

کەلسووم مەنسوور دەڵێ بە تێکڕا ساڵانە 38 هەزار بوتڵ خوێن دەبەخشرێتە بانکی خوێنی سلێمانی، ئەوەش بەشی سەرجەم ئەو نەخۆشخانە و سەنتەرانە دەکات کە پێویستیان بە خوێنە، بە حکومی و ئەهلییەوە.

## یەک بوتڵ خوێن بۆ پاراستنی چوار کەس

بەڕێوەبەری بانکی خوێنی سلێمانی دەڵێ ئێستا ئەوان بەپێی نوێترین سیستم کاردەکەن کە رێکخراوی تەندروستیی جیهانی پێشنیازی کردووە بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە خوێنەکە وەربگیرێ.

کەلسووم مەنسوور روونیکردەوە "هەر بوتڵێک خوێن کە وەریدەگرین، دەیکەینە چوار بەش بەپێی پێکهاتە جیاوازەکان هەر لە خڕۆکەی سوور تاوەکو پەڕەی خوێن و پلازمای خوێن و ئەوانی دیکە، بۆ ئەوەی بوتڵە خوێنەکە بە کەڵکی چوار کەس بێت جا تالاسیمیا بن یان ئەوانەی گرفتی مەیینی خوێنیان هەیە، یان ئەوانەی شێرپەنجەیان هەیە، یاخود برینداران و ئەوانەی نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێ".

لە هەولێر و سلێمانی بەشێوازی پێویست هانی رۆژووەوانان دەدرێ خوێن ببەخشن.



ئێستا خوێنبەخشان لەدوای بەبانگەوە خوێن دەبەخشن

(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

دڵزار عەبدولڕەحمان، سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان، بە (رووداو) ی گوت "هەر شەوێکی رەمەزان لەدوای نوێژی تەراویح روودەکەینە مزگەوتێکی هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستای ئایینی مزگەوتەکە و بە هاندانی ئەو، 40 کەس دەبەینە بانکی خوێن و خوێنیان لێ وەردەگرین".

وەک دڵزار باسی دەکات، شەوانی هەینی بە هەموو کەرەستەیەکی پێویستەوە روودەکەنە مزگەوتێک و هەر لەوێ خوێن لە نوێژخوێنەکان وەردەگرن. پلانیشیان وایە رۆژی 14ی حوزەیران 200 کەسی خوێنبەخش ئامادە بکەن بۆ ئەوەی هەریەکەیان بوتڵێک خوێن ببەخشن لە رۆژی جیهانیی تالاسیمیادا.

هەرچی سلێمانییە ئەوە دوای بەربانگ دەرگای بانکی خوێن بۆ خوێنبەخشان دەکاتەوە. کەلسووم دەڵێ ئەو تیمێکی پرۆفێشناڵی بۆ شەوانی رەمەزان ئامادەکردووە کە لە بەربانگەوە تاوەکو 11.30ی شەو خوێن لە خوێنبەخشان وەردەگرن و هەموو ئەو پێداویستی و پشکنینانەیان لەبەردەستە کە لەکاتی دەوامی فەرمی رۆژ هەیانە.

## ساڵانە دەتوانی چەندە خوێن ببەخشی؟

سەرچاوە زانستییەکان دەڵێن مرۆڤێکی ئاسایی 18-60 ساڵان کە کێشی 45 کیلۆگرام و زیاتر بێ، دەتوانێ هەر سێ مانگ جارێک بوتڵێکی 350 میللیلتری خوێن بدات.

هەندێک کەس بە هەڵە وەها تێگەیشتوون کە خوێن بەخشین جەستە وا لێدەکات نەتوانی واز لە خوێنبەخشین بهێنی، بەڵام پزیشکێکی پسپۆڕ ئەوە رەتدەکاتەوە.

د.زانیار نووری کە دکتۆرای لە نەخۆشییەکانی هەناو هەیە، رەتیکردەوە خوێنبەخشین جەستە لەسەر ئەوە رابهێنێ و ئیدی ناچاری بکات هەمیشە خوێن ببەخشێ. د.زانیار بە (رووداو)ی گوت "هەرگیز جەستە بەهۆی خوێنبەخشینەوە، تووشی ئەو حاڵەتە نابێت".

## سوودەکانی خوێنبەخشین

توێژینەوەی زانستی دەریدەخەن خوێنبەخشین هەر فریادڕەس نییە بۆ وەرگرەکان، بەڵکو بۆ خوێنبەخشەکانیش بەسوودە.


دەگوترێ بوونی ئاسنی زۆر لە خوێندا و نیشتنی لە شانەکانی جەستە، خوێن قورستر و لینجتر دەکات و گوشارێکی زیاتر لەسەر دڵ و بۆڕییەکانی خوێن دروست دەکات و دیواری ناوپۆشی بۆڕییەکانی خوێنیش نەخۆش دەخات، هەروەها ئاسن یارمەتیی ئۆکسانی کۆلیسترۆڵ و رەقبوونی بۆڕییەکانی خوێن دەدات، لە رێگەی چالاککردنی ماددە رادیکاڵەکانەوە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات. بۆیە رەنگە یەکێک لە سوودەکانی خوێنبەخشین فرێدانە دەرەوەی بڕی ئاسنی زیادی جەستەبێ.

هەروەک بەخشینی یەک بوتڵ خوێن بڕی 650 کالۆری وزە دەسووتێنێ و ئەوەش بۆ دابەزاندنی کێش گرنگە.

توێژینەوەیەک لە فینلەنداوە کە لەسەر 2682 پیاو کراوە، دەریخستووە ئەوانەی خوێن دەبەخشن ئەگەری تووشبوونیان بە جەڵتەی دڵ بە رادەی 88% کەم دەکات.

توێژینەوەیەکی دیکەش کە بۆ ماوەی 4 ساڵ و نیو لەسەر 1200 کەس کراوە، دەریخستووە ئەوانەی ساڵانە دووجار خوێن دەبەخشن، ئەگەری مردن و تووشبوونیان بە شێرپەنجە کەمترە لەوانەی خوێن نابەخشن.

# لە 10 نیشانەی سەیری کاتی دووگیانی مەترسێ



رووداو- فۆکس نیوز

ژمارەیەکی زۆر لە خانمان دەزانن کە دووگیانی بە هەندێک دیاردەی نەخوازراو جیادەکرێتەوە وەکوو: زیادبوونی کێش، ئێڵنجی بەیانیان و هەستکردن بە ماندوێتی و گێژبوون، بەڵام هەر ئەوانە نین، بەڵکو ئەو هەموو گۆڕانە هۆرمۆنی و فیزیۆلۆجییەی دووگیانی دروستیان دەکات، زۆر شتی دیکەیان لێدەکەوێتەوە کە رەنگە بۆت نوێ و سەیر بن، بەڵام ئێمە پێت دەڵێین نیگەران مەبە لێیان.

هەرچەندە وا باشە هەر دیاردەیەکی سەیرت لە ماوەی دووگیانی تێبینی کرد راوێژ بە پزیشک بکەی، بەڵام پسپۆڕان دەڵێن ئەم 10 نیشانەیەی کاتی دووگیانی جێگەی نیگەرانی نین و تەواو ئاسایین:

## 1 - زیادبوونی تەڕایی زێ:

زیادبوونی تەڕایی زێ لەکاتی دووگیانی بەهۆی گۆڕانە هۆرمۆنییە ئاساییەکانەوەیە و زۆربەی کات هۆکارەکە نەخۆشی نییە.

گۆڕانە هۆرمۆنییەکانی کاتی دووگیانی وا لە رژێنەکانی نێو زێ دەکەن چالاک بن و دەردراوی زیاتریان هەبێ، ئەوەش وەکوو تەڕایی زیادە لەلایەن خانمە دووگیانەکەوە هەستی پێدەکرێ.

تەڕاییە ئاساییەکە سپی یان زەردێکی کاڵە، بەڵام ئەگەر بۆنێکی ناخۆشی لێهات یان ئاڵۆشی لەگەڵ بوو ئەوە رەنگە بەهۆی هەوکردنی کەڕوویی بێ. هەروەها ئەگەر تەڕاییەکە بەردەوام هەبوو وەک ئاویش وابوو، ئەوە رەنگە بەهۆی هاتنەخوارەوەی شلەی دەوری منداڵەکەت بێ، لەم دووبارەدا سەردانی پزیشک بکە.

## 2 - دڵۆپە خوێن لە زێ:

20- 40%ی خانمان لە سێ مانگی یەکەمی دووگیانیدا تێبینی هاتنەخوارەوەی چەند دڵۆپە خوێنێک دەکەن، ئەوە ئاساییە و بەهۆی رۆیشتنی خوێنێکی زیاترە بۆ ملی منداڵدان. هەروەها لە سەرەتای پرۆسەی چاندنی هێلکەی پیتێنراو (6-12 رۆژ دوای پیتێنرانی هێلکە بە تۆو) ئاساییە چەند دڵۆپە خوێنێک بێنەخوارەوە.

خوێنە ئاساییەکە قاوەیی یان پەمەییە، بەڵام ئەگەر خوێنێکی گەش بوو یان بڕەکەی زۆر بوو هاوشێوەی سووڕی مانگانە، پەیوەندی بە پزیشکەکەتەوە بکە، چونکە هەندێکجار بوونی خوێن نیشانەی لەبارچوونە، یان ناتەواویی وێڵاشە، بەڵام زۆربەی کات ئاساییە و خۆبەخۆ چاک دەبێتەوە.

## 3 - خوێنبەربوونی پووک و لووت:

هۆرمۆنەکانی دووگیانی دەبنەهۆی فراوانکردنی بۆڕییە خوێنەکانی پووک و شانەکانی لووت، ئەوەش وادەکات ئەگەری خوێنبەربوونی سادەی ئەو دووانە زیاد بکات، بەتایبەت کاتی خاوێنکردنەوەی لووت یان ددان شووشتن. بۆیە باشترە هەوای ماڵەکەت شێدار بهێڵیتەوە تاوەکو لووتت تووشی وشکبوونەوە و خوێنلێهاتن نەبێ، هەروەها فلچەی نەرمیش بۆ خاوێنکردنەوەی ددان بەکاربهێنی.

## 4 - گۆشتی زیادە:

گۆشتی زیادەی پێست لە ناوچەکانی مل، بنباڵ و بنڕانەکان زیاتر تێبینی دەکرێ لەکاتی دووگیانی، بەتایبەت لەنێوان مانگەکانی 4-6 ی دووگیانیدا.

تاوەکو ئێستا بە روونی هۆکاری ئەو گۆشتە زیادانە نەزانراوە، بەڵام پەنجەی تۆمەت ئاراستەی گۆڕانە هۆرمۆنییەکان و قەڵەوبوون دەکرێ کە لەکاتی دووگیانی زیاتر روودەدەن. ئەوە جگە لەوەی چوونە تەمەن و لایەنی بۆماوەییش رۆڵیان هەیە، بەڵام پەیدابوونی پەڵەی قاوەیی یان گۆڕانکاریی دیکەی پێست، ئەوە دەهێنن لەکاتی سەردانی مانگانەت بۆ بنکەی تەندروستی، راوێژێکی پزیشک بکەی، نەوەک نیشانەی سەرەتایی شێرپەنجەی پێست بێت کە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا چارەسەری ئاسانە.

## 5 - دڵەکوتێ:

هەبوونی قەبارەیەکی زیاتری خوێن لە بۆڕییەکانی خوێن لەکاتی دووگیانی، دڵ ناچار دەکات هێزێکی زۆرتر بەکاربهێنێت بۆ سووڕاندنی ئەو بڕە خوێنە بە جەستەدا. رەنگە تۆ بەشێوەی توندلێدانی دڵ و تەنانەت بیستنی دەنگی لێدانی دڵی خۆت هەستی پێبکەی و ئەوەش جێگەی نیگەرانی نییە.

## 6 - دەوالی:

لە دووگیانیدا بڕێکی زۆری خوێن لە خوێنهێنەرەکاندا پەنگ دەخواتەوە، لەگەڵ گەورەبوونی کۆرپە و منداڵداندا، گوشار لەسەر بۆڕییە خوێنەکانی حەوز دروست دەبێ و لەمپەر دروست دەبێ بۆ هاتوچۆی خوێن بەرەو پەلەکانی خوارەوە و لەوانیشەوە بۆ سەرەوە، بۆیە ئەو خوێنە پەنگخواردووەی نێو خوێنهێنەرەکانی پەلەکانی خوارەوە دەوالی دروست دەکەن و ئەوەش جێگەی نیگەرانی نییە.

ئەگەر دەتەوێ ئەگەری تووشبوونت بە دەوالی کەم بکەیتەوە، ئەوە مەهێڵە کێشت لەکاتی دووگیانی زۆر زیاد بکات، هەروەها زۆرتر هاتوچۆ بکە تاوەکو سووڕی خوێنت چالاک بکەی. گۆرەوی تایبەت بە دووگیانیش هەن کە وەها دروستکراون گوشار لەسەر خوێنهێنەری قاچ دروستدەکەن و هانی کۆنەبوونەوەی خوێنی زیاد دەدەن.

دەوالی ئەگەر دروستیش ببێ، ئەوە زۆربەی کات دوای منداڵبوون چاک دەبێتەوە، ئەگەر چاکیش نەبێتەوە، ئەوە چارەسەری پزیشکی زۆر هەن.

## 7 - تۆخبوونی گۆی مەمک:

زۆر ئاساییە لەکاتی دووگیانی گۆی مەمک گەورەتر و تۆختر ببێ، ئەمە هەم بەهۆی زۆربوونی چالاکی سووڕی خوێنە تێیدا، هەم جەستەت خۆی ئامادە دەکات بۆ شیردانی دوای لەدایکبوونی کۆرپەکەی نێو سکت.

## 8 - پشتئێشە و سڕبوونی قاچ:

لەکاتی دووگیانیدا هۆرمۆنێک لە جەستەدا زیاد دەکات بەناوی "ریلاکسین" کە کاری ئەوەیە ماسولکە و جومگەکانی حەوز خاوبکاتەوە و پرۆسەی منداڵبوونی سروشتی ئاسان بکات، بەڵام هۆرمۆنەکە لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی شلبوونەوەی ماسولکە و جومگەکانی دیکەی لەشت. بەتایبەت بڕبڕەکانی پشت و جومگەی نێوان پشت و حەوز، ئەوەش پشتئێشە دروستدەکات، دروستبوونی هەندێک گوشاریش لەسەر دەمارەکان کە لە پشتەوە دەچن بۆ قاچ، سڕبوونی قاچەکان دروستدەکات.

ئازاری پشت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دوای منداڵبوون نامێنێ، بەڵام سڕبوونەکە ئەگەر زۆر بوو رەنگە نیشانەی خزانی دیسکی نێوان بڕبڕەکانی پشتت بێ و باشترە لەمبارەدا راوێژ بە پزیشک بکەی.

## 9 - ئازاری مەچەک:

هەڵاوسانی شانەکانی مەچەک و دەوروبەری، گوشار دەخەنە سەر ئەو دەمارانەی لەژێر تونێڵی مەچەکەوە بۆ دەست و پەنجەکان دەڕۆن، ئەوەش ئازار و سڕبوونی دەست و مەچەک دروست دەکات. ئەم حاڵەتە بەزۆری لە قۆناغەکانی کۆتایی دووگیانیدا دروست دەبێت، ئەوکاتەی هەڵاوسانی شانەکانی لەش زیاترە.

دوای منداڵبوون حاڵەتەکە کۆتایی دێت، بەڵام ئەگەر کاتی دووگیانییەکە زۆر بێزاری کردی، ئەوە بەکارهێنانی هەندێک ئامرازی سادەی پزیشکی کە لە مەچەک دەبەسترێن، ئاوسانەکە کەم دەکاتەوە و بەو هۆیەشەوە ئازار و سڕبوونەکە کەم دەبێتەوە.

## 10 - خەونی ناخۆش:

بینینی خەونی ناخۆش و ترسناک بە منداڵەکەی نێو سکتەوە یان بەو منداڵانەی ئێستا هەتن، زۆر ئاساییە. دەروونناسان دەڵێن نەستی خانمانی سکپڕ زۆر سەرقاڵە بە خەمی ئەوەی منداڵێکی تەندروست و سەلامەتی ببێت، بۆیە ئەو خەم و دڵەڕاوکێیەی نەست بەشێوەی خەون دەردەکەونەوە.



# ماجید دوو گۆرانی فارسی تۆمار دەکات

**پشتیوان جەمال– رووداو– سلێمانی**

هونەرمەند ماجید کە بە موعینی کورد ناسراوە، دەیەوێت دوو گۆرانی بە زمانی فارسی تۆمار بکات و بۆ ئەو مەبەستەش بەدوای سپۆنسەردا دەگەڕێت.
ماجید کە ئێستا لە سوید نیشتەجێیە بە (رووداو)ی گوت، لەگەڵ موزیسیانە فارسەکان گفتوگۆی کردووە و بەنیازە دوو بەرهەم بە زمانی فارسی تۆمار بکات "موزیسیانەکان هۆنراوە و ئاوازەکان هەڵدەبژێرن، ئەوان لەو بوارەدا پسپۆڕن و دەزانن چ گۆرانییەک بۆ دەنگم دەبێت، بەڵام چاوەڕێم سپۆنسەریان بۆ پەیدا بکەم بۆ ئەوەی دەست بە جێبەجێکردنیان بکەم".
ماجید دوو ئەلبوومی بڵاوکردەوە کە تێیدا چەند ئاوازێکی هونەرمەندی فارس موعین ئەسفەهانی دووبارە کردەوە، بەڵام لەسەرەتای ئەمساڵدا بە (رووداو)ی گوت کە بە یەکجاری وازی لە گۆرانی بە زمانی کوردی هێناوە.



# سیریل بەرهەمەکەی کردە خۆڕایی

**دەریاز یونس**
**رووداو– هەولێر**

خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ سیریل، کە ماوەیەک لەمەوبەر یەکەم ئەلبوومی گۆرانیی خۆی بەناوی "بابە" لە کوردستان بڵاوکردەوە، ئێستا ئەلبوومەکەی بەشێوەیەکی ئۆنلاین بە خۆڕایی بڵاودەکاتەوە.

سیریل لەبارەی ئەو هەنگاوەی بە (رووداو)ی راگەیاند "سوپاس بۆ خوا پێشوازیی خەڵک لە ئەلبوومەکەم باش بوو، لەگەڵ ئەوەی کە قەیرانی داراییە و خەڵکیش مووچەیان وەرنەگرتووە، بەڵام ژمارەیەکی باشی لێ فرۆشرا".

دەشڵێت "ئێستا تەواوی تراکەکانی ئەلبوومەکەم بەشێوەیەکی ئۆنلاین بە خۆڕایی لەسەر ئینتەرنێت هەیە و خەڵکی دەتوانن گوێی لێبگرن، ئێستا قەیرانە و خەڵکی پارەیان نییە، بۆیە با بە بەخۆڕایی گوێ لە گۆرانییەکانم بگرن".



# هەڤاڵ ئیبراهیم و داون تاون رێککەوتن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو– هەولێر**

هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەلبوومە نوێیەکەی بڵاودەکاتەوە و رۆژی سێشەممەش 2016/6/14 لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وردەکارییەکەی ئاشکرا دەکات.

هەڤاڵ ئیبراهیم بە (رووداو)ی گوت "لەگەڵ مۆڵی داون تاون گرێبەستی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەم کردووە و رۆژی 14ی ئەم مانگە لە ئۆفیسی گرووپی نەسری لە دریم سیتی لە شاری هەولێر وردەکارییەکەی و چەند پرۆژەیەکی نوێم ئاشکرا دەکەم".

هەڤاڵ ئیبراهیم بەبیانووی ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ مۆڵی داون تاون هەیە، ئامادە نەبوو وردەکارییەکانی ئەلبوومەکەی، وەکو ناوی ئەلبوومەکەی، تراکەکانی و تێچووەکەی و شوێنی تۆمارکردنی ئاشکرا بکات.



# (رووداو) کلیپەکەی ئانیس بڵاودەکاتەوە

**رووداو– هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئانیس رۆشەن، ئەمڕۆ دووشەممە کلیپێکی گۆرانی بۆ یەکەمجار لە رێگەی تۆڕی میدیایی رووداو بڵاودەکاتەوە.

ئانیس بە رۆژنامەی (رووداو)ی راگەیاند "گۆرانییەکەم پەیامی خۆشەویستی هەڵگرتووە، هیچ کەسێک بۆ بەرهەمهێنان و کلیپکردنی ئەو گۆرانییە هاوکاری نەکردم، بۆیە سەختیی زۆرم بینی تا بەرهەمم هێنا".

ئانیس گوتیشی "گۆرانییەکە ناوی (نە من نە تۆ) یە و تێکستەکەی لەلایەن سیمین چایچی نووسراوە، ئاوازەکەشی ئەریوان ئامادەی کردووە. ماوەی شەش مانگ کارم بۆ دروستکردنی ئەو بەرهەمە کردووە و بۆ یەکەمجار لەڕێی رووداوەوە بڵاوی دەکەمەوە".



# ناتالی دەیەوێت لە هەولێر بژی

**دەریاز یونس**
**رووداو – هەولێر**

ناتالی فەرەج، نمایشکاری لوبنانی و شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رایدەگەیەنێت کە دەیەوێت بۆ ماوەیەک لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بژی و چەند پرۆژەیەکی خێرخوازیشی بۆ منداڵانی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان هەیە.

ناتالی فەرەج، کە لە ماوەی رابردوودا بۆ بەشداریکردن لە چەند پرۆژەیەک لە هەرێمی کوردستان بوو، ئێستا گەڕاوەتەوە لوبنان. ناتالی بە (رووداو)ی راگەیاند لەگەڵ رێکخراوێکی لوبنانی-ئەمەریکی قسەی کردووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا دێتەوە هەولێر و ماوەیەک لە هەولێر دەژی.

گوتیشی "رێکخراوەکە حەزی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی لە رێگەی من و چەند کەسایەتییەکی دیکەوە هاوکاریی بگەیەننە منداڵانی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان، ئەو پرۆژەیە لە ماوەیەکی نزیکدا جێبەجێ دەکرێ".



# زەهاوی نیشتیمان دەباتە نەرویژ

**رووداو– هەولێر**

هەژار زەهاوی و گرووپی نیشتیمان، بەشداری لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی میوزیکی فۆردێ لە نەرویژ دەکەن و تەواوی بەرهەمی میوزیک و گۆرانی نیشتیمان کە بەرهەمی تۆڕی میدیایی رووداو-ە، لەوێ لە ماوەی دوو رۆژدا پێشکەشی دەکەن.

هەژار زەهاوی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو فێستیڤاڵە لە 10 رۆژی یەکەمی مانگی داهاتوودا لە نەرویژ بەڕێوەدەچێت، ستافی بەرهەمی نیشتیمان بۆ پێشکەشکردنی چەند کۆنسێرتێک بۆ ئەو فێستیڤاڵە بانگهێشت کراون".

زەهاوی گوتیشی "ئێمە گرووپێکی شەش کەسی لە تەواوی پارچەکانی کوردستانەوە دەچین بۆ فێستیڤاڵەکە و لەوێ لە ماوەی دوو رۆژدا لە چەند کۆنسێرتێکی جیاواز بەرهەمەکان پێشکەش دەکەین".

بەرهەمی نیشتیمان کە بەرهەمی تۆڕی میدیایی رووداوە، بە گوتەی زەهاوی لە جیهاندا پێشوازیی زۆری لێکراوە و دوایین بەشداریشیان لە مانگی پێنجی ئەمساڵ بوو لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی مەوازین لە مەغریب.

# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ
ئەم هەفتەیە ئاگاداری گوتە و بەڵێنەکانت بە، پاشان دەبێت جێبەجێی بکەیت یان باجەکەی بدەیت، داواکانی ناخت دەربڕە و هەر چاوەڕوانی بەرامبەر مەکە دەستپێشخەری بکات.

## گا
کاتێک ئەرکەکانت زۆر دەبن بێزاری دەرمەبڕە، کارێک بکە هەتا نەبێتە بارێکی قورستر. دڵتەنگیت فەرامۆش بکە و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەوە. پێداویستی ماڵ چارەسەر بکە.

## دووانە
گوتەی بەرامبەرەکەت پێویستی بە لێکدانەوەی زۆر نییە، هێمن بە لەگەڵ ئەو کەسانەی کاریان لەگەڵ دەکەیت. وا هەست مەکە کەسانێک بیانەوێت دڵتەنگیت بۆ دروست بکەن.

## قرژاڵ
بێ ئەوەی بتەوێت سەرنجی چواردەورەکەت راکێشاوە، کاتێک کەسێک گرنگیت پێ دەدات لەخۆت بایی مەبە. گەشبین بە کارەکان دواشبکەون هەر ئەنجامیان باش دەبێت.

## شێر
حەزی گۆڕانکاری هانت دەدات بۆ پەلەکردن، گەشتێک دەروونت ئارام دەکاتەوە، رەشبین مەبە لە دواکەوتنی کارەکان. پەیوەندیت بە هاوڕێیانی کارەوە باشە و لە مەبەستیان تێدەگەیت.

## فەریک
ئەم ماوەیە خۆت بۆ هەر شتێک ماندوو بکەیت بەرهەمێکی باشی دەبێت بە تایبەتی لەڕووی دارایی. هەوڵ بدە فرسەتەکان کۆنترۆڵ بکەیت چونکە کاتێکی باشە بۆ پێداچوونەوە و راپەڕاندنی کار.

## تەرازوو
بەسادەیی تەماشای کارەکان بکە بۆ ئەوەی لەبەرچاوت قورس نەبن. فرسەتێکی باش بۆ جێبەجێکردنی کارەکانت هەڵکەوتووە یاخود بۆ هەوڵدانەوە بۆ کارێک کە لە رابردوودا شکستت تێدا هێناوە.

## دووپشک
چواردەورەکەت هاوکاریت دەکەن، بەڵام نابێتە هۆی ئارامبوونەوەی ترسەکانت. دەروونت هێور بکەرەوە و هیچ شتێیەکی خراپ روونادات. هەتا زیاتر خۆت بگونجێنی ئاسوودەتر دەبیت.

## کەوان
کارەکان بە قورسی بەڕێوەدەچن، هەندێکیان لە شوێنی خۆیان وەستاون، بەڵام خۆت بۆ داهاتوو ئامادە بکە بەختەوەری بەڕێوەیە. پەیوەندیت لەگەڵ سۆزدارەکەت باشە، بەڵام ماندوویت.


## گیسک
وانات دەبێت بۆ بیرکردنەوە و بڕیاردان. خۆت لە گومان بەدوور بگرە، لەگەڵ چواردەور گونجانێکی باشت دروست کردووە کە هەرکەسێک بەپێی تێگەیشتنی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت.

## سەتڵ
ئەم هەفتەیە پێویستە بە باشی ئەرکەکانت راپەڕێنی، بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی خۆت راستترە لەو کەسانەی هانت دەدەن. پێویست دەبێت چەند کارێکی فەرمی ئەنجام بدەیت.

## نەهەنگ
پەیوەندییەکانت بەهێز دەبن، بەو هۆیەوە رێگەیەکی نوێ دەدۆزیتەوە بۆ هەنگاونان لەکارێکی گرنگ، کاتێکی باشە بۆ سوود وەرگرتن لە گۆڕانکارییەکان و پێشخستنی کەسایەتیت.



# نەوڕەسە یاخییەکەی ڕوانگە





کامەران سوبحان

(1)

هەرچەندە تەمەنی لەدایکبوونی زۆرێک لە شیعرەکانی لە تەمەنی لەدایکبوونی منەوە نزیکن، هەندێکیشیان زۆر پێش تەمەنی منە، بەڵام کە شیعرەکانی دەخوێنمەوە هەست دەکەم بابەت و وێنەی شیعری و ڕووداوەکانی زۆر نزیکن لەم سەردەمەی ئێستا کە شیعرەکانی تێدا دەخوێنمەوە. هەر ئەمەشە کە وا دەکات هەمیشە بەچاوێکی تایبەت لە شیعرەکانی ئەو شاعیرە بڕوانم. لە سەرەتای ناسینیەوە و تا ئێستاش، ئەو شاعیرە بە دەنگێکی باڵابەرز و کەڵەگەتی شیعری کوردی دەزانم. ڕوخساری شیعریی ئەو وەک شیعری (گۆران) تەڕ و پڕ لە وێنەی جوان و ئەفسوونە. بەڵام بەهۆی کەم خوێندنەوە و بایەخپێدانی کەمی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ڕەنگە لای زۆر لە خوێنەرانی کورد، ناوێکی نامۆ بێ و کەم بیسترابێت. ئەمە یەکێکە لە خەوشە گەورەکانی ئەدەبیاتی کوردی، تەنیا ئەو شاعیر و نووسەرانە بەسەر دەکرێنەوە کە لەبەرچاون و زۆرترین تیشکی خوێنەر و ڕەخنەگرانیان لەسەرە.

زۆر دەمێکە دەمەوێت هەندێ یادەوەری و تێڕوانینی خۆم لەسەر شیعر و ناسینی (جەلالی میرزا کەریم) بخەمەڕوو. ئەوەی هاندەرمە بۆ قسەکردن لەسەر دنیای شیعریی ئەم شاعیرە، ئاستی زمانی شیعری و پاراوی و کارکردنیەتی لەناو کۆنەست و یادەوەریی مێژوویی کورددا. شیعری ئەو، هەمیشە شیعرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو. کوردستان و پێشمەرگە و ئازادی، پانتاییەکی فراوانی شیعری ئەو داگیر دەکەن. لە ساڵانی شەست و حەفتاکاندا و لەناو شاعیرانی تری کورد لە باشوور، جەلالی میرزا کەریم بۆ من وەک خوێنەرێک، لە زۆربەیان شاعیرتر و قووڵتر بوو لە بابەتی پەیوەست بە وێنەی سرووشت و مرۆڤبوون و هەستی نیشتیمانی و وێنەی شیعری. ئەمە لە کاتێکدا شاعیرانی تری وەک شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر و جەمال شارباژێڕی و چەندانی دیکە، لەو سەردەمەدا خاوەن تایبەتمەندێتی و دەنگی شیعریی خۆیان بوون، بەڵام ئەزموونی شیعریی جەلالی میرزا کەریم ئەزموونێکی جیاواز و دەوڵەمەند و هێمنی ئەدەبیاتی کوردییە. لەو سەردەمەدا ترسێکی باو لەناو شاعیرانی کورددا هەبوو، ترسی تێنەپەڕاندنی (گۆران) وەک شاعیر لە ئەزموونی شیعریدا، بەڵام جەلالی میرزا کەریم، جیاواز لە هاوڕێ و ئەزموونە جیاوازەکانی دیکەی شیعری کوردی، توانی جۆرێک لە جیاوازبوونی شیعری بخولقێنێ. ئەو خاوەنی زمانێکی یاخی بوو لەناو فۆڕم و شێواز و تەکنیکی نوێی شیعریدا.

**شاعیرێکیان**

تەنیا لەبەر ئەوە خنکاند
بە نهێنی لەناو دڵیدا
شیعرێکی وت بۆ کوردستان
کەچی دوای ئەوەی هەڵواسرا
دەیان سێدارە هەڵخرا
بۆ ئەوانەی ئەو شیعرەیان
کردە قەڵغان لەناو شەڕدا

(2)

جەلالی میرزا کەریم ئەزموونێکی جیاواز لە شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و جەمال شارباژێڕی و دەنگەکانی دیکەی شیعری کوردی بوو. دەنگێک بوو بە ئارامی وەک ڕوخساری خۆی، بە هێواشی و بە نەرمی ئەو بەستەڵەکە چەقبەستووەی نێو شیعری کوردی دەلەرزاند. وێنە و پارچە شیعرە کورتەکانی، ئەزموونێکی نوێ بوون کە پاش چەند ساڵێک لەو ئەزموونە، شێرکۆ بێکەس لە هەردوو دیوانی (کازیوە و ئاوێنە بچکۆلەکان)دا بە فۆرم و شێوازی نوێ و کەمێک جیاوازتر ئەم ئەزموونە شیعرییە کورتانە دووبارە دەکاتەوە.

شێرکۆ بێکەس لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت "جەلالی میرزا کەریم، نەک لەسەر ئەزموونی من، بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شیعری جەمال شارباژێڕی و سامی شۆڕش و زۆر شاعیری تری شەست و حەفتاکان هەبوو. (گۆڤاری ئایندە- ژمارەی 79 قسەکردن لە ئەزموونی جەلالی میرزا کەریم- ئامادەکردنی تەوەر کامەران سوبحان).

ئەو ئەزموون و وێنە کورتانەی شیعری ئەم شاعیرە، بە تایبەتیش لە هەردوو کۆمەڵە شیعری (ڕازەکانی هەفتە) کە لە سەرەتای ساڵی 1977 لە ئەمەریکا نووسیویەتی، لەگەڵ شیعرە کورتەکانی (وەرزەکان) کە لە ساڵی 1989 نووسیویەتی، بەڕوونی دونیای شیعریی ئەم شاعیرە دەردەخەن.

لە ڕازەکانی هەفتەدا لەژێر هەردوو ناوی (شۆڕش و نیشتمان)دا دەڵێت:

**شۆڕش:**

ئەتانەوێ من بناسن؟
من عاشقی ڕێگەیەکم مەرگی تیا بێ
کە هەڵوێست مرد... بۆچی نابێ؟
دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تیابێ
****

**نیشتمان:**

کە هەستە لەناو ئاگری دوور وڵاتیا
ڕازەکانم ئەسوتێنێ
بەهاری ڕێ، گوڵی دەنگم
لە پایزی بەستەکانا ئەپروێنێ
***

لە شیعری (وەرزەکان)یشدا، لە هەر وەرزێکی ساڵ، بە هێما و کەرەستەی شیعریی نوێ مانا و دیمەنی جیاوازی شیعری لە پاڵ وەرزەکاندا دەخاتەڕوو.

**پایز:**

وا سەردەمی بەرەوچوونی سرووشتی گەڵاڕێزانە
پەڵە چەواشەی ساڵێکی کەس نەزانە..
با هەڵوەرێ
خونچەی چاوی کووچەکانی ئومێدی شار
تازە.... خۆزگە عیشقی ئیمڕۆ
ناچێتەوە بەر هەوارگەی پارو پێرار.


**زستان:**

دیسان نۆرەی گەردەلوولی چەک لە شانی
خۆشەویستی هەڵچوونی بەرەو ئەشکەوتە..
زستانە.! شەوچەرەی هیوای
پێشمەرگەی ئەم کوردستانە لەت و پەرتە
بێدارییە.. تێڕامانە لە یەکتر و نەنووستنە
بۆ وەرزی نوێ: بۆ ڕێگای بیر و چەک هەڵگرتنە.

(3)

ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان، ئەوکاتەی قوتابی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بووم، زۆر جار دەچوومە ماڵی غەفووری میرزا کەریم کە ئەوکات بەهۆی ناجێگیریی باری تەندروستییەوە، بە ئەستەم دەیتوانی بجوڵێت و یاداشتەکانی بنووسێتەوە. من و هاوڕێم (ژین حەمە جەزا) هاوکاری بووین لە نووسینەوە و چاپکردنی (کێومالێ بەناو یادەوەرییەکانمدا). لەو ڕۆژانەدا لە کتێبخانەکەی کاک غەفور، زۆرێک لە شیعر و بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی جەلالی میرزا کەریمم خوێندەوە. ئەمە جگە لەوەی کاک غەفور لەو سەردانانەمدا بە هێواشی، بە تەندروستییەکی خراپەوە، ڕۆژانە دادەنیشت و بە ئارامی باسی ژیان و بەرهەم و ئەزموونی شیعریی (جەلالی میرزا کەریم)ی برا بچوکی و هەندێ زانیاری و شتی نەبیستراو و گرنگی لەسەر گرووپی (ڕوانگە) و پەیوەندیی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی نووسەرانی کوردی لە بەغدا بۆ دەکردم. یاداشتەکانی کاک غەفور پاش چەند ساڵێک چاپ بوو، بەڵام ئەوەی بۆ من مایەی نیگەرانییە، زۆر وتە و بەسەرهات و ڕووداوی گرنگی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەوکات و سەردەمەی بۆی گێڕابوومەوە، نە توانیم تۆماری دەنگی و ڤیدیۆیی بکەم و نە ئێستاش هەموویم لەبیرماوە، بەداخەوە.

لەو سەرەتای ناسینەوە، تا ساڵانی دواتریش کە بەشێکی زۆری هاوڕێکانی جەلالی میرزا کەریمم ناسی، بە تایبەتی شێرکۆ بێکەس، جەمال شارباژێڕی، کاکە مەم بۆتانی، حسێن عارف و سامی شۆڕش، لە نزیکەوە چاوپێکەوتن و گفتوگۆم لەگەڵ سازکردن هەم لەسەر ڕوانگە و قۆناغ و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی، هەم لەسەر شیعر و ئەزموونی شیعریی جەلالی میرزا کەریم. بەشێک لەو چاوپێکەوتنانە لە دۆسیەیەکی تایبەت لە گۆڤاری (ئاینده) لە دەزگای سەردەم بڵاوبوونەوە کە ئەوکات من بەڕێوەبەری نووسینی ئەو گۆڤارە بووم. وتەی هاوەڵە نزیکەکانی و دونیای شیعریی ئەو شاعیرە وێنای شاعیرێکی تایبەتمەند و دەوڵەمەند لە زمان و وشەمان بۆ دەکێشن، بە تایبەتیش لەو ئەزموونە شیعرە کورتانەی کە ئەو لە حەفتاکاندا نووسیونی، پاشتر هەندێ شاعیری نەوەی هەشتاکان و نەوەدەکان بە شێوازی جیاواز ئەو ئەزموونە شیعرییەیان دووبارە کردەوە.



(4)

(کاروانی وشەی ڕاچەنیو) بۆ یەکەمینجار، ئەم ناوەم لە زاری مامۆستا حەمەی مەلا کەریم بیست کاتێک باسی ئەو کۆمەڵە شیعرەی (جەلالی میرزا کەریم)ی بۆ دەکردم کە ئەو لەژێر ئەم ناونیشانەدا پێشەکی بۆ نووسیوە و بڕیار بوو وەک نۆبەرەی یەکەمین دیوانی ئەو شاعیرە نوێخوازەی ئەدەبیاتی کوردی لە بەغدا چاپ بکرێت، بەڵام سانسۆری بەعسییەکان و بوونی دەیان وشە و زاراوەی وەک (پێشمەرگە و چیا و کوردستان و سێدارە و شۆڕش و ئازادی) لەناو شیعرەکاندا، ڕێگر بوون لە چاپبوونی دیوانەکە و پاشتریش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی 1975 دەرفەتی نەهێشتەوە لەبەردەم چاپبوونی ئەم دیوانە شیعرییەدا.

بە ئێستاشەوە، ئەو دیوانە شیعرییەی ئەو شاعیرە چاپ نەکرا و ناوی ئەو دیوانە شیعرییە تەنیا لای شاعیرەکە و کاکە حەمەی مەلا کەریم و دەستەبژێرێکی کەم مایەوە. لە پێشەکیی ئەو دیوانە چاپنەکراوەدا، کاکە حەمەی مەلا کەریم دەنووسێت: "جەلالی میرزا کەریم، یەکێک لە دامەزرێنەران و داینەمۆی گرووپی ڕوانگە، شاعیری نوێخوازی و عەقڵێکی کراوە بۆ شیعر و وشە و دونیابینیی ئەدەبی، وێنە و کەشی شیعرەکانی لە هیچ کام لە شاعیرانی هاوچەرخی نەدەچوو، ئەم شیعرانە کلپە و ناڵەیەکی نوێیە لە شێوازی شیعر نووسین کە بە ڕاستە ڕێڕەوی خۆیدا دەڕوات و (گۆران) ئاسا، لاسایی هیچ کام لە شاعیرانی تری کورد ناکاتەوە. لە زمان و دەربڕینی شیعردا سادەیە، بەڵام سادەییەکەی قووڵ و پڕ مانایە، وشە و دێڕە شیعرەکانی مۆسیقا و دەنگێکی نەرمیان هەیە و لە گوێی خوێنەرانیدا دەمێننەوە. داهاتووی جەلالی میرزا کەریم بۆ شیعر و ئەدەبیاتی نەتەوەکەمان درەختێکی باڵابەرزی هەمیشە گەشە و لەبەرچاوە".

بەشێک لەو شیعرانە دوای ڕاپەڕین لە دیوانی (ڕێگا دوورەکانی چاومان)دا بڵاوبوونەوە، بەڵام هەندێ لە شیعرەکانی دیکەی نێو ئەو دیوانە نەبینران، مەگەر ئەوانەی پێشتر لە (هاوکاری و بەیان) بڵاوکراونەتەوە. دابڕانی ئەم شاعیرە لە خوێنەرانی، بۆ دوورکەوتنەوەی ئەو لە کوردستان و نیشتەجێبوونی لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە. شێرکۆ بێکەس لەبارەی ئەم سەرهەڵگرتنەی دەڵێت:

**دوای نووشستی شۆڕشی ئەیلول**

لە شەوێکی غەمگیندا، کە نائومێدیی لێ ئەچۆڕایەوە
لەبەر شەوقی چرایەکی کزدا، لای ئەو دانیشتبووین
هەر هەمووشمان یەک پرسیار، پرسیارێکی توتڕک ئاسا
لە شانەکانی مێشک و گیان و دڵمانەوە ئاڵا بوو:
چی بکەین؟!!
بیرمە جەلالی میرزا کەریم لەسەرخۆ وتی:
من بەرەو عێراق ناگەڕێمەوە..
ئەچمە ئەودیو، لەودیویش نامێنمەوە..
ئەڕۆم زۆر دوور دەڕۆم
من تازە چاوم بەرایی نایە
سەرتاپای خاکێ، بە دیلی ببینمەوە.


(5)

جەلالی میرزا کەریم، ساڵی 1935 لەشاری سلێمانی لە خێزانێکی ناودار لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکانەوە لەڕێی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان تێکەڵی کاری سیاسی بووە، هەر ئەوکاتیش لەڕێی ئاشنابوون بە گۆران و کاریگەریی شیعرەکانی، خووی داوەتە شیعر نووسین، هەر بۆیە لە سەرەتای نووسینی شیعریدا کاریگەریی (گۆران)ی لەسەر بووە. ساڵی 1956 لەسەر چالاکیی سیاسی زیندانی کراوە، لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی 14ی تەممووزی 1958 لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا گۆڤارێک بەناوی "هیوای کوردستان" وەک ئۆرگانی یەکێتیی گشتی قوتابیانی عێراق- لقی سلێمانی دەردەکەن و لە کۆتایی مانگی نیسانی 1970دا یەکێک بووە لە دەستەی "ڕوانگە" و یەکەم بەیانیان لەگەڵ (حسێن عارف و شێرکۆ بێکەس و کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێڕی) ئیمزا کردووە و دواتریش 3 ژمارەی لە بڵاوکراوەی ڕوانگەی لەشێوەی کتێبدا دەرکردووە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

- کۆمەڵە شیعرێک بەزمانی عەرەبی بەناوی "الولادە" لەساڵی 1982 لە ئەمەریکا چاپ کراوە.
- شانۆنامەی "سەنگەر" لەهەمان ساڵدا چاپ کراوە.
- نامیلکەی "چرپەی ژانێکی نوقوم بوو" لەساڵی 1991 چاپ بووە.
- دیوانی "ڕێگا دوورەکانی چاومان" دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەساڵی 1992 چاپکراوە.

ڕۆژی 1993/1/14 بە نەخۆشیی دڵ، لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.




# مەرگی ژیانی تایبەتی



بەفراو نووری

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی دونیای ئەمڕۆ، کە بووەتە بابەتی دونیای فیکری و ئەدەبی و سینەمایی و بەچاوی نیگەرانییەوە سەیری دەکەن، بابەتی مەرگی ژیانی تایبەتی و بەزاندنی سنووری تایبەتییە. گەر لە روانگەیەکی دەروونناسانە و فەلسەفییەوە سەیری ژیانی تایبەتی بکەین، دەکرێت بڵێین ژیانی تایبەتی هەر کەسێک ئەو بەشە لە بوونیەتی کە ئەگەر نەپارێزرێت و دەستدرێژیی بکرێتە سەر، تووشی مردنی دووەمی دەکات. مردنێکی سیمبۆلی کە قووڵترە لە مردنی جەستە. ژیانی تایبەتی ئەو بەشە گرنگەی بوونی مرۆڤە کە هەوڵدان بۆ پاراستنی دەکرێت بنەڕەتیترین خاڵی جیاوازیی مرۆڤ بێت لەگەڵ گیانداراندا، تا ئەو شوێنەی بەبڕوای من گرینگترە لە زمان و ئەندێشە کە بە جیاکەرەوەیەکی بنەڕەتیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دادەنرێن. تێپەڕاندن و نابووتکردنی ژیانی تایبەتی کەسێک بە واتای لێسەندنەوەی ژیان و مانی راستەقینەی ئەو کەسەیە. کەسانێک کە بێ پرس دەست بۆ ئەو حەریمە خسوسی و فەزا تایبەتییە دەبەن، گەر دەسەڵاتدار بن یان کەسی ئاسایی، لە پلەی دڕندەدان، خۆخزاندنە ناو ئەو حەریمەوە، وەک پێشێلکردنی مافی ئەو کەسانە وایە بۆ سەربەخۆیی، زەوتکردنی ژیان و ئازادییان. بۆیە لە زۆربەی سیستەمە تۆتالیتارەکاندا یەکێک لە ئیشە سەرەکییەکانی خودی ئەو سیستەمە لە پلەی یەکەمدا دەستبردن و کۆنترۆڵکردنی ژیانی تایبەتی ئەندامانی کۆمەڵگایە. بەم شێوەیەش کەسێتی و بوونی راستەقینەیان لێ دەستێنێتەوە تا ئەو شوێنەی کە چیدی کەسەکان و مرۆڤەکان نەتوانن بەرەنگاری هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی سیستەمی باڵادەست ببنەوە. ترس و نیگەرانی لە ئاست ئەم جۆرە دەستێوەردان و بەزاندنەی ژیانی کەسێتی لە نموونەی دەقە ئەدەبییە بەرزەکانی وەک رۆمانی (ئێمە)ی یەڤگینی زامیاتینەوە دەستپێدەکات. ئەو کاتەی زامیاتین لە ساڵی 1921 رۆمانی (ئێمە) دەنووسێ، سیستمی مۆدێرن لە چاودێریکردن و پەلاماردانی ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکاندا مێژوویەکی درێژی هەبووە. مرۆڤەکانی ناو ئەم رۆمانە هیچ ناو و کەسێتییەکی تایبەتییان نییە، هەموویان لە رێگەی ژمارەوە ناویان لێنراوە. وڵاتی رۆمانی زامیاتین کۆمەڵگایەکی تۆتالیتارە کە تێیدا هەموو مرۆڤەکان لەژێر چاودێریی بەردەوامدان، لە وڵاتێکی شووشەییدا کە هیچ جۆرە سنوورێکی تایبەتی تێیدا مانای نییە، هیچماڵێک بوونی نییە، لەبەرئەوەی دەترسن لە ماڵەکاندا بیرکردنەوەی مەترسیدار پەیدا ببێت. دیوارەکانی ناو کۆمەڵگە هەموو شووشەیین و هیچ سنوورێک لە نێوان ماڵەکان و ژوورەکان و دەرەوەدا نییە، ئەوەی گرنگە و بوونی هەیە باوەڕی تەواوە بە سەرۆکی شار کە بە پیاوچاک ناودەبرێت. لە دوای ئەم رۆمانە نموونەیەکی بەرزی ئەدەبی رۆمان، رۆمانی «1984» ی جۆرج ئۆروڵە کە تێیدا بە وردی و بەهەمان شێوەی رۆمانی یەکەم باس لە دەسەڵاتی تۆتالیتار دەکات. زۆر لە رەخنەگران لەو باوەڕەدان کە جۆرج ئۆرول رۆمانەکەی خۆی لە زامیاتینەوە هێنابێت، چونکە لێکچوونێکی سەرسوڕهێن لە نێوان هەردوو رۆمانەکەدا هەیە و هەردووکیان باس لە مەترسیی دەستبردن بۆ ژیانی تایبەتی و حەریمی خسوسیی مرۆڤ دەکەن و قسە لەسەر سیستمێکە کە لە رێگەی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی هەموو سووچ و کەلەبەرێکی ژیانی مرۆڤەکانەوە دەسەڵاتی خۆی دەپارێزێت. دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان لە رێگەی چاودێریکردنی ئەندامانی کۆمەڵگەوە هەر بە تەنیا نایانەوێت ئەندامانی کۆمەڵگە کردارێکی دژی ئەوان نەکەن، بەڵکو لەڕێگەی بەزاندن و کۆنترۆڵی ژیانی تایبەتییانەوە بە شێوەیەک کەسێتییان ورد و خاپوور دەکەن کە چیتر توانا و هێزی بیرکردنەوەی جیاواز و فەنتازییان بۆ هیچ شتێک نامێنێت لە دەرەوەی ئەو دۆخەی تێیدا دەژین، پەلاماردانی ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکان بە نیازی دەستبەسەرداگرتن و کۆیلەکردن و ترساندنیانە، بەردەوامیش کەسێتی نەخۆشی لەپشتەوەیە. زۆر نووسەری دیکەی وەک ئاڵدۆس هاکسلی و رای برات بێری و چەندانی دیکە باسیان لە نەمانی ژیانی تایبەتی لە سایەی سیستەمە سەرکوتکارەکاندا کردووە. لەلایەکی دیکەوە دەستبردن بۆ ژیانی تایبەتی تەنیا لە رێگەی دەسەڵاتێکی سەرکوتکار و تۆتالیتارەوە نییە، بەڵکو لەنێوان مرۆڤەکاندا ئەم جۆرە دەستدرێژی و بەزاندنی ژیانی تایبەتییە روودەدات. ئەو مرۆڤانەی سنووری ژیانی تایبەتی ئەوانی دیکە دەبەزێنن، ژیانیان بە هەموو مانایەک کورت کردووەتەوە بۆ نهێنیگەلێکی پیس لە پشتی دەرگاگەلێکی داخراوەوە کە دەیانەوێت بەهەموو شێوەیەک ئەو نهێنییە کەشف بکەن، زۆرجار ئەو پەلامارە بۆ تێرکردنی فزولێکی نەخۆشە، زۆرجاریش بۆ کۆنترۆڵکردن و ترساندنە. ئەم جۆرە کەسانە لە ناخی خۆیاندا جەلاد و سادیستێکیان شاردووەتەوە کە دەبێت زۆر لێیان بترسین، چونکە ئەوەی فەزای تایبەتی مرۆڤەکان تێکبشکێنێ خۆی لە ناخی خۆیدا بوونەوەرێکی تێکشکاوە و هەموو جۆرە مەترسییەکی لێ دەکرێت. لەم پرۆسەیەشدا، واتە لە دەستبردن بۆ ژیانی تایبەتیدا، ئەوی دی تەنیا ئەوی دی نییە کە ورد و بریندار دەبێت و بەشێوەیەکی رەمزی دەمرێت، بەڵکو خودی دەستدرێژیکاریش لەڕووی دەروونییەوە کاتێک چاودێریی ژیانی تایبەتی ئەوانی دی دەکات، زۆرجار تووشی حاڵەتێکی ئازاری ویژدان و شکستی رۆحی دەبێت کە بگرە تا هەمیشە ئەو ئازارە لە کۆڵی نابێتەوە.

لە فیلمی ئەڵمانی (ژیانی ئەوانی دیکە) دا، قسە لە جۆرە چاودێرێکە کە ئەو ئازاری ویژدانە دەیکات بە کەسێکی دی. فیلمەکە باس لە کارمەندێکی سیخوڕی ئەڵمانیای رۆژهەڵات دەکات کە ژیانی شانۆنووسێک دەخاتە ژێر چاودێری بۆ ئەوەی شتێک بدۆزێتەوە، تا لە رێگایەوە بتوانن چالاکییەکانی بوەستێنن، بەڵام دواتر سیخوڕەکە لە رێگای چاودێریی بەردەوامی ژیانی نووسەرەکەوە پووچیی ژیانی خۆی بۆ دەردەکەوێت و پەشیمان دەبێتەوە و تووشی ئازاری ویژدان دەبێت.




جۆرج ئۆروڵە





یەڤگینی زامیاتینەوە

بۆ رزگاربوونی لەو ئازارە، ژیانی شانۆنووسەکە رزگار دەکات.

هەروەها لە فیلمی (سوور)ی کشلۆفسکیدا کارەکتەرێکی پیر هەیە کە لە ماڵەکەی خۆیدا، لەڕێگەی ئامێری گوێگرتنەوە گوێ لە تەلەفۆن و پەیوەندییەکانی خەڵک دەگرێت، دواجار کە بە رێکەوت لە رێگەی کچێکەوە بە ئیشەکەی دەزانرێت، بەشێوەیەک تووشی ئازاری ویژدان دەبێت، داوا لە کچەکە دەکات شکاتی لێبکات و بیداتە دەستی یاسا. ئەم ئازاری ویژدان و شکستی دەروون و رۆحە دەکرێت لە دەرەوەی ئەم بەرهەمە نمایشیانەوە خوێندنەوەی زۆری بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کە گەشەی تەکنۆلۆژیا لەدەستی دەسەڵاتە نەخۆش و مرۆڤە نەخۆشەکاندا، بوارێکی گەورەی کردووەتەوە بۆئەوەی ئەم جۆرە عەقڵە نەخۆشانە زیاتر دزە بکەنە ناو ژیانی خەڵکەوە. ئەمڕۆ دەستدرێژیکردنە سەر حەریمی خسوسی یەکێک لە باسە هەرە گەرمەکانی دنیایە. پاراستنی ئەم فەزایە لە دەست دەسەڵاتداران و لە بەرامبەر دەروونە نەخۆشەکاندا تا دێت قورستر دەبێت، بۆیە خەبات بۆ پاراستنی ئەو خسوسییەتە بەشێکی گرنگی خەباتە بۆ ئازادی لە جیهانی ئەمڕۆدا.



# سزا و ئەشکەنجە لەسایەی ئیسلامدا

حەمەسەعید حەسەن

(3)

سووکایەتیکردن بە تەرمی نەیار، بە تایبەتی لە سەروەختی مەعاویە بە دواوە، وەک بەشێک لە کولتووری شەڕی لێ هات. حوسەین کە کوڕی ئیمام عەلی و کچەزای پەیامهێن بوو، سەری کرا بە نووکی ڕمەوە و لە کەربەلاوە بۆ کووفە و لەوێشەوە تا شام برا و فڕێ درایە بەرپێی خەلیفەی ئیسلامەوە کە ئەوسا یەزیدی کوڕی مەعاویە بوو. سەردەمی عەباسییەکانیش ئەم جۆرە سزایە هەرچەندە دای لە کزی، بەڵام هەر پێڕەو دەکرا. سەربڕین لە ئەندەلوس برەوێکی زۆری هەبوو، (موعتەمیدی کوڕی عیباد)ی فەرمانڕەوای سیڤیلیا کە (شاعیر)یش بوو، لە تەلارەکەیدا باخێکی هەبوو، تایبەت بوو بە چاندنی سەری بڕدراوی نەیارانی.

بۆ ئەوەی دەستگیرکراو ددان بە تاوانەکانیدا بنێت، بە قامچی یان بە دار لێی دەدرا، لێدان بە دەستیش هەبوو، بەڵام بە مەبەستی سووکایەتی پێ کردن، نەک بە ئومێدی ئەوەی، قوربانی ددان بە تۆمەتێکدا کە دراوەتە پاڵی، بنێت. بە دارێکیش کە وەک تیرۆک باریک بوو، لە سەری قوربانی دەدرا، عومەری کوڕی خەتتاب کە بە بازاڕدا دەگەرا، بەو جۆرە دارە باریکە لە سەرپێچیکارانی دەدا، عوسمانی کوڕی عەففان ئەو دارەی گۆڕی بە قامچی کە بەئازارتر بوو.

جەڵدەلێدان بە قامچی بوو، لە پشتی قوربانی دەدرا، والیی مەدینە، مالیکی کوڕی ئەنەسی کە دامەزرێنەری ڕێبازی مالکییە، بە مەبەستی تەنبێکردن، بە جەڵدەلێدان سزا داوە. جەڵدەلێدان لە سەد زیاتری نەبوو کە سزای شەرعیی زیناکارە. فەرمانڕەوا بە ئارەزووی خۆی ژمارەی قامچییەکانی دیاری دەکرد، هەبوو تا دەمرد، هەر لێی دەدرا، وەک بەششاری کوڕی بورد (714 — 784 ز) کە شاعیرێکی نابینای حەفتا ساڵە بوو، بە تۆمەتی زەندیقبوون، لەژێر قامچیدا کوشتیان. جاری وا هەبوو، سزاکە بە چەند کەڕەتێک جێبەجێ دەکرا، هەر جارەی بەشێکی لە قوربانی دەدرا. ئەبوو حەنیفە کە دامەزرێنەری ڕێبازی حەنەفییە، لەو سزایەی بۆیان بڕیبووەوە، هەر ڕۆژەی دە جەڵدەی لێ دەدرا.

دەست و قاچ بڕینەوە، زمانبڕین، کەڕکردنی گوێ و شکاندنی لووت، وەک سزا پێڕەو دەکران و سەرپەڕاندن قورسترین سزابوو. دز دەستێکیان دەبڕییەوە، جەردەیش هەر چوارپەلی. بڕینی زەکەر سزای ئەو کۆیلانە بوو کە کارێکی سێکسییان کردبا، بە دڵی خاوەنکۆیلە نەبووایە. لە ئیسلامدا کەوڵکردنیش هەبوو، وەک چۆن مەڕ کەوڵ دەکرێت، لە سەردەمی (موعتەزید بیللا)دا، موحەممەدی کوڕی عەبادە کە فەرماندەیەکی یاخیبووان بوو، کەوڵ کرا. ئیبن عەتتاش کە پێشەوایەکی ئیسماعیلی بوو، بە فەرمانی سوڵتان موحەممەد مەلەکشای سەلجووقی، کەوڵ کرا، پێستەکەی کای تێ ئاخنرا و بۆ تۆقاندنی نەیاران، نمایش کرا.

بە فەرمانی ئەبوو بەکر، ئەوانەی لە دینی ئیسلام وەرگەڕابوون، کە لە شەڕدا بە دیل دەگیران، بە سووتاندن سزا دەدران. ئومەوییەکانیش سزای سووتاندنیان بەسەر ئەوانەدا دەسەپاند کە لێیان یاخی دەبوون. عەباسییەکان تەکنیکی سزای سووتاندنیان گۆڕی، قوربانییان تا دەمرد، لەسەر ئاگرێکی کز دەهێشتەوە. موعتەزیدی خەلیفەی عەبباسی، لەسەر ئاگرێکی هێمن، یەکێک لە سەرانی شۆڕشی زنجییەکانی بەسرەی برژاند کە ناوی موحەممەدی کوڕی حەسەن بوو. وەک تەبەری دەیگێڕێتەوە، هەر بە فەرمانی موعتەزید، سەرکردەیەکی قەرمەتییەکان، کە ناوی (کوڕی باوکی فەواریس) دەبێت، پێش ئەوەی دەست و قاچی ببڕنەوە، پێشەکی ددانەکانی هەڵدەکێشن. سەربڕین بەدەم گوتنەوەی ئەڵڵاهو ئەکبەرەوە، ئومەوییەکان دایانهێنا، حوسەین یەکەمین قوربانیی بوو، بە (تەکبیر)ەوە سەری لە جەستەی جوێ کرایەوە.

لە سایەی فەرمانڕەوایی ئیسلامدا، لە چلەی هاویندا، نەیار لە نزیک سەرچاوەی ئاوەوە بەستراوەتەوە، چاوی لە ئاو بووە، بەڵام لە تینوواندا خنکاوە. لە چلەی زستاندا، دوای قامچیکاری، ئاوی سارد بەسەر قوربانیدا کراوە، لە دەرەوە بەستراوەتەوە، تا ڕەق هەڵاتووە. خالید ئەلقەسری، بە تۆمەتی ئەوەی دژایەتیی خەلیفە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی کردووە، یەک لە دوای یەک، بە داری ئەستوور، پێ، ڕان، کەفەڵ و پشتیان شکاند، (هاوارێکی نەکرد) و بەدەم ئازارەوە مرد. جاری وابووە، هەر بە فەرمانی خەلیفە هیشام، هەم ددان و هەم نینۆکی قوربانی هەڵکێشراوە.

موعتەزید، پێی وابوو، ڕۆح لە دەمەوە دەردەچێت، بۆیە لنگەوقووچ قوربانیی ڕادەگرت و لە تەوقی سەرییەوە تا ناوقەدی لە خۆڵدا دەشاردەوە، تا ڕۆحی لە پاشەڵییەوە دەربچێت. سێکسی زۆرەملێیش وەک ئەشکەنجە تاقی کراوەتەوە، بە فەرمانی یەزیدی کوڕی مەعاویە، جەنگاوەرانی شام، ژنانی مەدینەیان ئەتک کردووە. عوسمان یەکەم دەزگای پۆلیسی دروست کرد، بۆیە سەرکوت، ئەشکەنجە و سزا لە سەروەختی ئەودا بە سیستەماتیک کرا. هەر ئەبوو بەکر و خالیدی کوڕی وەلید نا، قسە لەسەر ئەوە هەیە، عەلی کوڕی باوکی تالیبیش خەڵکانی لە دینی ئیسلام وەرگەڕاوی بە سووتاندن سزا دابێت. عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی لێ دەربچێت، خەلیفەیەکی ئومەوی پەیدا نابێت، سادیست نەبووبێت، هەر خەلیفەکان نا، والی و فەرماندە سەربازییەکانیش نزیکەی هەمیشە لەگەڵ قوربانیدا وەک سادیست ڕەوتاریان کردووە. لە سەردەمی عەباسییەکان و عوسمانییەکانیشدا، ئەوی دەسەڵاتی هەبووبێت، سڵی لە کوشتوبڕ نەکردووەتەوە و دڕندانەترین جۆری سزا و ئەشکەنجەدانی تاقی کردووەتەوە، ئاخر بە گشتی چێژیان لە ئازاردانی نەیارانیان وەردەگرت.

لە ڕوانگەی (ئیبن تەیمییە)وە کە داعش زۆر لە ڕێنوێنییەکانی جێبەجێ دەکات، دلۆڤانەترین جۆری کوشتن، پەڕاندنی سەرە بە شمشێر، گوایە بەو شێوازە کەسی بە مەرگ حوکم دراو، چونکە زوو گیانی دەردەچێت، کەمترین ئازاری پێ دەگات! سەرپەڕاندن بە شمشێر کە قورسترین سزایە، هێشتا لە بڕینەوەی چوارپەل ئەهوەنترە، کە بەپێی سرووش، جەردەی پێ سزا دەدرێت.

2016/6/9
هەولێر

(*) هادي العلوي، من تأريخ التعذيب في الإسلام، دار المدى، الطبعة الخامسة 2014 بغداد.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# حەسانە

ئەوەی کە پێتوابێ چونکە بەهۆی پەرلەمانتارییەکەتەوە دەستی یاسات ناگاتێ، ئیتر هەرچی بەسەر زارتدا بێ نەیگێڕییەوە، ئەوە پێی ناگوترێ پارێزبەندی و ئەم قسە قۆڕانە، ئەمە لە جوانترین وەسفدا ناوی حیزفرسەتییە، ئاخر حیزفرسەت کەسێکە دڵنیا لەوەی سەرزەنشت ناکرێ، شەلم کوێرم پەلاماری ئەم و ئەو دەدا. بەڵام ئاگەدار بە ئەوەی پەلاماری ئەم و ئەو دەدا حیزفرسەتێکی بەهەڵوێست و بەڕێزە، ئەمما ئەوەی پەلاماری زەینی سادە دەدات و عەوامی نەخوێندەوار فریو دەدا، ئەوە شایەنی ئەوە نییە پێی بێژی حیزفرسەت، ئیللا ئەڵاهوممە ئەگەر وشەی فرسەتت لە حیزفرسەت کردەوە، ئەوە بیهە باب و جەواب.

خوا مەلا شوکری خۆشدەویست بۆیە لێنەگەڕا ئەو حەشرە ببینێ کە بە زمانی کوردی دەکرێ، پەرژین عەیبی چی بوو هەر لە خۆتانەوە پارێزبەندیتان داتاشیوە، ئاخر کورد لە ماوەی بیست و پێنج ساڵ حوکمڕانیدا نەیبێ یەک دانە دەوڵەتمەدار، ئاساییە کەسیش شایستەی ئەوە نەبێ پێی بێژی پەرژیندار.


ئەوەی لە کوردستاندا پەرژینی نییە تەنیا هاووڵاتیی سادە و ساکارە، ئاخر پەرلەمانتار حەسانەی هەس، ئەوەی پەرلەمانتارەکەی دامەزراندووە نەک حەسانە، گەیشتووەتە رادەی پیرۆزی. چەکدار، مەلا و رۆژنامەنووس هەر هەموویان حەسانەیان هەس، کێ دەوێرێ بە زماندرێژێکی گوێ لە مست بڵێ سەروو چاوت برۆیە؟ کێ زاتی ئەوە دەکا بە نەخوێندەوارێکی مێزەر بەسەر بڵێ حەیفە ناوت بنێن مەلا؟ ئاخر بە ریشی کێ رەوایە عەلییەکەی کەڵەک و عەبدولکەریمی موددەڕیس هەمان ناسناویان هەبێ؟

هاووڵاتی نانی دەبڕدرێ، زمانیشی هەروا ئینجا کەسی لەسەر نایەتە وەڵام، کەچی نانبڕ و زمانبڕ حەسانەی هەیە.

پۆلیسی هاتوچۆ حەسانەی نییە، بەڵام ئەو چەکدارەی پۆلیسەکە تێرشەق دەکا هەیەتی. هاووڵاتی حەسانەی نییە، بەڵام ئەوەی لەسەر فوولاییتێ ئەو هاووڵاتییە دەکوژێ هەیەتی. خاوەنی تۆڕی سێکسفرۆشتن حەسانەی هەیە، بەڵام سێکسفرۆشان نییانە. ژنکوژ حەسانەی هەس و ژنی کوژراو نییەتی. قوتابیی هەژار حەسانەی نییە، بەڵام پرسیاردزی وەڵامفرۆش هەیەتی. پێشمەرگەی بەر قرچەی هەتاو حەسانەی نییە، ئەمما فەرماندەی بەر سپلیت هەیەتی. باسی چی دەکەی؟ خوا بە خوایەتی خۆی حەسانەی نییە کەچی مەلا هەیەتی، داواکاری گشتیی هەولێر حەسانەی لە داواکاری گشتیی سلێمانی هەیە، هی سلێمانیش لەوەی هەولێری هەیە. مووچەنەدەر حەسانەی هەیە، بەڵام مووچەخۆری بێمووچە نییەتی. خۆ سەری لەبەر هەتاودا سپی نەکردووە، ئەها نەوتفرۆش حەسانەی هەیە کەچی خاوەنی نەوتەکە نییەتی؟

گاندی پەرژیندار نەبوو، ماندێلا، دایکە تێرێزا، مارتن لوتەر کینگ، ساموئیل بیکێت و سارتەر پەرژیندار نەبوون، ئاخر ئەوان شەڕی هەڵگرتنی پەرژینیان دەکرد، ئەوان قارەمانی رووخاندنی ئەو پەرژینانە بوون کە ئێوە قارەمانانە بینای دەکەن.

---



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# یەکێتی وەک قوربانییەک

هەرچەندە ئێمە ماوەی چەند ساڵێکە رەخنە لە سیاسەتی کوردی دەگرین بەرامبەر بە کەرکووک و پێمانوابووە بە مەبەست رێوشوێنێک لە کاروباری ئیداری و جۆری مامەڵەکردن و لەدەستدانی دەرفەت لەو شارە پەیڕەو دەکرێت کە ئامانجەکەی رەخساندنی کەشێک و دروستبوونی حاڵەتێک بووە تاوەکو کورد وەک دیفاکتۆ ناچاری قبوڵکردنی ئەنجامەکەی بێت کە کارکردنە بۆ بەهەرێمکردنی کەرکووک، بەڵام نەک بەگوێیان نەکردین، بەڵکوو تۆمەتباریش دەکراین. سەرئەنجام ئەوە قسەی ئێمە دەرچوو، ئێستا ئاراستەیەک لەناو کورد و لە کەرکووکەوە بانگەشەی بەهەرێمکردنی کەرکووک دەکات.

جارێ پێش هەر شت پێویستە ئەوە بزانرێت کە داوای بەهەرێمکردنی کەرکووک داوایەکی نادەستوورییە، ئەم رێگەیە لە ساڵی 2007 لەلایەن تورکمانەکانەوە تاقیکرایەوە، کاتێک پرۆژەیەکیان پێشکەش بە دادگای دەستووری و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کرد بۆئەوەی کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. وەڵامەکەی ئەوە بوو کە بەهۆی مادەی 140ی دەستوور کە رێکاری چارەنووسی کەرکووکی دیاری کردووە، کەرکووک ناتوانێ هیچ بژارەیەکی دیکە بگرێتە بەر.

واتا لەلایەک بەهۆی شەرعیەتی دەستووری و لەلایەکیش بەهۆی ئەو ناڕەزایەتیە بەرفراوانەی لەم چەند رۆژەدا دروست بووە، پرۆژەی بەهەرێمکردنی کەرکووک شکست دەخوات. بەتایبەتیش کە مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک دژایەتی بۆ ئەم پرۆژەیە راگەیاند، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی پێمان وابێت چارەسەری مەسەلەی کەرکووک و دوابڕیاری هەر بژارەیەک بۆ کەرکووک لای یەکێتییە، نەخێر بەڵکوو لەبەر ئەوەی پارێزگاری کەرکووک وەک خاوەنی ئەم تێزە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە. بەوەش لەمپەرەکانی بەردەمی سەختتر دەبن، چونکە وەک چۆن داواکەی لەڕووی دەستوورییەوە نامەشروع و نادەستوورییە. لەڕووی حیزبیشەوە پێچەوانەی ئامانجەکانی حیزبەکەیەتی.

چونکە ئەو کۆنگرەیەی بەڕێز نەجمەدین کەریم تێیدا بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بڕیاری لەسەر ئامانجەکانی یەکێتی داوە کە هیچ رێگەیەکی دیکە جگە لە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان قبوڵ ناکات. راپۆرتی سیاسی مام جەلال سکرتێری گشتی لەو کۆنگرەیەدا دەنگی لەسەر دراوە و نەخشەرێگەی خەباتی یەکێتی دیاری کردووە کە خەبات دەکات بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان. بۆیە پارێزگاری کەرکووک وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پێش هەرشت پێچەوانەی بەرنامەی یەکێتییەکەی خۆی وەستاوە کاتێک داوای بە هەرێمکردنی کەرکووک دەکات.

کەواتە پێش ئەوەی زیان بە پرۆژەی کوردی بگات، سەرەتا لێدانە لە یەکێتی، چونکە خەڵکانێک ئەوە بە پێشنیازی یەکێتی دەزانن و پێیانوایە ئەوە یەکێتییە نایەوێ کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و دەیەوێ کەرکووک بۆ خۆی دابڕێت. لەکاتێکدا ی.ن.ک لە دامەزراندنییەوە قوربانی بۆ کەرکووک دەدات و پارێزەری راستەقینەی بووە. هەرچەندە لەڕووی واقیعییەوە نەگەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێم لێدانە لە پێگەی یەکێتی. بەگەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە ئەندازەی دەستکەوتە نەتەوەییەکانی بۆ گەلی کورد، یەکێتیی نیشتمانی قازانج دەکات و پارسەنگی هێز و هاوکێشەی سیاسی کوردستان بە قازانجی یەکێتی دەگۆڕێت.

پێشتر بۆچوونێکی باو هەبوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان حەز بەوە ناکات کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی کەرکووک پارسەنگی هێز بە زیانی پارتی دەگۆڕێت، بەڵام گوتاری میدیایی پارتی و راگەیاندنی پرۆژەی سەربەخۆیی بۆ کوردستان لەلایەن میدیاکانی پارتیەوە، بە ئەندازەیەک رەنگدانەوەی هەبوو کە تێگەیشتنێکی گشتی دروست بێت بەوەی ئەوە پارتیە داوای کەرکووک دەکاتەوە نەک هێزەکانی دیکە، تەنانەت ئەگەر لەناو لایەنە سیاسیەکانی تریشەوە کەسانێک داکۆکییان لە کوردستانیەتی کەرکووک بکردایە، دەگوترا ئەوە بووە بە پارتی. بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی ئەم تەرحە لەلایەن کارەکتەرێکی یەکێتییەوەیە بۆیە ئەو شانسەی دا بە پارتی کە گومانەکان لەسەری نەمێنن.

هەرچەندە دیدێکیش هەیە پێیوایە لە بنەڕەتەوە ئەمە سیناریۆ و پرۆژەی پارتی بێت، بەڵام لەڕێگەی هاندان و پشتیوانیکردنی خەڵکانی ترەوە بیخاتەڕوو، تا ئۆباڵەکەی بخاتە ئەستۆی نەیارەکانی و دەستکەوتەکانیش خۆی بیچنێتەوە.

ئەمەش لەو روانگەیەوە کە لە هەموو دونیادا، لە شەڕی ناوخۆدا لایەک براوە و لایەک دۆڕاو بووە، بەڵام لە کوردستان لە 1964ەوە تا 1996 هەمیشە بەرامبەر بوون، پارتی بە 31 ئاب ئەو شەڕەی حەسم کرد و تا ئێستا پارسەنگی هێز بە قازانجی پارتییە. تاکە هۆکارێک ئەم هاوکێشەیە لەپارتی تێکبدات گەڕانەوەی کەرکووکە بۆ سەر هەرێم، بۆیە پارتی نایەوێ کەرکووک بگەڕێتەوە، بەڵام دەیەوێ خەڵکی دیکە ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵگرن.

بە تایبەتیش کە پارتی رایگەیاندووە پرۆژەی دەوڵەتی هەیە و زوو زوو تەئکید لە نزیکبوونەوەی وادەکەی دەکاتەوە، کارەکتەرە سیاسی و میدیاییەکانیشیان ماوەیەکە ئەوە دەخەنەڕوو کە گرنگ نییە ئەو دەوڵەتە کوێ دەگرێتەوە، ئەگەر تەنیا شارێکیش بێت پێویستە دروست بکرێت. راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیش بە کەرکووکەوە لە دۆخێکی وەک ئێستادا جۆرێکە لە مەحاڵ، بەبێ کەرکووکیش هیچ کەس نەیاری دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نییە.

بۆیە ئەو بۆچوونە دروست بووە کە رەنگە پارتی لەپشتی ئەو پرۆژەیە بێت بۆ کەرکووک، لەلایەک ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی نەیارەکانی و بەرپرسیارێتی نەگەڕانەوەی کەرکووک دەخاتە ئەستۆی یەکێتی. پاش ئەوەش وەک کاردانەوەیەک دەوڵەتی کوردی دروست دەکات و بۆ هەتا هەتایە پارتی دەبێتە رەمزی نەتەوەیی و سەروەریی دامەزراندنی دەوڵەتی پێدەبڕێت و یەکێتی و هێزەکانی تریش باجی لەدەستچوونی کەرکووک دەدەنەوە.

بەتایبەتیش کە بەڕێز پارێزگاری کەرکووک ئەوە ناشارێتەوە پارتی لەسەر ئاستی زۆر باڵا پشتیوانیی دەکەن، بۆیە دوور نییە ئەو سیناریۆیە راست بێت کە خاوەنی راستەقینەی پرۆژەی جیاکردنەوەی کەرکووک لە کوردستان پارتی بێت و تا ئێستاش هیچ هەڵوێستێکی روون و ئاشکرایان دەرنەبڕیوە. ئەگەر راست بێت و وەک پارێزگاری کەرکووک ئاماژەی بۆ دەکات، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت پشتیوانییان بۆ دەربڕیبێت، ئەی چۆن وەڵامی مێژوو دەدەنەوە کە ئەوان نەوەی مەلا مستەفان و تا ئێستا مێژوو ئەو قسەیەی مەلا مستەفای بەرز راگرتووە کە گوتوویەتی (من رقم لە شەڕ دەبێتەوە، چونکە شەڕ نالەبارترین شێوازی چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکە، بەڵام بەعس رێگەیەکی تری بۆ نەهێشتینەوە. پێشنیازەکەشیان لەوە بەولاوە کە وازیان بۆ لە کەرکووک و ناوچەکانی تر بهێنین، هیچ واتایەکی تری نییە، ئەمەشیان بەلای ئێمەوە مەحاڵە. ئەگەر لە نێوچەوانمان نووسرابێ هەموو لەم پێناوەدا لەناو بچین، دەبێ بەرەو پیری ئەم چارەنووسە برۆین، چونکە من نامەوێ سبەی کە مردم خەڵکی بە تەنیشتی گۆڕەکەمدا تێپەڕن و تف لە گۆڕەکەم بکەن، بڵێن بۆچی کەرکووکت فرۆشت).

---



محەممەد رەئووف*

# کەرکووک و چەند قسەیەکی راشکاوانە

سەرەتا پێویستە بزانین چەند لایەن خۆی بە خاوەنی کەرکووک دەزانێت و چەند لایەنیش هەڵوێست و قسەی جدی لەسەر کەرکووک هەیە، ئەوکاتە دەتوانین وێنای واقیع و ئەگەرەکانی سیناریۆ و ئایندەی کەرکووک روونتر بکەین.

## یەکەم: پێکهاتەی کەرکووک بە گشتی

خەڵک و دانیشتووانی کەرکووک کە دابەشبوون بەسەر ئینتیمای سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبیی جیاوازدا، ئێستا خاوەنی ئیرادەی ئازادانەی خۆیان نین.

## دووەم: بەشەکانی پێکهاتە

کورد: کام کورد؟ کوردی سیاسی، کوردی نەتەوەیی، کوردی حیزبی؟ کوردی کەسی؟

هەر یەکێک لەو جۆرە کوردانە بیرکردنەوە و هەڵوێست و ئەجێندای خۆی هەیە.

کەرکووکییەکان حەز دەکەن موڵکی هەموو کوردستان بن.

پارتی حەز دەکات سەر بە هەولێر بێت.

یەکێتی حەز دەکات سەر بە سلێمانی بێت.

پارێزگار حەز دەکات سەر بە کەرکووک بێت.

سوننە، شیعە، تورکمان و مەسیحییەکان: هەر یەکێکیان پەلی وابەستەی ئیزراِئیلێکی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییە، هەر رۆژ و سەعاتێک قسەیەک دەکەن.

## لایەنە دەرەکییەکانی کەرکووک

عێراق: لەبەر شیرینیی نەوتەکەی، حەز ناکات بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەتا بۆی بکرێت بە شارێکی عێراقی وەسفی دەکات، ئەگەر بۆیشی نەکرا ئەوا بە ناچاری حەز دەکات هەرێمێکی سەربەخۆ بێت.

ئێران: پێموایە ئەویش نزیک لە حەزی بەغدایە و لە حاڵەتی ناچاری حەزدەکات سەر بە سلێمانی بێت.

تورکیا: حەز دەکات سەربەخۆ بێت و لە حاڵەتی ناچاری سەر بە هەولێر بێت.

ئەمریکا: هەر زوو ئەمەی بە ئاڵۆزی دەزانی، بۆیە دوو گەورە توێژەری بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایندەی ئەم شارە نارد، ئەوانیش (لیام ئاندرسن و ئایس ستاسفێڵد) لەگەڵ 38 سەرکردە و بڕیار بەدەستی کەرکووک کە زۆرینەیان کورد و ئەوانی دیکە تورکمان و عەرەبی سوننە بوون، چاوپێکەوتن و دیداری راشکاوانەیان لە ساڵی 2004 ئەنجامدا و لە ساڵی 2009 کتێبێکی قەبارە 416 لاپەڕەیان لەسەر چارەنووسی کەرکووک بڵاوکردەوە کە پوختەی کتێبەکە خۆی لە پێنج سیناریۆ بۆ ئایندەی کەرکووک و بژارە نزیکەکان و چارەسەرەکاندا دەبینێتەوە.

کەرکووک ئیدارەی سەربەخۆ بێت و لەسەر نەخشەی هەرێمی کوردستان بێت.

کورد دەتوانێت چ بڕیارێک بدات؟ چۆن ئەو بڕیارە بدات؟ کێ ئەم بڕیارە بدات و کێ جێبەجێی بکات؟ چۆن جێبەجێ بکرێت؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە قورس و سەختن، هەرگیز نابێت تا لەم هەرێمی کوردستانە یەک ماڵ و یەکڕیزی و یەک ستراتیژی و یەک هەڵوێستی لەسەر کۆی پرۆسە نێوخۆیی و نیشتمانی و دامەزراندنی سیستەمێکی حوکمڕانی پەسەند نەبێت.

بەرپرسیارێتی مێژوویی و ئەخلاقی ئەم قۆناغ و ساتەوەختە هەستیارە لە ئەستۆی سەرکردەی هێزە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی هەرێمی کوردستاندایە و دەبێت یەکێک لەم دوو هەڵوێستەی خوارەوە بگرنە بەر و یەکلایی بکەنەوە، بۆ ئەوەی چیدیکە هاونیشتمانیان سەرگەردان نەبن و هەل و دەرفەتە مێژووییەکان لە گۆڕ نەنرێن و لە دەست دەرنەچن.

یەکەم: رێککەوتن لەسەر حکومەت و سیستەمێکی حوکمڕانیی نوێ کە هاونیشتمانیان و چاکسازی و خەمی سەربەخۆیی بنەما و بنچینەی ستراتیژی ئەو حکومەتە بێت.

دوووەم: بۆ خەڵک و جەماوەری کوردستان رایبگەیەنن کە یەک ئیدارەییان پێناکرێت و قەیرانی بێ متمانەیی زیاترە لە جاران و ناتوانن لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنی و پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئابووری و چاکسازی و شەفافیەت رێکبکەون. دواخستنی یەکێک لەم دوو بڕیارە قەیران و دۆخەکە قورستر و ئاڵۆزتر دەکات.

***سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی**

---



رەووف رەشید

# مستەفا زەڵمی کانیاوێک لە زانست و رووبەرێک لە "تەواوزع"

بەڵێ دۆستی کۆچکردوو دکتۆر مستەفا زەڵمی کانیاوێکی روون و رەوان و پڕ تەوژم بوو بۆ بەدەستهێنانی زانست و تێکەڵ بە تێکۆشان لە پێناو خاک و وڵات.

لە یەکەم رۆژی پرسەی دۆستی دێرینم د.مستەفا زەڵمی-دا هەموو ئەو کات و سات و رۆژ و ساڵانەم هاتەوە بەر نیگا کە یەکەم جار ئەم "کەڵە پیاوەم" تێدا ناسی و هاودەمی یەک بووین تا وادەی ئەمڕۆ کە ماڵئاوایی لە هەمووان کرد و کۆچی دوایی کرد.

بەڵێ ساڵانێکی درێژە کە مامۆستای "رەوانشاد"م لە نزیکەوە ناسی و تێیدا هاودەم و هاوبیر و هاوسۆز تا سات و کاتی کۆچی دوایی.

یادەوەرییەکانی ساڵانی ژینم لەگەڵ ئەم "کەڵە پیاوە"دا یەکەم شت پەیوەستە بە تێکۆشانی فکری و هاوسۆزیی حیزبایەتی ئەوسا و دواتر بەردەوامیی دۆستایەتی تا ئەمڕۆ.

یەکەمجار لە مانگی تەممووزی ساڵی 1963 دا بوو لە بەغدا و لە رەشبگیریی "حەرەس قەومی" بۆ سەر کوردانی دانیشتووی بەغدا کە شیوعیەکان و ئەندام و کادرانی پارتی و کوردە فەیلییەکان لە رەشبگیریی بێ وێنەدا راپێچی گرتووخانە و لێکۆڵینەوەی "قصر النهایه" و "هیئە التحقیق" و دواتر "معتقل الخیالە" کراین، کە ماڵ بە ماڵ کادیران و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی گیران و بە چاوبەستراوی و دەست لەدواوە زنجیرکراو رەوانەی (هەیئەی تەحقیقی بەعسی) بە سەرپەرشتی (عەمار عەلوش) و (نازم گوزار) و دەیان شەقاوە و کەسانی خوانەناسی موسڵاوی کراین.

ئا لەو رۆژە سەختانەدا ئەم کەڵە پیاوەم لە نزیکەوە ناسی کە ئەوکات وەزیفەی "ئیمام تابووری" سوپا بوو لە فەوج یان لیواکەی (عەبدولسەلام عارف) کە بووبووە سەرکۆمار و ماڵی مامۆستا لە بەغدا لە گەڕەکی ئیسکان غەربیی بەغدا و ئێمە لە حوریە بووین.

لە بەیانییەکی زووی پڕ دەردەسەری و ئازاردا بە لەقە و لێدان و جوێنی بازاڕی و زبانی پیسی ئەوان، ئێمە کۆمەڵێ گیراوی پارتی و شیوعی لە هەیئەی تەحقیقەوە بۆ ماوەی سێ رۆژ گوازراینەوە بۆ گرتووخانەی (ئەلفەزڵ) لە شەقامی کفاح و دواتر بۆ شورتەی فاروق لە ئەعزەمیە و بۆ گرتووخانەی (الخیالە) لە رێگای ئەعزەمیە و پاشان براین بۆ قەسری نیهایە.

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا چۆن ئەم پیاوە مەردەم ناسی کە لە بەیانییەکی زووی پڕ ئازاردا هەندێ لە ئێمەیان گواستەوە بۆ گرتووخانەی پۆلیسی (ئەلفەزڵ) لە باب ئەلشێخ کە چەند شوقەیەک دەم یەک درابوو و بەکۆمەڵ گیراوی تازەیان دەهێنا، هەرا و هوسەیەک کە قەت لەیاد ناچێ.

لەو ساتەدا یەکێک لە گیراوە فەیلییەکان هاتە هاوار و گوتی "سەیرکەن سەیرکەن" "جایبین امام گابور وهو بلباسە وگربوشە" ، ئەمە نیگای راکێشاین بۆ قاتی سەرەوەی گرتووخانەکە- یەکسەر ئیمام مستەفا زەڵمی بە جلی ئیمام تابوورەوە!!

من و هەردوو برای بەڕێزم د.فوئاد بابان و ئەکرەم فەقێ مەحموود تووشی شۆک هاتین "ئیمام زەڵمییان گرتووە!" لامان سەیر بوو بە جلی رەسمییەوە ئیمام مستەفا گیراوە.

تا دواتر یەکترمان بینی و بۆی باس کردین کە چۆن گیراوە، پاش چەند رۆژێ سەرکۆمار عەبدولسەلام عارف هاتە سەیری قەسابخانەی دەزگای تەحقیق، بەناویدا گەڕا و رەوانشاد ئیمام مستەفای بینی و پرسیاری کرد کە ئەویان بۆچی هێناوە.

یەکسەر داوای کرد ئازادی بکەن و ئەمە بۆ ئێمە تەسکین بوو کە ئازاد بوو، دواتر هەواڵ دەداتە کەسوکارمان کە ئێمە ماوین و دیسان شانسمان بوو کە وەک زۆری تر بزر نەکراین و زانرا لە کوێین.

بەڵێ لەو زەرفە ناهەموارە پڕ ئازارەدا ئەم "کەڵە پیاوەم" ناسی و بووینە دۆستی گیانی و دواتر خێزانی تا ئەمڕۆ کە قەدەر وای هێنا لە فاتیحەکەدا دانیشتم و رەحمەتی بۆ بنێرم.

دکتۆر مستەفا راستە پیاوی حیزبایەتی و ئەمسەر و ئەوسەری سیاسەت نەبوو، بەڵام بە مانا کوردپەروەر بوو، بۆ کوردایەتی و لەپێناوی شۆڕشی ئەوسا هاتە ناو کوورەی گرتن و لێکۆڵینەوە و دەستبەسەری.

لەو رۆژەوە ئەم کەڵە پیاوە بۆ خۆم و خێزانی ئێمە دۆستێکی دەم و زمان و روح شیرین و لەباری عیلمەوە بووە مامۆستای ئێمە و کەسانێکی زۆر لە کوردستان و لە دەرەوەش.

ئەم کەڵە پیاوە ژیانی خۆیشی و هاوسەرەکەشی بریتی بوو لە هەوڵ و تێکۆشان و لەخۆبوردەیی. منداڵ و نەوەی باشی پێگەیاند و لەڕێگەی حیزبەوە خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگەی کرد کە دەیان کەسی بە رێگای جیاجیا لە گرتن و دەردی سەری رزگار کرد. دواتر لە رێگای خوێندن و زانستەوە نەک هەر خۆی، بەڵکو نەوەی باش و هەڵکەوتووی پێگەیاند ... بۆخۆی ورد ورد رەوتی ژیانی بڕی لە خوێندنی حوجرە و مزگەوت و دواتر کۆلیژ و دکتۆرا و پاشان نووسین و چاوخشاندنەوە بە نووسراوەکان و بەند و باوی رابردوو و راستکردنەوەی هەڵەی فیقهی و مێژوویی و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی دروستی عیلم و عیرفان و فیقهی شەرعی و شەریعەت کە ئەمەیان جێگای باسێکی تەواو و درێژە هەر لە پیاوێکی "نەفەسدرێژ و بەسەبری" وەک دکتۆر مستەفا دێت.

بۆ خۆم لە یادەوەریەکانمدا زۆر وردەکاری ورد و شیرین و بەجێم لایە دەربارەی ئەم کەڵە پیاوە گەر خواوەند فرسەت بدا بە وردی باسیان دەکەم کە لە ژیانی فکریمدا دوو کەسی نزیک لێم کاریان کردووەتە سەر نیگا و فکر و یادەوەریم: رەوانشاد دکتۆر مستەفا و دکتۆر کامل بەسیر کە هەردووکیانم لە بەندیخانە ناسی و هەردووکیان بوونە دۆستی بەردەوام و هەریەکە و بە جدی سوودمەند بووم لێیان کە هەردووک بۆم بەخشندە بوون و لەیادمان و لە یادەوەری و نووسینەکانمدا هەردووک جێگا و رێگای تایبەتیان هەیە و لێرەوە سۆزی پڕ تاسیرم بۆ هاوسەری بەرگەگرتووی دکتۆر مستەفا و نەوەکانی و خزم و دۆست و برادەرانی کە دەڵێم پێویستە دکتۆر مستەفا زەڵمی پەیکەری بۆ بکرێت و بە زێڕ لەسەری بنووسرێ: "نموونەی کەڵەمێردی و مەردی زانست".

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کۆترەکانی ناو یەکێتی

1

یەکەم دانیشتنی ئاستبەرزی نێوان پارتی و یەکێتی، لە دوای ڕێککەوتنەکەی 17ی مایسی نێوان گۆڕان و یەکێتی، ئەنجام درا. پێکهاتەی شاندەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی زۆربەیان لەو کەسانە بوون کە بەشێوەیەکی گشتی ڕاستە لەگەڵ ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتی بوون، بەڵام تێبینیشیان لەسەر هەندێک خاڵی ناو ڕێککەوتنەکە هەبوو کە مەلا بەختیار لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕووداو پەنجەی خستنە سەر. تێکڕای ئەو خاڵانە ئەوانە بوون کە پارتی پێیان دڵگرانە و پێیوایە گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر و نابووتکردنی میراتی سیاسیی مام جەلالە لە هاوپەیمانی و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ پارتیدا.

کۆترەکانی ناو یەکێتی بەتەنگ ئەوەوەن کە دەبێ کوردستان لەو قەیرانە دەرباز بێت و بۆ ئەوەش ناکرێ هیچ حیسابێک بۆ پارتی نەکرێت. لەبەرامبەردا هەڵۆکانی ناو یەکێتی کە هەموو ئەو کەسانەن زۆرترین خێروبێریان لە پارتییەوە پێ بڕاوە (چونکە لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، ئەوانەی زۆرترین حەماسیان بۆ بەرزەفتکردنی پارتی هەبوو، ئەوانە بوون کە لە سایەی پارتییەوە زۆرترین دەستکەوتیان هەبووە) و پتر لە چوار ساڵە بە هەمان زمانی گۆڕان قسە لەگەڵ پارتی دەکەن، پێیانوایە کە دەتوانن پارتی بەچۆکدا بێنن.

باڵی دەستڕۆیشتووی موستەفید لە پارتی بە گەڕانەوە بۆ سیاسەتی ئەنتی پارتی، نەک ناتوانێ کێشە بنچینەییەکانی ناو خۆی چارەسەر بکات، بگرە ئەمجارەیان بنەمای مامەڵە لەگەڵ پارتی لەناوخۆیدا دەبێتە قەیرانێکی دیکە و کێشەکانی زیاتر دەکات.

کۆترەکانی یەکێتی لەسەر سیاسەتێکی ڕاست دەڕۆن و پراگماتیانە مامەڵە دەکەن. چونکە لە هەموو ئەو تۆمەتانەی کە ئەمڕۆ لەڕووی ئیداری، سیاسی و ئابوورییەوە بەرەوڕووی پارتی دەکرێنەوە، باڵی دەستڕۆیشتوو و لەسەرووی هەموویانەوە (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) بەقەدەر پارتی هەم شەریکن و هەمیش بەرپرسیار. باڵی دەستڕۆیشتوو، پێش ئەوەی ئەو ڕێککەوتنەشیان لەگەڵ گۆڕان هەبووبێت، هەموو ئەو ڕێگایانەی کە لەناو ڕێککەوتنەکەیاندا باسیان کردوون، بەرامبەر بە پارتی تاقییان کردوونەوە، بەڵام کاتێ پارتی پەرلەمانی تەعتیل کرد و گۆڕانی لە حکومەت دەرکرد، بەبیانووی نەخۆشییەوە خۆیان شاردەوە و نوقەیان لێوە نەهات و بەردەوام بوون لە مانەوە لەناو حکومەتدا.

ئێستا بەشێکی سەرکردایەتیی یەکێتی لەگەڵ ئەوەدان کە بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی یەکێتی لە حکومەت و بڕیاری سیاسیدا، نەکرێتە قوربانیی سەرکێشییەکانی گۆڕان و ئەگەر مەبەست هێنانەوەی گۆڕان بێت بۆ ناو کایەی سیاسی و حکومەت، ئەوا ڕێگای دیکەش هەن.

## پارتی بێباکە

2

زۆر دەڵێن پارتی بێباکە. ڕاستە، بەڵام بۆ؟ ئەوەی ئێستا لە کوردستان ڕوودەدات، بەرئەنجامی ئەوەیە کە پارتی چەندینجار دەستی سووتاوە و متمانەی بە بەرامبەرەکانی نەماوە. پارتی دەمی شل بوو ئەوەندەی هاوار بکات کە با سازان بکەین و ستراکچەری سیاسی و حوکمڕانیی کوردستان بەرگەی هەرزەکاریی سیاسی ناگرێت. کەچی وەڵامەکەی ئەوە بوو کە لە پەرلەمان حەلی دەکەین. کاتێک بە هەر هەموویان توانیان بۆ دانیشتنێکی پەرلەمان نیسابی یاسایی تەواو بکەن، دەستیان کرد بە هەڵگوتن بە شانوباڵی دیموکراسیەت و بەرجەستەبوونی ئیرادەی گەل، بەڵام کە پارتی لە ژێر هەمان سەقفی پەرلەمان ڕێگەی نەدا نیسابی یاسایی پێکبێت، گوتیان پارتی کودەتای بەسەر شەرعییەتدا کردووە (کەچی هەردوو ڕێگەکەش وەکوو یەک بوون!) لەناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە تا ئێستاش ڕێککەوتنی ستراتیژیی (سەرکاغەزی) لەگەڵ پارتیدا ماوە، قوباد تاڵەبانی لێدەرچێت، ئەوەی دیکە هەموو (بە دایک و پووریشەوە) خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی سەرسەختی پارتی دەزانن. لەگەڵ گۆڕان لەسەر (چوار ساڵی ئارام) ڕێکدەکەوێت، بەڵام چا نەخواردنەوەیەک، هاوکێشەی سیاسی ژێرەوژوور دەکات. لەگەڵ هەموو حیزبەکان کۆدەبێتەوە بۆ دانانی نەخشە ڕێگەی سەربەخۆیی و دروستکردنی کۆمیتەی ئامادەسازی، کەس نوێنەر نانێرێت و دواییش دەڵێن پارتی پرسی سەربەخۆیی بۆ خۆی قۆرخ کردووە. هەرچی بەرەیەک بە سەرکردایەتی ئێران، ئەندامێتی پەکەکە و حەشدی شیعی لەدژی پارتی دروست بێت، بێ سێ و دوو خۆیانی تێدا دەبیننەوە، کەچی بەشداری هەموو ڕێککەوتنەکانی حکومەتن لەگەڵ تورکیا و، دواییش پارتی دەبێتە بەکرێگیراوی تورکیا! بارەگاکانی پارتی لە سلێمانی دەسووتێنرێن و پێیانوایە کە دەبێ پارتی بڵێت ئەوە نیشانەی ئازادیی ڕادەربڕینە! بیر لە بەهەرێمکردنی کەرکووک و بەستنەوەی بە هەرێمی سلێمانی دەکەنەوە تا بە قسەی خۆیان چیتر پارتی ژێرخانی ناوچەکەیان تاڵان نەکات، بەڵام بۆ مووچە ڕوویان لە پارتییە. بەسەعات دەتوانن بۆ کوژراوێکی پەکەکە شین بگێڕن، بەڵام ئەگەر قوربانییەکە پێشمەرگە بوو هیچ ناڵێن! بە دەیان و سەدان نموونەی دیکەش. باشە لە کەشوهەوایەکی وەهادا چ چاوەڕوانییەک لە پارتی دەکرێت جگە لە بێباکی؟

## هێرشی پێچەوانە

3

لە چەند ساڵێک بەر لە ئێستاوە، قسە و باسێکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی تاکەکەسییەوە بگوازرێتەوە بۆ زیندانی ماڵ. ئێستا دیسان ئەو باسە هاتۆتەوە گۆڕێ. ئەگەر تورکیا ئەو کارە بکات، ئەوا هەنگاوێکی گەورەی لە دوو ڕووەوە ناوە. یەکەمیان کارتی ئۆجەلان لەدەستی پەکەکە دەردێنێت و سیاسەتەکانی هەدەپەش لەژێر ڕەهنی قەندیل دەردێن و ئومێدی بووژانەوەی دانوستاندنەکان، ئاگربەست و تەنانەت ئاشتیش بەهێز دەبێت.

شکستی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، پتر لەوەی بەرهەمی لێکترازانی حکومەت و پەکەکە بێت، بەرهەمی شکستی ئۆجەلان بوو لە ڕازیکردنی پەکەکە. بۆیە باشکردنی بارودۆخی ئۆجەلان، دەستی ئۆجەلان کراوەتر دەکات لە بینینی ڕۆڵی زیاتر.

چونکە تا ئێستاش تورکیا پێیوایە کە پەکەکە شەڕی بە وەکالەت لەدژی تورکیا دەکات و ڕۆڵی ئۆجەلان (کە باوەڕی بە یەکپارچەیی خاک و میللەتی تورکیا هەیە) هێشتا گرنگیی خۆی هەر ماوە.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# ئایا ئیسلام بەرپرسیارە لە "دواکەوتن"ی کورد؟

کچە خوێندکارێکی بەریتانی، بە ڕیشە کورد، کە نامەی دکتۆراکەی لەسەر پرسی کورد ئامادە دەکات، هەفتەی ڕابردوو ڕووبەڕووی پرسیارێکی گرنگی کردمەوە: تا چەند ئیسلام بەرپرسە لە دواکەوتنی پرسی کورد؟ بایەخی ئەم پرسیارە لەوەدایە کە ئێمە دەباتەوە سەر پرسیاری: ئیسلام چییە و چۆن ناسیۆنالیزمی کوردی مامەڵەی لەگەڵ ئیسلامدا کردووە؟

بێگومان من لێرەدا ناتوانم پێناسەی ناسیۆنالیزمی کوردی بکەم و ئەمە هەڵدەگرم بۆ کات و شوێنێکی دیکە و ڕاستەوخۆ دەڕۆمە سەر خودی پرسیارەکە و ناوەڕۆکە ئاڵۆزەکەی.

خەیاڵدانی کۆلێکتڤی ناسیۆنالیزمی کوردی مەخزەنێکی لێوانلێوە لە "بڕیاری پێشینە" و یەکێکیش لەوانە بریتییە لە تاوانبارکردنی ئیسلام بەوەی کە بەرپرسیارە لە دواکەوتنی پرسی سیاسیی کورد. من نەک هەر بۆچوونەکەم پێ هەڵەیە، بەڵکو میتۆدی گەیشتن بەو بۆچوون و دەرئەنجامەشم پێ هەڵەیە.

ئیسلام ستراکتۆرێکی بەستراکتۆرکراوی ستراکتۆر دروستکەر نییە تا بەشێوەیەکی ترانساندانس بێت و پرسی نەتەوەیەک بەرز بکاتەوە بۆ ئاسمان و پرسی نەتەوەیەکی دیکە غەرقی نێو دەریاکان بکات. ئیسلام وەک ئاینێکی یونیڤێرسال، دۆستی نەتەوەیەک نییە و دوژمنی نەتەوەیەکی دیکە، کولتوری نەتەوەیەک نییە و دژە کولتوری نەتەوەیەکی دیکە.

هەڵەن ئەو کەسانەی بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کۆنکرێتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەک پەنا بۆ ئیسلام دەبەن وەک ئەوەی ئیسلام جەوهەرێکی نەگۆڕی مێژوویی هەبێت. نەخێر، ئەوەی قسە دەکات، ئەوەی کە دەجووڵێت، ئەوەی ئەکشن بڵاودەکاتەوە، ئەوەی دەستنیشانی شتەکان دەکات، موسوڵمانانن نەک ئیسلام.

ئەوە ئیسلام نییە کە پێماندەڵێت موسوڵمانان چین و کێن، بەڵکو ئەوە موسوڵمانانن کە پێماندەڵێن ئیسلام چییە و چۆنە. لێرەوە پرسیاری ئەوەی کە تا چەند ئیسلام بەرپرسە لە دواکەوتنی پرسی سیاسیی کورد؟ من بە نێگەتیڤ وەڵامی دەدەمەوە و پێموایە ئەوە خودی کوردە موسوڵمانەکانن کە ئاستێکی وشیاریی هێندە بەرزیان نەبووە بۆ ئەوەی ئیسلام وەک سەرچاوەیەک مۆبیلیزە بکەن و بیخەنە خزمەت پێشکەوتنی پرسە سیاسییەکانی خۆیانەوە.

فارسەکان عەرەب نین، ئیسلامیش لە تاران لەدایک نەبووە، بەڵام فارسەکان توانیویانە هەر لە سەردەمی عەباسییەکانەوە تا دەگاتە ئیمام خومەینی، ئیسلام وەک سەرچاوەیەک مۆبیلیزە بکەن بۆ شەرعیەتدان بە پرسەکانیان. ئیسلام لە پاکستاندا سەری هەڵنەداوە و پێغەمبەری ئیسلامیش پاکستانی نەبووە و قورئانیش بە زمانی ئۆردو نەهاتووەتە خوارەوە، بەڵام پاکستانییەکان توانیویانە ئیسلام وەربگێڕنە سەر میکانیزمی شەرعیەتبەخشین بە "وجودی" دەوڵەتەکەیان. کە سوپای سووری سۆڤێتی ئەفغانستان داگیر دەکات، ئەفغانییەکان دین و ئیسلام وەکو سەرچاوەی بەرەنگاری و ڕاپەڕین و شۆڕش دژ بە داگیرکەران بەکاردەهێنن. ئەم هاوکێشەیە بۆ تورکەکانیش ڕاستە: ئەوان لەڕێگای شەرعیەتی ئیسلامیەوە، نەک هەر توانییان دەوڵەت دروست بکەن، بەڵکو دەوڵەتەکەشیان (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) بەسەر نیوەی جیهاندا فەرزکرد.

بەدیوێکی دیکەدا، ئەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن ئیسلام وەربگێڕنە سەر کولتورێک لە جەنگ و دواکەوتوویی و گەندەڵی و شکست. لەنێو قورئان و فەرمووده و ترادیسیۆنی ئیسلامیدا، هێندە دەق و نموونە هەن کە بە ئاسانی ئەکتەرەکان بتوانن بۆ شەرعیەتدان بە دروستکردنی قەیران و تراژیدیاکانیان بەکاریان بهێنن. گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ سعودیە، قەتەر، کوێت، میسر، مەغریب و... وردکردنەوەی هەلومەرجی کێڵگەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەئاسانی ئەم تێزەمان بۆ دەسەلمێنن.

بەڵام لە ئاستێکی دیکەدا هەمان ئەم ئەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە دەتوانن ئیسلام وەربگێڕنە سەر کولتورێک لە پێکەوەژیان (وەکو ئەندەنوسیا) و گەشەی ئابووری (وەکو تورکیا) و بەهێزکردنی پرسی ناسیۆنالیزم (وەکو فەلەستین).

لێرەوە بەخشینی ناوەڕۆکێکی مەنگی مێژوویی نەگۆڕ بە ئیسلام هیچ مانایەکی نییە و لەگەڵ واقیعدا یەک ناگرێتەوە. تراژیدیای ئەکتەرە سیاسییە کوردەکان لەوەدایە کە نەک هەر نەیانتوانیوە ئیسلام وەک سەرمایەی سامبۆلیکی زیاتر لە نەوەد لە سەدی کۆمەڵگای کوردی بەکاربێنن بۆ خزمەتکردنی پرسی کورد، بەڵکو جاهیلانە هەوڵیان داوە ئیسلام وەک دوژمنێکی نەگۆڕی جەوهەرگەرا بینا بکەن و بەمشێوەیەش هەم جەماوەرە موسوڵمانە کوردەکەیان لەدەستداوە، هەم خۆشیان مەحروم کردووە لەبەکارهێنانی چەکێک کە زیاتر لە فرۆکە و زرێپۆش ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستی پێی بووە.



ناسر باباخانی
nasirbaba68@yahoo.com

# پەیمانی پیرۆز

لە کتێبی بەنرخی مێژووی کوردەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی (دکتۆر جەلیلی جەلیل)دا ئاماژە بە پەیمانێک کراوە بە ناوی پەیمانی پیرۆز! ڕووداوێکی گرینگ کە کەم وا هەبووە نەتەوەی کورد بەخۆیەوە ببینێ. پەیمانێک کە بە سەرپەرشتی و کارزانیی ئەمیر بەدرخان میری بۆتان لە نێوان میرانی ناوچەکانی بۆتان، وان، حەککاری، مووش، خێزان، سەعرەد، قارس و مووسڵ واژۆ دەکرێ. تەنانەت میرنشینی ئەردەلان لە ئێرانش پەیماننامەکە واژۆ دەکات تا بۆ هەموو لایەک دەرکەوێ کە بەدرخان مەبەستی سازدانی وڵاتێکی سەربەخۆیە و لابردنی سنووری دەسکردەکانی کوردستانە لە نێوان ئێران و عوسمانیدا. واتە لەناوبردنی ناکۆکیی نێوان میرنشینەکان و دواجار یەکڕیزیی ماڵی کورد. بۆیە لێکۆڵەرە بیانییەکانیش ئەم حکوومەتە بەم دەستەواژەیە تاریف دەکەن: semi-independent emirate کە گوزارە لە حکوومەتێکی نیوە سەربەخۆ دەکا و بە تەعبیری ئەمڕۆیی وەک بوونێکی دیفاکتۆیی سەلمێندرابوو.

سەرکردەیەکی کورد 200 ساڵ لەمەوبەر- لە بیرەوە بۆ کردەوە- هەنگاوی نا بۆ سەربەخۆیی کوردستان و لەبەرامبەر زلهێزەکانی ئەوان سەردەماندا واتە دوو ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێراندا ڕاوەستا، بە تایبەتی عوسمانییەکان کە بەهێزترین دەوڵەتی سەردەم بوون. لێرەدا مەبەست تاووتوێی ئەم پەیماننامەیە نییە و تەنیا دەمەوێ لە یەک ڕستەدا ئاماژە بەمەبەستی سەرەکیی پەیمانی پیرۆز بکەم کە دوو سەدە لەوەپێش ڕێبەرێکی کورد لە ڕێگای ڕێککەوتن و یەکگرتن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، لە قاڵبی پەیمانی پیرۆزدا حەولی سەربەخۆیی وڵاتی خۆی دا، بێگومان ئەوەش کە ناوی پیرۆز بۆ پەیمانەکە دیاری کراوە، دەگەڕێتەوە سەر گرینگیی ئەم ڕێککەوتنە، چون هەروەک هەموو لایەک دەزانن ئەوە دەقە ئاینییەکانن کە وەک تێکستێکی پیرۆز ناوزەد دەکرێن، کەچی میری بۆتان و هاوپەیمانەکانی ئەم پەیمانە تا ئاستی پیرۆز بوون هەڵدەکێشن چون خاک و نەتەوەیان بەلاوە پیرۆز بوو.

***

لە مێژووی کۆن و سەردەمی ئێستاشدا هەندێ جار گوێبیسی هەندێ وشە و دەستەواژەی پەیوەندیدار بە چەمکی سازان دەبین کە بۆ ئەوە دەبن هەڵوێستەیان لەسەر بکەین: پەیمان، عەهد، پەیماننامە، ڕێککەوتن، ڕێککەوتننامە، ئیتیفاق، تەوافوق و... کە زیاتر لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان (لێرەدا مەبەست هێزەکانی ناوخۆیە) واژۆ دەکرێ. لە یەکەم ڕوانیندا سەرجەم ئەم وشانە بەدەر لە ناوەڕۆکیان هەستێکی ئەرێنیمان پێدەبەخشن و لامان وایە ئاکامەکەیان دەبێتە هۆی چەشنێ ئارامی و سەقامگیری بۆ وڵات، بەڵام کە لە ناوەڕۆکی پەیمان و ڕێککەوتنەکان خورد دەبییەوە ئەم هەستکردنە بە ئارامی جێگای خۆی دەدا بە دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری، بۆ؟

هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی سیاسی کە لە بارودۆخێکی تایبەتدا پێکدێ، دەبێ بە وردی ئاگاداری دۆخی ناوخۆ بێ و بێ هیچ ئەملاوئەولایەک دەبێ بەردەنگی سەرەکی ڕێککەوتنەکە لایەنی دەرەکی، لایەنی بەرامبەر یان بە واتایەک ئەوی دیکە بێ. ناکرێ پەیمان ببەستی و بەردەنگەکەت لایەنی ژوورەکی بێ، دیارە مەبەست ئەوە نییە کە قەول و قەراری نێوخۆیی وەک بنەما و پرنسیپی نێوان واژۆکەرانی ڕێککەوتنەکە چاوپۆشی لێبکرێ و پشتگوێ بخرێ، نا... بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم پرنسیپانە دەپارێزرێن، ئاخرجار ڕووی دەقی ڕێککەوتنەکە دەبێ بەرامبەرت بێ. خاڵی مەترسیداری ئەم چەشنە ڕێککەوتنانە ئەوەیە کە لەبری ئەوەی بەردەنگی سەرەکی لایەنی دەرەکی بێ بەردەنگەکەی ڕێک لایەنی ژوورەکییە! کەچی لەلایەکی ترەوە ڕێککەوتنی لایەنی بەرامبەری کورد لە سەرجەم قۆناغەکانی پرۆسەی ڕێککەوتندا تەواو و بێ ئەملاوئەولا ڕووی دەمی لە کوردە.

ڕێککەوتنی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی چ لە ئاستی حیزبەکانی هەر پارچەیەک وەک بەرە یان هەر چوار پارچەی کوردستان لەم ساتەوەختەدا نەک هەر کارێکی ئەرێنییە، بەڵکوو پێویستییەکی مێژووییە. ئەگەر مەبەست بەرژەوەندی نەتەوەیی بێ و مەبەست یەکلابوونەوەی کۆنە حساباتی لایەنەکان نەبێ، ناکرێ و نابێ هیچ هێز و لایەنێک پەراوێز و پشتگوێ بخرێ، نابێ لەبری دڵگەرمی خەڵک ببێتە هۆی دڵەڕاوکێ، نابێ لەبری یەکڕیزی ببێتە هۆی لێکترازان، نابێ کاردانەوەی سەلبی بە دوای خۆیدا بێنێ و... ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لەسەر ئەرزی واقیع دەیبینین سیلەی چاوی ڕێککەوتنەکان لەبری بەرژەوەندیی نەتەوەیی، ڕووی لە بەرژەوەندیی حیزبییە. ئەگەر وەک نموونە باس بکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە دەکرا وەک دەرفەتێکی لەبار کەڵکی لێ وەربگیرێ، زیاتر بووە گۆڕەپانی باڵ باڵێنی دوو لایەنی سەرەکیی کوردی. یان دوور نەڕۆین ڕێککەوتنی ئەم دواییەی یەکێتی و گۆڕان تا ساتەوەختی نووسینی ئەم وتارە زیاتر دڵەڕاوکێی دوو ئیدارەیی و فەرامۆشی پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بەدووی خۆیدا هێناوە. جا لە هەمووی کارەساتبارتر دەستخۆشیی نەیارەکەتە لەم چەشنە ڕێککەوتنە! بۆیە هەر کات لایەنی بەرامبەرت یان باشتر بڵێم نەیارەکەت وەباڵی بۆ ڕێککەوتنەکەت کێشا، گومانت نەبێ کە پەیمانێکی ناپیرۆزە.

ئێمەی کورد پێویستمان بە واژۆکردنی پەیمانێکی پیرۆز هەیە، تەنانەت ئەگەر بە قەڵەم و کاغەزیش نەکرێ، لە ڕووی ئەخلاقی و نەتەوەییەوە ئەرکدارین چاومان بەسەر یەکەوە بێ! کەچی لە چاخی ئەمڕۆدا هەندێ تاقم و لایەن هەن کە خەونی سەربەخۆییش بە بڤە دەزانن.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# حکومەتی هەرێمی کەرکووک

ئەو تەرحەی دکتۆر نەجمەدین بۆ بەهەرێمکردنی کەرکووک کردوویەتی، هێندەی کاردانەوەی سۆزدارانەی بەدوای خۆیدا هێناوە، هێندە هەڵسەنگاندنی ژیرانەی بۆ نەکراوە. لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا سەبارەت بە کەرکووک، کورد بە سیاسی و ڕۆشنبیر و شارەزا و ناشارەزاوە، هێندەی بە دڵ بیری کردووەتەوە هێندە بە عەقڵ هەنگاوی نەهاویشتووە. ئێستا کاتی ئەوەیە نوقورچێک لەخۆمان بگرین و خەواڵوویی دەرماگیریی کوێرانە بەرمانبدات.

جارێ بەر لە هەموو شتێک کەرکووکی پەنجاکان و شەستەکان و نیوەی یەکەمی حەفتاکانیش گوزەشت. خۆ دەمێکە گوتوومانە "نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە". ئێستا کەرکووک شاری کورد و تورکمان و عەرەبە و کەسیش ئەم واقیعە نوێیەی پێ ناگۆڕدرێت. جا مرۆڤی عاقڵ مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکات نەک لەگەڵ ئەو فانتازیایەی حەزی دەکرد واقیع بێت. پارێزگاری کەرکووکیش مامەڵە لەگەڵ واقیعە نوێیەکەدا دەکات و ئەوەی دەیڵێت ئەوەیە کە دەکرێ بکرێت نەک ئەوەی دەبوایە بکرێت.

کەس ئەو ڕاستییەی بیرناچێتەوە کە شۆڕشی کوردستان لە حەفتاکاندا لەسەر کەرکووک تێکچوو. دکتۆر نەجمەدین کە خۆی ماوەیەکی ئەگەر کورتیش بێت لە ئەمریکا هاوڵی مەلا مستەفا بووە، باش دەزانێت ئەو پیاوە چەند هەستیار بووە لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووک. بەڕادەیەک کە مەرگی شۆڕش و خەباتی چەندین ساڵەی خۆی دیت، بەڵام ڕازی نەبوو کەرکووک بکاتە ناوچەی ناکۆکی لەسەر و گومان لەسەر کوردستانیبوونی دروست بکات. بەڵام ئەو ڕووداوانەی لە هەشتاکان و نەوەتەکاندا لە کەرکووک ڕوویاندا و هێشتاش لەلایەن بەغداوە بە سیاسەتێکی پشوودرێژانە بۆ تەعریبکردنی کەرکووک پراکتیزە دەکرێن، پیشانی دەدات تا ڕۆژێک زووتر کەرکووک لە بەغدا دابڕێندرێت ڕۆژێک زووتر ڕێگە لە لەدەستچوونی یەکجاریی کەرکووک دەگیرێت.

ئەوانەی دژی بیرۆکەی بەهەرێمکردنی کەرکووکن دەڵێن ئەم هەنگاوە کەرکووک لە هەولێر دووردەخاتەوە، بەڵام بۆچی دیوی دیکەی واقیعەکە نابینین؟ بۆچی وا بیرناکەینەوە ئەگەر کەرکووک ببێتە هەرێم، چیدیکە هەموو وردەکارییەکانی لە بەغداوە نەخشەیان بۆ داناڕێژرێت و کەرکووکییەکان بۆخۆیان دەبنە خاوەنی بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان؟ دوورخستنەوەی کەرکووک لە بەغدا دروست ئەو شتەیە کە هەموو کورد دەبێ هەوڵی بۆ بدەن، بەڵام بۆ نزیکخستنەوەشی لە هەولێر دەبێ بیرکردنەوەیان لەگەڵ واقیعە تازەکەی کەرکووکدا بگونجێنین. واتە دەبێ تورکمان و عەرەبی کەرکووکیش هەست بکەن قازانجیان لەوەدایە سەر بە هەولێر بن نەک سەر بە بەغدا.

لە بەرنامەی بەهێمنی و پێشتریش لە تۆپ ستۆریدا لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ڕووداو بایەخی تایبەتم بە کەرکووک و کەرکووکییەکان داوە. قسەی بەشداربووێکی عەرەبی یەکێک لە بەرنامەکانم قەت بیرناچێت کە گوتی: "هەرکاتێک عەگال بەسەرێکم لە پەرلەمانی کوردستاندا دیت، پشتیوانی لە یەکگرتنی کەرکووک و هەولێر دەکەم". با لەخۆمان بپرسین: لەو ساڵانەدا چیمان کردووە بۆئەوەی تورکمان و عەرەب هەستبکەن لە کوردستان هاووڵاتیی پلە دوو نین و وەک کورد چانسی ئەوەیان هەیە ببنە هەموو شتێک؟ شتەکە ڕوونە و پێویستی بە شیکردنەوە نییە: کاتێک هەست نەکەم وەک تۆ خاوەنماڵم، بە چ ڕوویەکەوە داوام لێدەکەی هاوماڵیت لەگەڵ بکەم؟

ئارگومێنتێکی دیکەی ئەوانەی لەگەڵ دابڕاندنی کەرکووک لە بەغدا و کردنی بە هەرێمێکی جیاواز نین، ئەوەیە کە خەریکە دەوڵەتی کوردستان دروستدەبێت، کەچی باسی دروستکردنی هەرێمی نوێ دەکرێت. ئەگەر قسەی دڵی منتان دەوێت، من بڕوام وایە باشووری کوردستان لە سێ هەرێم پێکدێت کە ناکرێ یەک یەکەی کارگێڕی بەڕێوەیان ببات. ئەوانیش هەرێمی زەرد و هەرێمی سەوزـنیلی و هەرێمی کەرکووکن. بۆیەش لە خەیاڵی خۆمدا ئارەزووی ئەوە دەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی کوردستانی فیدراڵ لەنێوان ئەو سێ هەرێمەدا پێکبێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## ناتالی دەیەوێت لە هەولێر بژی

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







